87
شوبات
2012

# نەوشەفەق

## کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

له مێژووی عیرفاندا، عاریفەکان هەردەم ئەو کەسانە بوونە، کە ویستوویانە جیاواز لە کەسانی تر بلێن و جیاواز لە کەسانی تر ببینن و ببیستن، تەنانەت جیاواز لەوەی کە گۆشەگیر بن تا خەمخواردن و چۆنیەتیی ژیانیان لە کەسانی تر جیاواز بووە.

هیمداد شاهین

---

داهێنەر و هونەرمەندانی کورد لە هەر قۆناغێکدا لە سۆراخکردن و گەڕان بە دوای فۆرم و جۆرە ستایلێکی تایبەت بەخۆیان بوون، ئەو هەموو گۆڕانکارییانەش لە ڕەوتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بەقەڵەمبازی گرینگ دادەنرێت، لە بزاوتی هونەری و ڕووناکبیریمان.

کامەران تاهیر

---

تەنیا یەک کەس لاساییکەرەوە نییە، لە هەموو کەون و دنیای ئەدەب و هونەر لاسایی نەکردووەتەوە ئەویش ئادەمە. ئادەم لاسایی نەکردووەتەوە یەکەم مرۆیە ئەوەی گوتووە کە گوتوویەتی، ئەوەی کردووە کە کردوویەتی.

د. فەرهاد پیربال

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**سەباح ئیسماعیل**
ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:
**چنوور نامیق**
chnur.namq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

هەڵەگری:
**تریسکە ئەحمەد، ئاریان ئەحمەد**

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

# پێڕست


بۆچی وەرگێڕان؟. سەروتار. سەرنووسیار ..... 3

"نالی"ی شاعیر و "مەحوی"ی عارف. لێکۆڵینەوە. هیمداد شاهین ..... 5

لە ریالیسمی سۆسیالیستییەوە بۆ فۆرمالیسمێکی نیان. دەق و خوێندنەوە. ڕەهبەر مەحموود زادە ..... 23

نەورەس و چێخەڤ. باس. دانا ڕەئووف ..... 36

سێکس لە ڕۆماندا. باس. ئاری عوسمان خەیات ..... 41

کەرکووک لە هزر و ئەندێشەی"جەبار جەباری"دا. وتار. ئەسعەد جەباری ..... 45

ستایلە جیاوازەکان و سروشتی چێژوەرگرتن. وتار. کامەران تاهیر ..... 52

چاوی من و دوو کۆپلە شیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر. خوێندنەوە. محەمەد بەکر ..... 61

چاوە کلاوڕۆژنەکانی پۆل ئاستەر کاریگەری کاغەز لە... ناساندن. لە فارسییەوە: سیما چۆمانی ..... 64

د. فەرهاد پیربال لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە. دیمانە. سازدانی: حەمە مەنتک ..... 69

ڕۆماننووسی جەزائیری. دیمانە. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 79

مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر. شیعر. حەمە کاکەڕەش ..... 83

تریفەی هێشووەکانی هزر. شیعر. مەهدی زریان ..... 86

بە سادەیی... شیعر. عومەر جەلال ..... 89

بۆ شۆخێکی سرک. شیعر. خالید باشبلاخی ..... 92

سترانێک بۆ ڕەشەبای ڕۆژئاوا. شیعری وەرگێڕاو. لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف ..... 93

گەڕانەوە بۆ کەرکووک بنیاتنانی زەردەخەنە، چیمەنی پێکەنین. چیرۆک. سوارە نەجمەدین ..... 97

پەیتاپەیتا ئەستێرەکان. چیرۆک. زەینەب یوسفی ..... 101

لە سێبەری بێدەنگیدا. چیرۆک. هاوڕێ ئەحمەد ..... 105

کامۆکانی تر. چیرۆک. دابان بەرزنجی ..... 107

شەمامێ بووکێ. چیرۆک. ئیسماعیل سلیمان هاجانێ ..... 112

نیو پەڕە کاغەز. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە سوێدییەوە: کەریم تاقانە ..... 116

سەرلەبەیانی شەموو.. ئێوارەی یەکشەم. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری ..... 119

کۆمەڵگە. شانۆنامە. لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان ..... 129

نزیکایەتیی قامچی لە ڕۆمانێکی واقیعی. خوێندنەوە. یوسف لەتیف ..... 137

دیمانەیەک لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم. کۆنە دەفتەر. سەربەست بامەڕنی ..... 141

سەروتار

سەرنووسیار

# بۆچی وەرگێڕان؟

چەندێک لەسەر وەرگێڕان قسان بکرێت و بخوێنینەوە، ئەوجا پێ دەزانین تا چ ڕادەیەک ئەم هونەرە مەزنە پشتگوێ خراوە و هێند بەگرینگ نەزانراوە. مخابن، تاکو ئێستا ئەو کتێبانەی لەسەر هونەری وەرگێڕان بەکوردی هەن، لە پەنجەکانی دەستێک تێپەڕ ناکەن، ئیدی گەر وابێت بەچ پێوەرێک ئەو هونەرە مەزنە لای ئێمە زانستییانە و لۆجیکییانە گەشە بکات و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت؟!

ئەوەتا وای لێ هاتووە هەر بابایەک و زمانێک بزانێت، یا دەستی قەڵەم دەگرێت، یاخۆ بەقەولی نووسەرێک، کانیی داهێنانی چک دەهێنێت، دەست بۆ وەرگێڕان دەبات. شاعیر، چیرۆکنووس، ڕەخنەگر.... بەپاڵ کاری نووسینی خۆیانەوە، جارجار وەک دەستبەتاڵییەک کاتی خۆیان بەسەرقاڵی بەوەرگێڕانەوە دەبەنە سەر! بێ ئەوەی بزانن بەڕاستی دەستیان بۆ ئاگر بردووە، یا ڕاستتر گەمەیان بەئاگر کردووە. ئیتر بەلایانەوە گرینگ نییە وەرگێڕانەکەیان لە دووەمین یا سێیەمین زمانەوە بێت، یا چۆن دەبێت، ئەوی بەلایانەوە گرینگ بێت وەرگێڕانە.

ئەوانە کاتێک ئەم کارە دەکەن بەوە نازانن هەڵبژاردنی ژانرێک ئاتاجی زانیارییەکی زۆرە لەسەر ئەو بابەتەی دەیەوێت وەری بگێڕێت، هاوکات گەمەکردن لەناو زماندا و یاریکردن بە وشە، ئەمە جگە لەوەی وەرگێڕ بۆ پتر پەیداکردنی زەخیرەکانی زمان و زانیاری، دەبێت بەردەوام بخوێنێتەوە و لاپەڕی فەرهەنگەکان ئەمدیو و ئەودیو بکات و بەدووی وشەدا عەوداڵ بێت، ئەگینا کانیاوی وشە و

زاراوەی چک دەهێنێت و بەیەکجاری هیشک دەکات.

وەرگێڕان، گەڕانە بەدوای بەرهەمی ناوازەی میللەتانی تر و گەیاندنیەتی بەئێمە، کرانەوەی پەنجەرەیەکە بە ڕووی کولتوور و ئەدەبی میللەتانی تردا و تەکاندانە بەئەدەب و کولتووری کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە. هەڵبەت خاڵی یەکەمی سەرکەوتن بەدەستهێنانی وەرگێڕان هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی ئەوەی چی وەربگێڕین؟

وەرگێڕ شارەزاییی لەو بوارەدا نەبێت، کە لەسەری وەردەگێڕێت بابەتێکی سەرکەوتووش هەڵنابژێرێت. ئەگەر وانەبێت ئەوا تەنیا وەرگێڕانی کردووە لە پێناو وەرگێڕاندا. هەوێنی شیعری کوردیی ئەمڕۆ شیعرەکانی جزیری و خانی و مەولەوی و نالی و شێخ ڕەزا و گۆران و ئەوانی ترن. لە هەمان کاتدا بەبۆنەی وەرگێڕانەوە هەوێنێکیان لە خەیام و حافز و فیردەوسی و پوشکین و نازم حیکمەت و ئەدۆنیس و ئەلیۆت و مایکۆفسکی و واڵت وێتمان و دەیان شاعیری تریان تێدایە. ئەوە وەرگێڕانە ناهێڵێت لە سنووری ئەدەبەکەی خۆماندا قەتیس بمێنین و مراوەحە بکەین.

پێشکەوتووترین و ڕۆشنبیرترین میللەتانی دنیا ئەوانەن، کە لە قۆزاخەی ئەدەبەکەی خۆیاندا خۆیان گرمۆڵە نەکردووە، بگرە پتر بایەخ بەوەرگێڕان دەدەن و کاری لەسەر دەکەن، دیارە ئەو میللەتانە بەزیندوویی دەمێننەوە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سوود لە ئەدەب و زانست و ئەزموونی میللەتانی تر دەبینن و بەردەوام بەدوای کەرەستەکانی گەشەکردن و پەرەپێدانی کولتووری خۆیاندا دەگەڕێن. چونکە گۆڕان مەرجە بۆ مانەوە و پێشکەوتن. میللەتی کوردیش چونکە میللەتێکی تازە لەسەر پێ وەستاوە، تا بڵێی ئاتاجی بە کوردیکردنی کولتووری میللەتانی ترە، بەڵام نەک بەو شێوە هەڕەمەکییەی ئێستا بەڕێوە دەچێت.

مەرجە پرۆسەی وەرگێڕان بەبەرنامە بکرێت و بکرێتە کاری دەزگەیی، واتا لەژێر سەرپەرشتیی دامەزراوەیەکی گەورەی تایبەت بەوەرگێڕاندا بێت و ڕێگە نەدات هیچ وەرگێڕانێک بەژێر سانسۆری هونەریی لێژنەکانیدا تێ نەپەڕێت. مەرجیشە ئەو دەزگەیە تەنیا کەسانی زمانزان و شارەزا و پسپۆڕ لەخۆ بگرێت. تاکو گەر کتێبە وەرگێڕاوەکەیان پەسند کرد، ئەوا مافی وەرگێڕیش بپارێزن، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک و بتوانێت لەسەر وەرگێڕاوەکانی بژێت.

با ئەمە پێشەکییەک بێت بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی، یاخۆ لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر... بەهیوام وەرگێڕەکان قسەی زیاتری لەسەر بکەن و بکۆشن پێڕەو و پرۆگرامێکی زانستیی بۆ داڕێژن.

هیمداد شاهین

## لە نێوان نالی و مەحویی گەورەدا:
# "نالی"ی شاعیر و "مەحوی"ی عارف

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان زیاتر لەبەر ئەوە ئەنجام دا، تا بتوانین سەرەتا کەمێک لە شیعر و شیعریەت تێ بگەین و دواتر بتوانین لە دنیای شیعر کەمێک بدوێین و جیاوازییەکانی ئەم دنیایە لەگەڵ دنیاکانی تر ڕوون بکەینەوە و دنیای عیرفان و عیرفانناسی بە نموونە، ئەگەر بتوانین لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەمێک لە خزمەت تێکستەکانی مەحویی گەورە و حەزرەتی نالیدا ڕابمێنین، لە ڕاستیدا ئەم تێکستانەی مەحوی و نالی پێویستە زۆر بە حەزەرەوە ئیشی لەسەر بکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی شیعر و عیرفان تا ڕادەیەک لە دنیای سونەتیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و توندوتۆڵ و دانەبڕاوی هەمیشەگییان پێکەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بێین سەرەتا کار لەسەر هەردوو دنیاکە بکەین کە دنیای ئەدەب و عیرفانە، ئەوا من پێم وایە ئیشێکی باشمان کردووە، پێم وانییە کارێکی ناقۆڵامان ئەنجام دابێ، ئەویش لەبەرئەوەی لە ئێستادا لەناو بەشێک لە خەڵکی خوێنەری تێکستە کلاسیکی و عیرفاندا قسە و باسێکی لەو جۆرە دەکرێت کە پێم وابێت ئەو قسە و باسانە زیاتر بۆ تێکەڵاوکردنی مەسەلە مەعریفییەکانە لەمەڕ عیرفان و ئەدەبدا، هەر بۆیە سەرەتا وا پێویستە کە لەو دوو دنیا جیاوەزە تێ بگەین کە مەحویی گەورە و حەزرەتی نالی هەیانە، دنیای مەحوی زۆر جیاوازە لە دنیای نالی، هەم لە ڕووی سەردەم، هەم لە ڕووی (مەعنەوییەت) و هەم لە ڕووی داڕشتنی فۆرمی شیعریدا، بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێگەی سەرنجە لە لای بەندە، دوو خاڵ یان باشتر بڵێم جیاوازییەکی سەرەکییە لە نێوان ئەم دوو کەسە ئەویش یەکەم (مەعنەوییەت) و دووەم لایەنی (فەلسەفی)، ڕاستییەکەی من کە ئەم بابەتەم هەڵبژارد، زیاتر لەبەر مەولانا مەحوی بوو، چونکە خۆشەویستی من بۆ مەولانا مەحوی خۆشەویستییەکە، بێ سنوور، بێ مەودا، لە خۆم

تێر بووم و لە دنیا تێر بووم، کەچی لەو هەر تێر نەبووم، مەحوی ئەو دنیایەیە کە هەموو ژیانی منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، کەسێک پڕاوپڕ لە (مەعنەوییەت)، من ئەو پیاوە هەم خواردنی ڕوحمە و هەم خواردنی عەقڵمە و هەم خۆراکی دڵیشمە، هەر لە سەرەتای چوونە ناو دنیای خوێندنەوە من ئاشنای ئەم ئەفسانەیە بووم، بەڕاستی برێتییە لە ئەفسانە و هیچی تر، هەڵبەت ئەفسانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە تێکستەکانی قاڵ بوونەتەوە، ئەوەیشی کە بڕوای وایە کە مەحوی شاعیرە ! ئەوا زۆر بە هەڵەدا چووە، ڕاستییەکەی بە هەڵەیەکی گەورەشدا چووە، لەبەرئەوەی پێویستە ئێمە سەرەتا ئەوە بزانین کە شاعیربوونی مەحوی پێش فەیلەسوفبوونی یان عاریف بوونییەتی؟ وە یان بە پیچەوانەوە ؟

هەر تێگەیشتن لەمە بۆ خۆی تێگەیشتنە لە بەشێکی فراوانی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییەمان، هەڵبەت بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ نالی شاعیربوونی پێش بابەتەکانی تر بووە یان بە پێچەوانەوە، ئەمەش هەڵەیە کە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کە نالی دنیای شیعر بووە بە وەسیلەی گەیاندنی بیر و بۆچونەکانی یان هەر خۆی ویستوویەتی شیعر ئەو بابەتە بێت کە تەنیا بۆ ئەو بژیت، لێرە ئەو مەبەستە گرینگە، بێگومان هەر کەس ئەهلی دڵ بێت، ئەوا نێزیکییەک هەست پێ دەکات لە نێوان تێکستەکانی مەحوی حەزرەت و نالی، بەڵام لە پلەی مەعنەوییەت و ڕوحانیەت، ئەو ئیدی وا باشترە کە زیاتر قووڵ بینەوە بۆ ناو ئەم باسە عیرفانی ئەدەبییە، ئەهلی عیرفان و کەماڵ هەموو کەسەکان نین، ئەوانەی کە ئەهلی عیرفانن، مەرج نییە کە تەنیا و تەنیا دەبێت شاعیر بن، ئەوانەی کە شیعر دەنووسن و شاعیرن، مەرج نییە عاریف بن، چونکە عاریفبوون پیشەی شاعیرەکان نییە، بەڵام دەشێت عاریف بتوانێت شاعیریش بێت، هەڵبەت مەسەلەی دوای مەعنەوییەت ئەوەی کە گرینگە قسەی لێ بکەین مەسەلەی (ڕۆشنفکری دینییە)، واتا ئەو مەودایەی کە هەیە لە نێوان مەحوی و نالی، لە ڕووی مەعریفەناسی دینی ڕۆشنفکری دینییەوە، چونکە بە ڕاستی وەکو سروش لە کتێبی "ڕازدانی" دا دەڵێت، هەموو ڕۆشنبیرە ئاینییەکان دەبێت بەم جۆرە بن: بیر بکەنەوە و دلێر و جوامێر و نەترس بن و خاوەنی قودرەتی خۆیان بن(١)، لەمەوە دەبێت بڵێین کە ئەگەر کەسێک بێت و ئەو خاڵانەی تیا نەبوو، خۆ ئیدی ناتوانین پێی بڵێین ڕۆشنفکریش، چ جای ئەوەی بە عاریف بی ناسێنین بە خەڵک، چونکە بەڕاستی ئەو کارە خۆی برێتییە لە یەک دنیا بەرپرسیاریەتی، جا لەبەرئەوە گرینگە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو مانایانەی کە لکاون بە پرەنسیپی عاریفەوە، فۆرمەلەکردنی ئەو مانایانە، و تێگەیشتن لە عاریفە ئیندیڤیجواڵیتیەکان و پەنهانییەکان و ڕاگوزەر بەسەر کۆمەڵێک کۆنسێپی جودا جودادا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کە باسی هەموو چەمک و شیکردنەوەی ئەو چەمکانە بکەین و میتۆدی عەقڵی و مەعنەوی خۆشمان لە بەرامبەریدا بخەینە پێش چاو .

بێگومان کەسایەتیی عاریف ئەو کەسایەتییەیە کە زۆر جیاواز لە شاعیرێک بیر دەکاتەوە، هەڵبەت من دەمەوێت لەم بابەتەدا نالی بە شاعیرێکی نیمچە عاریف و مەحویش بە فەیلەسووف و

عاریف و شاعیر بناسێنم، هەڵبەت سەرەتا گرینگە ئەوە بزانین کە عاریف کێیە؟

لە میژووی عیرفاندا، عاریفەکان هەردەم ئەو کەسانە بوونە، کە ویستویانە جیاواز لە کەسانی تر بڵێن و جیاواز لە کەسانی تر ببینن و ببیستن، تەنانەت جیاواز لەوەی کە گۆشەگیر بن تا خەمخواردن و چۆنیەتیی ژیانیان لە کەسانی تر جیاواز بووە، بە تەعبیری سروش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زیندەگی عاریفان و لێ تێگەیشتن لە ژیانی عاریفێک و ناسینەوەی ئەوا دەبێت عاریف لە مەجالی ئەم چەمکانەدا قسەی خۆی هەبێت، ئەگەر لە هەموویشی قسەی نەبێت، بەلایەنی کەمەوە پێویستە لەسێ یەکی ئەم چەمکانە قسەی هەبێت:

١- لە بابەتە مرۆڤایەتییەکان، هەبوونی نەتەوە

٢- لە بابەتی سیستەمی دەسەڵات، لەسەر ئەوە کە حەق لە لای سیستەمە و نەک سیستەم لە لای حەق

٣- حەق لێرەیە کاتێک کە هێز و قودرەت لێرەیە.

٤- لە بابەتی بارودۆخی کۆمەڵگە/ لە مەوریدی درۆ زۆری و دزی و ڕاوڕووت.

٥- لە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٦- لە زمان.

٧- لە دین/ڕەخنە گرتن لە دینی تەقلیدگەراو چوون بەرەوە دینی تەحقیقی.

٨- لە کەسایەتی(٢).

٩- عیرفان و مەعنەوییەت.

١٠- ڕووکردن لە خوا و پشتکردن لە دنیا.

ئەمە ئەو خاڵانەیە کە هەر عاریفێک دەخوێنیتەوە ئیدی لە تێکستەکانیدا زیاتر جەغت لەسەر چوار مەسەلە دەکاتەوە، ئەویش یەکەم: دین / سەرزەنشتکردنی دینی کۆمەڵگە.

دووەم: کەسایەتی پاراستن / گرینگیدان بە کەسایەتی لە ڕێگەی دینەوە.

سێیەم: مەعنەوییەت و عیرفان /واتا تەفسیر و تەئویلکردنەوە شتە مادییەکان بە مەعنەوی و جەهالەت بە مەعریفە.

چوارەم: دنیا نەویستی خواویستی.

**یەکەم دین:** تێڕوانینی عاریفان زۆر جیاوازە بۆ دین، واتا عاریفەکان ئیدی وەکو ئێمە لە دین تێ نەگەیشتوون، ئەوان هەندێ جار بە کۆنکرێتی پێچەوانەی ئێمە دیندارن، وە ڕەنگە ئەو دینداریيەی ئەوان بە لایەنی ئێمەوە بەشێک بێت لە کوفر، وە ئێمەیش بە نسبەتی ئەوانە گێلین و نازانین چی دەپەرستین، ڕاستییەکە دەڵێین خواپەرستین، بەڵام ئەو خواپەرستییە پێوەندی بەدڵەکانەوە نییە، بگرە تەنیا خواپەرستییەکی تەقلیدی ساردوسڕی بێ مەعنەوییەتە، بۆیە هەردەم عاریفان ئازار دراون تا ئاستی کوشتنیش ڕاپێچ کراون، (عارفان را شمع و شاهد نیست از بیرون خویش)، وە



نالی



مەحوی

بۆیە ئەم مەلاملانێیە هەیە، لە نێوان کەسانی عاریف و بەشێکی زۆری کۆمەڵگە کە غەرقی جەهالەت و نەفامی بوونە، نموونەی حەللاج کە لەدار درا و هەروەها زەیلنوون و کۆمەڵێکی تریش، بەڵام ئەوەی کە کارەساتە هیچ لەم عاریفانە نەیانتوانی بەر بە کۆمەڵگە بگرن و هەوڵ بدەن کۆمەڵگە لەگەڵ پلورالیزمی دینی ئاشت بکەنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە کۆمەڵگا هیچ کات تەسلیم نەبووە بە حەققانیەت و هەموو کات لەسەر ئەو هێڵە گشتییە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووە، کە نایشزانێت ئەو هێڵە بۆ کوێی دەبات.

**دووەم کەسایەتی:** بڕوا دەکەم عاریفان و قسەکردن لەسەر کەسایەتییان کەمێک ئاڵۆزە، ئەویش بەو پێیەی کەسایەتی عارف کەسایەتییەکی تەمومژاوییە، تەنانەت کەسایەتی ئەوان لە کەسایەتی فەیلەسووفەکانیش ئاڵۆزترە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوان کەسانێکن تەنیا لە دوورەوە سەیری خەڵکی دەکەن و ئەوەندە تێکەڵاوی ناو کۆمەڵگە نابن، ئەمەش وەکو لە سەرەوەدا وتم، لەبەر ئەو گرژییەیە کە بەهۆی بیر و بۆچوونەوە هەیە، بۆیە ئەوان ئەوەندە تێکەڵاو نابن لەگەڵ خەڵکدا، مەحوی لە شوێنێکدا دەڵێت:

**قەیکردنی سوراحی ئەگەر تێ بگەی دەڵێ**
**دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی(٣)**

مەحوی حەزرەت لەم بەیتەدا، مرقەمرقی لە کاتی داکردندا لە سوراحی، شوبهاندووە بە قڵپ و قۆپی ڕشانەوە و دەڵی سوراحی کاتێ کە شەرابی لێ دادەکرێ، دەکەوێتە مرقە مرق، ئەوە، ئەگەر لێی حاڵی ببی، دەڵێ تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک مایەی دڵ تێکەڵهاتنە، ئەگینا ئەگەر من نەکەوتمایەتە دەستی کەس و شەرابیان لێ دانەکردمایە، ئەم مرقە مرقەم لە چی بوو؟(٤)

بە هەمان شێوە نالی بێزاریی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەم خەڵکە و ئەم شیعرەی نووسیوە کاتێ خەڵکی بەجێ هێشتووە و سەری خۆی هەڵگرتووە، بەڵام ئەم لە بەیتی سێیەمدا وەکو عاریفی تەواو هەڵسوکەوت ناکات، چونکە کە دەڵێت سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان، لەگەڵ تێکەڵ هاتن لەگەڵ خەڵک زۆریان جیاوازی هەیە ، نالی حەزرەت پێمان دەڵێت:

**ڕەفـیـقـان! من ئەوا ڕۆییم لە لاتان**
**لە مـەزڵومـان بلا چۆڵ بێ ولاتان**

**بلا سا شار بە شار و دێ بە دێ بین**
**لە دەست یاران بکەین تەیی ولاتان**

**مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەننەم**
**سـەرم قـەڵغـانە بۆ تیـری قـەزاتان(٥)**

واتە: هاوڕێیان ! برادەرینە! وا من ڕۆیشتم و بەجێم هێشتن، ساخوا بکات پاش من، ولاتەکەتان ستەم لێکراوێکی تری تیا نەمێنێ، یاخۆ هیچ ولاتێک ستەم لێکراوێکی تری تیا نەمێنێت، تا کەس وەکو منی لێ بەسەر نەیەت[٦]، لەوەوە نالی دێت و گوتاری خۆی دەخوێنێتەوە سەبارەت بەوەی خەڵکی زوڵمیان لێ کردووە، بەڵام نالی هەر هیوای هەیە، هیوا بەوەی کە ئەم بڕوا، دوای ئەم ئیدی زوڵم لەم شوێنەدا نەمێنێت، نەک هەر لێرە بگرە لە هیچ شوێنێک زوڵم و ستەم نەمێنێت، تا خەڵکی تریش وەکو ئەمی لێ نەیەت، دواتر بەردەوام دەبێت و بەخۆی دەڵێت، تا چش و قەیناکات، ئەگەر لە دەست دۆست و برادەر و هاوڕێ بە هۆی ئەوانەوە دەربەدەر بین و ئاوارە بین و ڕێگەی دووریی ولاتان و شاران بگرینە بەر و سەری خۆمان هەڵگرین، واتا نالی سەرباری ئەو هەموو سوکایەتی پێکردنەی و دەرکردنەی هەر قایلە و دەڵێ بابە قەیناکات با دەربەدەر بین، ئینجا دێت و لە بەیتی سێیەمدا دەڵێت مەڵێن نالی کەڵکی هیچی پێوە نەبوو، ڕۆیی .. دەبا بڕوا جەهەننەم، من، هەرچەند ئێوەش لەگەڵمدا خراپ بوون و بوون بە مایەی ڕۆیشتنم، بەڵام من هەر دڵسۆزەکەی جارانتانم و سەری خۆم ئەکەم بە قەڵغان بۆ ئەوەی تیری قەزاوقەدەر نەتانپێکێت[٧].

بۆیە ئەوان بەردەوام ئازاریان خواردووە، بەڵام هەموو کات هەر هیوایان هەبووە، کە ئەویش هیوای ژیانێکی باشترە، عاریفان چونکە شوێنکەوتەی پەیامبەرانن، ئیدی زۆر خەسڵەتیان تێدایە لە هی پەیامبەرەکان دەچێت[٨]، یەکێک لەو خەسڵەتانەش هەڵبەت برێتییە لە خۆڕاگری و پشوودرێژی، خۆڕاگری و پشوودرێژی لە بەرامبەر ستەم و زوڵمدا، بەڵێ ئەوانیش هەر بەم جۆرەیان کرد و خۆڕاگر بوون، وە ئەوەی وای لەوانیش کرد کە هەموو کات خۆڕاگری هەڵبژێرن بەرامبەر بە ستەم، ئەو هەستە مەعنەوی و باوەڕەیان بوو کە هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆیان لە بەرامبەر ئەو ستەمەی کە لێیان دەکرا، هەڵبەت نالی هەر بە دەرکردن دەرا، ئەویش بە پێی ئەو شیعرەی کە نووسیویەتی ئێمە سێ بەیتیمان هێناوەتەوە، وە مەحوی ئەوەی کە پێی کراوە جیاواز بووە لەوەی کە بەنالی کرا، چونکە مەحوی حەزرەت هەردەم خەمخۆری ناحەزی و خراپەکارییەکانی خەڵک بووە، ڕاستییەکەی خۆری ئەوان دەمێک بووبوو لەلای مەحویی گەورە، هەر بۆیەش ئەوەندە سەرزەنشتی خەڵک دەکات کە ئیدی بەسە دەبڵ میزاجی و دەبڵ مۆراڵی لەبەرامبەر خۆیان و خوا.

سێیەم: مەعنەوییەت و عیرفانخوازی، عیشق و حەقیقەت، هەردەم مایەی سەرنجی عاریفەکان بووە، ڕابیعەی عەدەوی لە یەکەمین عاریفەکانی مێژووی تەسەوف بووە، کە لە ساڵی ١٣٥ی هیجری کۆچی دوایی کردووە، هەردەم دەیگوت: خوای گەورە لە دۆزەخدا بمسووتێنە، ئەگەر بە هیوای بەهەشت تۆ بپەرستم، وە بەهەشتم لێ حەرام بکە ئەگەر من لە پێناوی تۆدا تۆ نەپەرستم، بە تێڕوانینی فەریدەدین عەتتار نەیشاپووریش بێت:

با تۆ اینجـا گـر ویصـالی مـپی نـهم
ان بـه ملـک هـرد و عــــالـم کی وهـم!

مــی بـود ایــن گـلـخـنـم روشـن ز تــو
چیست به از نو ،که من می خواهم زتو

مـــــرگ جــــان باد این دل پرپچ را
گـــر گـــزینـه برتو هرگـــز هیـچ را

من نـه شــاهی خــواهم نـه خــســروی
ان چه مـی خــواهـم می از تـو هم تـویی(۹)

واتە: (گـەر لێـرە لەگەڵ تۆدا بنـاخـەی ژوانێک چێ بکەم، کـەی ئەوە بە مـوڵکی هـەردوو جیـهـان دەفـرۆشم، ئەم گـوڵخـەنەی من زۆر ڕووناکـە بەهۆی تۆوە، چییـە لە تۆ بـاشـتـر تا تامـی لە تۆ داوا بکەم، بمرێت ئەم دڵە پڕ جـەنجـاڵەی من ئەگـەر بێت لە تۆ زیـاتر شـتـێکی تر هەڵبـژێرێت، من نە پاشاییم دەوێت و نە خەسرەوی، ئەوەی من لە تۆم داوایە، بە تەنیا هەر تۆی و بەس).

دنیـا لە دەسـتی عـاریفانـە و لە دڵیـاندا نییـە، ئاخر خۆ هـەر دەبێت ئاواییش بێت، ئـەوەی کـە لە دڵدایە مـەعنەوییـەت و حـەقـقـانیـەت و ڕوحـانییـەت و ڕاستگۆییـیە، ئەوەیشی کـە لە دەسـتدایە و بۆ فرێدانە، دنیـایە، هەڵبـەت سـەعدی شیـرازی دەڵێت: دنیا وەکو زار وایە، هەر کـات هەڵت گرت بۆ ئەوەیە کە فرێی بدەیت، پیسییە پیسی، یەکێک لە میتۆدە هـەرە گرینگەکانی پرۆسـێسی عـاریف بوون، ئیـخـلاسـە، ئیـخـلاس ئاکـامـی زەروری دڵ و ڕوونکردنەوەی ئاراسـتـەی خـوایە، و تـا ئەم ئاراستەیە نەبێت ئیخلاس مەحاڵە، کاکڵە نوێژیشی لە هەمان ئامادەیی دڵ و ئاراستەدایە(۱۰)، پێم وایە گرینگە پێداچوونەوەیەک بە کەلام و فەلسەفەدا بکەین، چونکە عاریفان کۆنێکتیان زیاتر لەگەڵ هـەردوو پێگەکەدا هـەیە، واتا هـەم پێگەی شیـر و هـەمیش شـەکـەر وەکو سروش دەڵێت، ئەوەی کـە زیاتر و زۆرتر کۆنێکتی لەگەڵ فـەلسـەفـەدا هەیە ئەوە ئیتر فەیلەسووفەکانن، و دوا جار جیاوازیی نێوان زانستی کەلام لەگەڵ فەلسەفەی دیندا بریتییە لەوە کە کەلامییەکان لە پێشدا ڕاست بوون و حەققانیەتی بابەتە ئاینییەکانیان سەلماندووە و ئینجا دواتر دەلیلی عەقڵی بۆ ئەو شتە بە ڕاست زانراو و چەسپێنراوەی خۆیان دەهێننەوە، وە ئەمە بە درێژاییی مێژوو کاری کەلامییەکان بووە، ئێستایش کاریان هەر ئەمەیە، بۆ نموونە لە ڕۆژئاوادا چەندان کەلامی وەکو (شلاییر ماخەر و بارت و... هتد) و ئێسـستـایش چەندانی تر لە زانستی کەلامی مەسیحیدا کاریان کردووە و بەردەوامیش مـژۆڵی کـارکـردنـن بۆ بەرگـریکردن لە کـایە ئاینیـیـەکـان، کـە بەڵگەکـانیـان بە قـازانجی ئاین و سـەلماندنی ڕاستی بابەتە ئاینییەکانیانە، هەروەها لە دنیای ئێمەی ئیسلامیشدا چەندان کـەس هەن کـە پارێزگـاری لە دینەکـە دەکـەن و بە قـازانجی دینەکـە، ئەوەش هـەڵبـەت لە فـۆرمـێکی

جیاوازتردا، كە ئەم دوو دنیایە بە تەواوی لە یەكتری جیاوازن لە زۆر ڕووەوە، فەلسەفەی دین لە یەک خاڵدا هاوبەشە لەگەڵ كەلام، ئەویش ئەوەیە كە فەلسەفەی دین لەگەڵ كایەی كەلامی دیندا هاوبەشە بۆ مامەڵەیەكی عەقڵانی لەگەڵ ئاینەكاندا، فەلسەفەی دین خۆی بۆ خۆی لە چەند كایەیەكی گرینگ پێک هاتووە، دەكرێت ئەم كایانە بە هاوبەشی لەگەڵ تێزی عاریفان لەمەڕ دین بخەینە ڕوو، خۆی فەلسەفەی دین بریتییە لە بە دواداچوونی ئەزموونی دینی كە عاریفانیش ئەمەیان ئەنجام داوە، وە دەتوانین بڵێین ئەمە لووتكەی فەلسەفەی دینە لە سەدەكانی نۆزدە و بیستدا، هەڵبەت لەلای عاریفان دەمێكە ئەم بەشە تێ پەڕیوە، بەشی تێگەیشتن لە بەدواداچوون بۆ ماناكانی تری دین كە مەعنەوییەت و ڕۆحانییەت و حەقانییەتە، لە كانتەوە تا وینگنشتاین، ئەمە سەرنجی فەیلەسووفان بووە سەبارەت بە ماهیەتی دین .

**ئاین و ئەخلاق**: ئەخلاق دەگۆڕێ و مرۆڤ دەگۆڕێ، ئەمە تێزە لە هەمبەر ئەو پێوەندییەی كە لە نێوان ئایندار و یان مرۆڤی ئایندار و ئەخلاقی ئاینییەت، خۆی ئەخلاق بەبێ ڕێسای ئەخلاقی بنیات نانرێ(١١)، وە دەبێت بێگومان بین لەوەی كە ڕێسا ئەخلاقییەكان ئاین دەیخوڵقێنێ، واتا خوڵقێنەری ڕێسا ئەخلاقییەكان ئاینەكانن، و دواتر عاریفیش یەكێكە لەو مرۆڤانەی كە لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوەیەكی فەلسەفیی بۆ ئاین هەیە، لەگەڵ ئەوەش و لە هەمان كاتدا ڕەهەندی ئەخلاقیی ئەو هەمان ئەو ڕەهەندە ئەخلاقییەیە كە ئاین بەرهەمی هێناوە، منی ڕۆشنفكرێكی دینی، هەڵبەت دەردی دینم هەیە، واتا دەمەوێت دیندار و لە هەمان كاتدا عەقڵگەرا بم، و مرۆڤێكی سادەش كە تێكستە مەعنەوییەكان و تێگەیشتنی بۆ سوژە ڕۆحانییەكان هەبێت، دەبێت ئیدی بڕیاری ئەخلاقیی خۆی بەسەر دین و دیندارەكاندا بدات، خۆ كێشەی عاریفان لەگەڵ خەڵكدا زیاتر ئەوە بووە، كە ئەوان خوێندنەوەیان بۆ دین هەمان ئەو خوێندنەوە ئەخلاقی و عەقڵگەراییە بووە كە پێشینان هەیانبووە، بەڵام لێرەدا هەم فۆرمی ئەخلاقی و هەم ستراكتۆری ئەخلاقی گرینگە، وە دیسان فۆرم و ستراكتۆری مەعریفەی دین و دینداری دینگەرای ئەنتی عەقڵگەرایش گرینگە، وە پێچەوانەكەیشی هەر ڕاستە.

ئەو مەسەلەیەی كە ناوی مەعریفەی دینییە ئەوەیە كە دین ناسی عەقڵگەرایی، كە هەڵبەت ئەم مەسەلەیە دژە بە مەسەلەی ئەخلاقیی تەقلیدگەرایی دینی، ڕووخانی ناخی ئەخلاقیی تەقلیدگەرایی لەوەوە دەست پێ دەكات كە مەعریفەی دینی بوونی هەبێت، كە مەعریفەی دینی هەبوو ئیدی ئەم مەعریفەی دینییە هەڵدەستێت بە بنیاتی ئەخلاقێک لەگەڵ خۆیدا، واتا هەر كۆنسێپتێک نەشونمای كرد، ئیتر ئەخلاقی ئەو چەمكەش شان بەشانی چەمكەكە گەشە دەكات، هەر بۆیە مەعریفەی دینی كە هەبوو، ئیدی ئەخلاقێک گەشە دەكات بە ناوی ئەخلاقی مەعریفەی دینی، هەر بۆیەشە عاریفان چونكە مەعریفەی دینییان هەبووە، بەو هۆیەشەوە جۆرێكی تر لە ئەخلاق لەگەڵ خۆیاندا دەهێننە نێو دنیای دیندارە تاک ئەخلاقەكان، كە لە ڕاستیدا تاک ئەخلاقی مەبەستم لە درێژەدان بە كولتووری كوشتنی فرە ئەخلاقییە، و پرۆژەی كوشتنی فرە ئەخلاقی ئەمە

سـەرەتای دەرکـەوتنی باڵادەسـتـیی تاک ئـەخـلاقی و سـەرەتای ڕەهـابوونی ئەو جـۆرە لە ئەخـلاقـە دینیەیە، کە ئەمە نایەکسانە بە دیدی مەعریفەناسانی دینی و عاریفانی دنیای دین .

لەم سۆنگەیەوە دەمـەوێت پەنجەرەی مـەعنەوییـەت بکەمـەوە بە ڕووی عاریفـاندا، ئەو پەنجـەرەیەی کـە هـەوای ئەودیو دنیـای عـاریفـانمان بۆ بێت و بۆنی ئـەوانمان بۆ بێت، وە لـەمـەوە دەمـەوێت لەو پرسیـارەوە دەست پێ بکەم کە ئاخۆ ئەو جیاوازییـانە چین کە عـاریفان لەگەڵ خـەڵکی تردا هـەیانە، ئاخۆ عاریفان لە کوێ بن مـەعریفەی دینیش لەوێ هـەیە؟ ئەو نارۆشنییە چییـە کە بوونی هـەیە لە پێوەندیی نێوان عـاریفێک و نـاعاریفێکدا؟ بێگومان لەسـەر ئەو پرسـیارگەلانە، چەندین وەڵام هـەن، بەڵام ئاخۆ تا چەند وەڵامەکان مایەی قبووڵن، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەو وەڵامـانەش کە بەشێکیان فـەلسـەفین و بەشـێکیـان وەڵامگەلێکن کـە سـەرچووەکانیـان مـەعـریفی دینین کـە لەبارەی دنیـای مـەعریـفیی دینی و مـەعنەوییـەت و پلورالیـزم و چاوەڕوانی مـرۆڤ لە ئاین و هـەروەها ناسـاندنی فـەلسـەفەی دین بە مـرۆڤـەکان، وە ئەو میـتـۆدانەی کە پێویسـتن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیـارانە لێرەدا بەکاریان دەهێنین .

عاریفان ئـەو کەسانەن کە زۆر لە خەڵکی تر ناچن، واتا ئەگەر ئەوان لە خەڵکی تر بچووبـان ئیتر دەبوایە قـسـەمـان لەسـەر کـایەیەک نەکـردبا بە ناوی کـایەی عیـرفـان، هـەر بۆیە وا پێویسـتـە کە جـەهالـەت پێناس بکەین، چونکە ئـەو دوو بابەتە ئیدی تا خـوێن دژ و ئەنتی یەکـتـرن، لە مـەحـوی و نالییەوە دەچینە سەر بابـەتەکان، ڕاستە کە مەحوی و نالی میوەی یەک درەخت نین، وە ئێمەش ئەم لێکۆڵینەوەیەمان هەر بۆ سـەلماندنی ئەو مەبەستەیە، وە ئێسـتا بەپێی جیاوازییـەکانیان، وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەش دەدەینەوە کە کردوومانن:

دنیابینی و قیامەتبینی: نالی لەو شاعیرانەیە کە قیامەتناسێکی باش و دنیاناسێکی باش نییە، وە بە تەواوی پێچەوانەی مـەحوییـە، کە مـەحوی دنیاناس و قیامەتناسێکی زۆر پێرفێکت بووە، وە ئەوەش ڕەنگی داوەتەوە لە شیعرەکانیدا و ئێمـە دوو لێکۆڵینەوەمان لەسـەر ئەنجام داوە هـەر لەنێو ئەم کتێبـەدایە، بە ناوی دنیاناسـی لەلای حـەزرەتی مـەحوی، وە خواناسـی لەلای مەحـوی، هـەڵبـەت خـوای دنیا لەلای مـەحـوی خوای قیامـەتیشـە، وە هـەبوونی ئەو پێوەندییە سۆزدارییە لەلای نالی، جـوانتـرە بڵـێم نـالی کـەسـێکی زیـاتر جـوانبـاز بووە، هـەڵبـەت لە دووجـار زیـاتر عـاشـق بووە و ڕەنگدانەوەیشی هەیە لە شیعرەکانیدا و تەنانەت ناویان هاتووە، مـەستوورە، مەحبووبە، حـەبیبە، دەڵێن گوایا کەسێکی تریشی خۆش ویستوە بە پەنهانی لەژێر ناوی (عائیشە)، بەڵام لەلای مەحوی (ئافرەت) ئەو پێگەیەی نـەبوو، جگە لەوەی کە دەڵێن گوایا بەیتـە شـیعرێکی هـەیە موعـەمـمایە و بۆ (گەوهـەر)ی یاری نووسـیویە، کـە من لە لێکۆڵینەوەیەکی نێو ئەم کـتێبـە ئەوەشم شی کـردووەتەوە، بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئاخۆ مـەحوی بۆ گـەورهـەر ژیا؟ بە دڵنیـاییـەوە نەخێر، چونکە بە تەنیا ئەو بەیتە شـیعرە نابێتە بەڵگەی تەواو لەسـەر ئەوەی کە مـەحوی ژیانی خۆی هـەموو بۆ یار تـەرخـان کـردووە، یان زۆرینـەی ژیانی لە پێنـاو عـیـشـقـێکی زەوینیـدا تەواو کـردووە، و ئەو

تێکستانەی کە ئێستا لە بەردەستمانن زیاتر ئەو تێکستانەن کە بابەتی ڕاستگۆیی و خوا و مەخلوق و مردن و ئاداب و کۆمەڵێک شتی لەم جۆرە وتراون، بەڵام هەرچی نالییە بە کۆنکرێتی دیارە کە بەڵێ نالی لەو کەسانەیە کە دەبێت ئێمە وەکو شاعیرێک بیناسین نەک وەک عاریفێک، ئەویش بەپێی ئەم تێکستانەی کە لە خوارەوە نووسیومانن، ئەویش وەکو بەڵگەیەک لەسەر عاریفنەبوونی ڕاستەقینەیی ئەو شاعیرە:

**پێم دەڵێن، مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا**

**خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو**
**مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا(١٢)**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوو بەیتە، هەروەک لەم دوو بەیتە دەردەکەوێ، مەشهوریشە کەوا حەبیبەی یاری نالی خێل بووە، خێلیش لەناو خەڵکدا بە عەیب دێتە ژماردن و ڕوانینی خێل نیمچە خێسە لێکردنێکە، هەروا خێلیش جارجار وا ئەنوێنێ کە چاوێکی کردووەتەوە و چاوەکەی تری ئەنوقێنێ، نالی لە بەیتی یەکەمدا بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە خێلبوونی حەبیبەیان بە عەیبە داناوە و دەڵێت: ناحەزان پێم دەڵێن خۆشەویستەکەت خێل و چاولارە، خێسە لە خەڵکی دەکات و وەک ئەوەی بڵێی کە شەڕیان پێ دەفرۆشێ، نەخێر نە خێلە و نە خێسەش لە کەس ئەکا، تەنیا ئەوەندەیە کە تەرازووی نازی، کە چاویەتی، کەمێک سەر ئەکا و بەسەر لایەکدا ناز زۆرتر دەکا تا بەسەر لایەکی، وە لە بەیتی دووەمدا پێی وایە کە یار خێل و قیچ نییە، بگرە دەیەوێ بەغەمزەی چاوی، تیری برژانگی کە دڵی دڵداری پەی دەکات، ڕاست بهاوێ بۆ دڵ و چوار پەلی دڵی پێ ببڕێتەوە، تا مەیدانی دەربازبوونی نەمێنێ، دیارە تیر هاوێژتنیش بۆ ئەوەی نیشانە بپێکێ، چاوێکی دەگرێتە نیشانەکە و چاوەکەی تریشی دەنوقێنێ.(١٣)

لاوازیی ئادابی شاعیر لە شیعرێکیاندا بە ڕوونی دیارە، خۆزگە سەد خۆزگە ئەو شیعرەی نەنووسیایە، هەڵبەت بۆ ئەوەی کە ئێمەش بمانتوانیایە ئەو هەقە بەویش بدەین، لەم پارچە شیعرەی نالیدا، سەرەتای ئەدەبی ڕوو هەڵماڵراوی کوردی بەدی دەکرێ کە تا ئێستاش داوونەریتی کۆمەڵایەتی نەیهێشتووە کە جێگەی خۆی لە ئەدەبیاتماندا بکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر نالی شاعیرێکی داشۆڕەر بوایە، نەک ئەوانەی بە عاریف ناوی دەهێنن و دەیخەنە ڕیزی مەولانا مەحوییەوە، جا وتنی شیعر لەلای خوێندەوارێکی مزگەوتەوە و پتر لە ١٥٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و لە شارێکی لە ڕادەبەدەر نەریت ڕاگر و سەرپۆش لەسەری وەک سنەدا، وە بەرامبەر بە میرکچێک، نیشانەی چاونەترسان و بزێوی و جەسارەتێکی بێ سنورە لە نالییەوە، ئەمە تا ئێرە، باشە، ئەو شیعرە دەیسەلمێنێ کە نالی پادشای مەملەکەتی شیعر بووە، بەڵام دەیشیسەلمێنێ کە هیچ کات نە

سۆفی بووه و نه عاریف، راسته کۆمەڵێک دەستەواژەی عیرفانی سۆفیگەریتی بەکار دەهێنێت، بەڵام ئەوە هیچ پێوەندیی بە کەسایەتیی شاعیرەوە نییە، نالی دەڵێت:

**مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ(١٤)**

واتە: مەستوورە کە بە ئافرەتێکی جوان و ئەدیب دادەنێن، هاتە خەوم ئەمشەو، بەڵام چ نازێکی بەسەردا ئەکردم و چۆن بە گلەیی و لۆمە بوو لێم؟!

**هاتوم وتی: عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ؟**
**هی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەلکەی بە جەوابێ!(١٥)**

واتە: لە خەومدا هاتە لام و وتی گرێ و ئاڵۆزییەکم هەیە، ئاخۆ لە تواناندا هەیە چار بکرێ و بکرێتەوە، یا ئاخۆ هەر وا ڕەوایە بە چارنەکراوی و نەکراوەیی بمێنێتەوە؟! ئەگەر تۆ بتوانی ئەم پرسیارەم بۆ یەکالا بکەیتەوە و ئەگەریشێ ئەم گرێیەم بە وەڵامێ بۆ چار بکرێ کە ڕاستەوخۆ جێی خۆی بگرێ، یان ئەگەر بێتو ئەو داوایەم بۆ جێبەجێ بکەی، ئەوا دەبم بە هی تۆ، دیارە مەبەست لە گرێ لەمەدا پەردەی کچێنییە، وە چارەکردنی ئەو گرێیە و کردنەوەی بەوە دەبێت کە نالی سێکسی لەگەڵدا بکات.

ڕاستییەکەی لەم شیعرەدا ئەو بەیتانەی تری دوای ئەم دوو بەیتە پێویست ناکات بینووسین، چونکە پێم وابێت ڕوون بووەتەوە، کە لێرەدا نالی گوتاری سێکسی دەکات بە بەشێک لە کۆشیعرەکانی و دیوانەکەی، دوای ئەوە دیسان نالی دێتەوە سەر باسی حەبیبە و دەڵێت:

**دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)**
**وا بزانە خوێنی خۆمە، یا مینەتی ڕەقیبە**

**سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختە بەندی جێتە**
**دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕۆح ماڵی خۆتە، بیبە(١٦)**

واتا: گیانەکەم ناچاری دەستبەرداربوونی خۆتم مەکە، با هەر عەوداڵ و سەوداسەرت بم، ئەمەت لەلا گران نەبێت کە من دڵداری تۆم و هەرگیز دەستم لەیەخەت ناکەمەوە، خۆ تۆ منت کوشتووە و خوێنم لە ئەستۆتدایە، دە وابزانە ئەم دەست لە یەخە نەکردنەوەشم بارێکی ترە بەسەر شانتەوە وەک گوناهی خوێنم کە ڕشتووتە و لە ئەستۆتایە، یا وەک ئەو منەتەی کە بەدکاری لەبارەی منەوە دەینێتە سەرت، سەرم بۆ کردووی بە بەردەباز تا پێی پیدا بنێی و تا بەسەریدا بپەڕیتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئارەزووت لێیە، لەشیشم تەختەبەندی جێگەی حەسانەوەتە، دڵیشم ئارەزوویەتی کە

ببێته خاکی بەری پێت، دەسا پێی پێدا بنێ و و با خاکی بەری پێتی پێوە بنووسێ، گیانیش ئەوە هی خۆتە، بیبە، چی لێ دەکەی بیکە.

دنیای نالی زۆر جیاوازە لە دنیای عاریفێکی وەکو مەحوی، لە ڕاستیدا ئەم جیاوازییەش جیاوازییەکی بوونگەرایی وجوددییە، واتا بیرکردنەوەکانی نالی جیاوازە لە مەحوی لە ڕووی تێگەیشتن بۆ ئەو چەمکانەی کە پێشتر ناوم هێنان، وەکو مەعنەوییەت و حەققانییەت و مەعریفەی دینی و کۆمەڵێک شتی تر، نالی ئیشی لەسەر ئەو چەمکانە نەکردووە، وە ئیشکردنی نالی زیاتر لە شوێنی خۆشەویستیی زەوینیدا خولاوەتەوە و هیچی تر، وە هەڵبەت شیعری تریشی هەیە لەبارەی چەمکەکانی ترەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێین نالی بۆ ئەو شتانە ژیاوە، بەڵام هەرچی مەحوی حەزرەتە، زۆر گرینگیی بەو چەمکانە داوە و ئیشی لەسەر کردوون، هەر بۆ نموونە لەسەر مەسەلەی مەعنەوییەت با بزانین چی دەڵێت:

**هەر دڵێ پێوە نەبێ داغ و خەتتی جێ دەمی تیغ**

**دەعویی عیشقی ببێ دەعوییە ببێ مۆر و سەنەد**

واتا، تا جێگەی داغ و برینی تیغی یار بە دڵی دڵدارەوە نەبێ، قسەی بە هیچ دانانرێ و بە دڵدار نایەتە ژماردن، چونکە سەنەد و قەباڵەی مۆرکراو و لێ نووسراوی پێ نابێ کە ئەوە بگەیەنێ کەوا دڵدارێکی ڕاستەقینەیە، بەڵگەی دڵدارێتیی برێتییە لەو خەتانەی بە تیغی دەستی یار لە دڵی دڵدار دەنووسرێن و لەو مۆری داخانەی کە دەیاننێ بە دڵیەوە .

مەحوی لە کۆی تێکستەکانیدا تەنیا گرینگی بە وشەی عیشق دەدا، عیشقێک کە زۆر جیاوازە لەو عیشقەی نالی، ئەو هیچ کات ناو ناهێنێ و بەردەوامیش لە دنیای میتافۆر و مەجازدا دەخولێتەوە، پێی وایە کە عیشق ئەو کاتە عیشقە، ببێتە ئاگر، وە ئاگریش بەر ببێتە هەر کەس بیکاتە کەس، واتا کەسایەتییەک جیاواز لە هەر کەسایەتییەکی تر، ڕەنگ و دەنگی خۆی هەبێت .

وە نالی هێندە پێوەندیی نەبەستووە لەگەڵ شاعیرە عاریف و موتەسەویفەکاندا، تا ئەوەی کە مەحوی زۆرترین زانیاریی لەبارەیانەوە هەبووە و تێکەڵکێشی شیعریانی لەگەڵ کردوون، بۆ نموونە:

مەحوی و مەولانای ڕۆمی "بەلخی":

مەحویی گەورە لە پێنج خشتەکییەکی فارسیی خۆیدا بەیتێکی مەولانای تێکەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە و دەڵێت:

**پش همان بەردم ای "محویا"**

**رو بسوی بارگاه کبریا**

**با ده سد زاری از این شه خواهیا**

**"ای کـــرامت بخش جـــان اولیـــا"**

"یا بکش، یا باز خـوانم، گـو بیـا"

مەحوی لەگەڵ شێخی سەعدی:

**تۆ مەڵێ یەک مەرتەبە، سەد مەرتەبە**

**"دشـــمن دانا، به أز نادان دوست"**

مەحوی لەگەڵ خواجە حافزی شیرازیدا:

**دەزانێ ڕۆژە ئەو، من شـەو کەچی پێشم دەڵێ "مـەحوی"**

**حـزوری گـر همی خـواهی، مـشـو "حـافـز" از او غـایب**

لەمـەوە دەردەکەوێ کـە مـەحـوی بـە کۆنکرێتی concrete ئاگـەدار بووە لە ڕاسـیۆنـالیزەیشنی سـۆفـیگەرێتی و، دنیـای عـیـرفـان زۆر باش شـارەزا بووە، وە نموونەیەکی تر بۆ بـەڵگە، ئەو شیعرەیەتی کە بۆ مـەولانا خالید نەقشبەندی نووسیویەتی، و تێکەڵکێش لەگەڵ شیعرێکی ئەودا، هەڵبـەت ئەمانە هـەموو بەڵگەن لەسـەر ئەوەی کە بەڵێ مەحـووی حـەزرەت هـەم عاریف و هـەم سـۆفی بووە، بەڵام کامەتان بەڵگەتان هەیە لەسـەر نالی کە عاریف بووە؟ کە سۆفی بووە؟

هـەردەم مـەحـوی ئیشی لەسـەر عـەدەم و بوون و مەخلوق و ئاگری عیشق و دنیا و خـوا و مـردن کردووە، بە پێچەوانەوە نالی زۆر بەکەمی تێکستی هەیە لەم بارەیەوە، وە زیاتر تێکستەکانی برێتین لە تێکسـتی دڵداریی سـەرزەوینی و سـۆز دەربڕین بۆ بەرامـبـەر کـە هـاوڕەگـەزە. ئێـوە باوەڕ بەم هـاوکێشـەیە بهێنن یاخۆ ئینکاری بکەن، ئیدی هـەر ئەوەیە کە هـەیە، ئەویش نەبوونی بە دوو میوەی یەک درەخـتی مـەحـوی و نالین، مـەحـوی هەمـوو شـتـەکـانی تری خـسـتـووەتە خزمـەت مـەسـەلەی تەسـەووف و عیرفـانەوە، وە تەنانەت شـیـعریەتیش، و من دڵنیـام ئەگـەر زمـانی ئەو کـات لە شـیـعـر زیاتر ئامـادەگیی هەبووایە، بەدڵنیـاییـیـەوە مـەحـوی میـتـۆدێکی تری بەکار دەهـێنا بۆ گـەیاندنی بۆچوونـەکانی لەسەر ئـەو کایە جیا جیایانەی کە ئێـستا بە شـیعـر قسـەی لەبارەوە کردوون، بەڵام لەبـەرئەوەی زمـانـی ئەو کـاتەی نووسـین زیاتر برێتی بووە لە زمـانی شـیـعـری، هـەر لەبەر ئەمـە مەحـویش بیر و بۆچوونـەکانی لە ڕێگەی شیعرەوە وتووە، واتا مەحوی بۆ شیعـر نەژیاوە، بگرە بۆ: "تەریقـەت و حەقیقـەت و شـەریعـەت" ژیاوە، بەڵام هـەرچی نالیی شـاعیرە، هەمـوو ژیانی نالی برێتی بووە لە ژیان و مـردن بۆ شـیـعـر و شـیـعـرییـەت، و دواتر نالی هـەمـوو شـتـەکـانی تری خـسـتـووەتە خزمەت زمـانی شیعری و وێنە و ئاوەز و ئاوازی شیعری، نالی شـاعیرە، بەو مـانایەی شـاعیرە و هیـچی تر، نـالی بە تەنیـا مـوخـاتەبەی سـۆز دەکـات، بەڵام مـەحـوی تـەنانەت قسـە لەگـەڵ عـەقـڵیش دەکات، وە ژیانی نـالی هـەر بۆ خۆی جیـاواز بووە لە ژیانی مەحـوی، نالی کەسێک بووە تا ڕادەیەک

ڕەبەن، ئەویش بەو پێیەی تا ئێستا کەسی لەپاش بەجێ نەماوە، بەڵام مەحوی خێزانی هەبووە و هەموو ژیانیشی لە خزمەت خەڵکدا لەناو خانەقاکەیدا تەواو کرد، تەماشا بکەن ئەزیزان، مەحوی یەکێک بووە لە ڕۆشنفکیرە ئاینییەکانی سەردەمی خۆی، نەک هەر ئەوەیش دەکرێت ناوی بنێین فەیلەسووفێکی ئیسلامی تا ڕادەیەک (ئوسووڵی)، ئەویش بەوەی کە مەحوی یەکێک بووە لەوانەی کە لە جیاتیی ئەوەی بە شوناسی ئاینییەوە سەرگەرم بێت، وە خەریکی هەقیقەتی ئاینی بێت، شوناس بۆ ڕۆحانییەت، ئیسلامی ڕۆشنبیرانی ئاینی، ئیسلامی هەقیقەتە و شوناس لقێکە لەو، مەحوی بە مەسەلەی ئیمان و ئەزموونی ئاینی و تەفسیرە جیاوازەکانی ئاین و فەراهەمکردنی توانای بە کردەییکردنی ئەوانەوە خەریک بووە، ئەمانە هەموو بریتین لە تیوری هێز، بەکارهێنانی هێزە عەقڵی و مەعنەوییەکانە، تەنانەت هەریەک لە ئێوە لە کایەی عیرفاندا بوویەکی بەهێز نەبن، ئەوا بە دڵنیاییەوە عیرفان گرینگیتان پێ نادات، بەڵام کاتێک بەهێز بوون لە بیرکردنەوە لە تێزە عیرفانییەکان ئەوا ئیدی بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی دەچنە نێو چوارچێوەی عیرفانەوە، من مەبەستم لە هێزی عەقڵە، واتا هەبوونی تیۆری هێزی عەقڵی، چونکە سەروبەندی هێز لەلای ڕۆشنبیرەکان زیاتر لەگەڵ عەقڵدایە، ئەگەر عەقڵ هێزی نەبێت بریتی نییە لە هیچ، ئەوە هێزە کە عەقڵ دەکات بە داینەمۆی هەڵسوڕاندنی شتەکانی بەردەم عەقڵ، خاڵی سەرەکی و مەبەستی بنەڕەتی و جەوهەری ئەم بابەتەی ئێمە لێرەدا بریتییە لە (چاکسازیی فیکری و سلوک و خوێندنەوەی دەقە مەعریفی و ئاینییەکان )[١٧] وە بە جیاوازی لە لای هەریەک لە مەولانا مەحوی و نالیی شاعیر، کە هەڵبەت ئەویش بە پرۆسەیەکی زۆر گرینگ و پلان بۆ داڕێژراوی تەواو پێرفێکت دەبێت، لە بواری پەروەردەی دەروون و چاکسازیی مۆراڵ و ناخ، د. شریعەتی گوتەنی گەڕانەوە بۆ خود (بازگشت بە خود)، گەڕانەوە بۆ خود واتا گەڕانەوە بۆ ناخ، مەحوی پێی وایە میوانە لەنێو دنیا، وە هیچ کات پێی وا نییە دنیا لەلای ئەو میوان بێت، ئەو پێی وایە کە مرۆڤەکان هەموو میوانن لەنێو دنیا و ئێرە کاروانسەرایە، کاروانسەرایش شوێنی حەوانەوە و پشوودانە، حەوانەوە و پشوودانێکی کاتی، شوێنی نەفەس و تازەکردنەوەیە، وێستگەیە بۆ گوڕ و تیندان بە خود بۆ گەیشتن بە مەبەست و مەنزڵ و ئارامگە، ڕاسڵ دەڵێت: ژیانی ڕاستەقینەمان لە ئاسمانەکاندایە، بەڵام بە داخەوە ئێمە دامەنگیر و وابەستەی زەوی بووین، تەنیا لە ڕێگەی پاکی و بەرائەت و نەزاهەت و تەزکیە و پاککردنەوەی نەفس و ڕاهێنانەوەیەتی کە دەتوانین لەم پێوەستبوونە بە زەوییەوە دەرباز بین و دواجار چێژ و لەزەتی پێوەستبوون بە خوای میهرەبانەوە ببەستین، ڕوون و ئاشکرایە کە هێزی پێوەستبوون لە دابڕان و فیراقدایە، بە دوورکەوتنەوە بەخۆت و ئەوەی پێوەندیی بە تۆوە هەیە بۆ ماوەیەکی کەم، ئینتیما و پێوەندیت بۆ ئەو شتە بەهێزتر و پتەوتر دەبێت، ئێمەیش چونکی لە ئاسمانەکانەوە هاتووین هەر لەبەر ئەوە ئیدی زیاتر تەماسی ئێمە لەگەڵ ئاسماندایە و هێندە لەسەر زەوی بێتاقەتین، تەنانەت ببینن مرۆڤە بێدینەکانیش هەر هەمان ئەو دۆخەی ئێمەیان هەیە لە بێتاقەتی و بێزاربوون لەسەر زەوی، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لەوان جیا

دەکاتەوە ئەوەیە، کە ئێمە پێوەندییەکی مەعنەویی ڕۆحیمان هەیە لەگەڵ شوێنێک کە هەم جیاوازە و هەم دوورە لە زەوییەوە،[١٨] لەلای مەحوی هەر بەم شێوەیەیە، بەو شێوەیەی کە هەستێک هەیە دەیجوولێنێت بۆ ئارەزووکردن بۆ گەڕانەوە، هەر لەبەرئەوەیش بووە کە ئیشی لەسەر بەرجەستەکردنی: خواناسی و خواپەرستی و خوادۆستی کردووە، ئەوە لەلای مەحوی خودی دین و ڕۆحی دین بووە، هەڵبەت خۆیشی ئەوە خودی دین و ڕۆح و جەوهەری دینە، لەلای مەحوی دین مانا و مەغزا و هێمای تایبەتی خۆی هەبووە،[١٩] هەر بۆیە مەحوی سەرسەختانە پێوەست بووە بەم چەمکانەوە، سەرەتا و کۆتایی نییە ئەم پیاوە، واتا نازانین لە چ چرکە ساتێکدا ئیشی لەسەر ئەو چەمکە فەلسەفی و مەعریفییانە کردووە، بەڵام داتا و فیلدی ئەو تەنیا ئەوەیە کە هەیە، پیاوێک لێوانلێو لە مەعنەوییەت و ڕۆحانییەت، پیاوێک بریتییە لە "مەعریفە"، مەولانای دووەم، دوڕ و یاقووت، پیاوێک خواناس، لەگەڵ ئەوەشدا دنیاناس، خوداناسێکی دنیاناس و دنیاناسێکی خوایی، لێرەوە ئەم تێزەیە دەرگەیەکمان بۆ دەخاتە سەرپشت، ئەویش دەرگەی چوونە نێو دنیای فەلسەفەی مەعنەوییەت، دەکرێت کە بڵێین فەلسەفەی مەعنەوییەت، چونکە مەعنەوییەت لە ئێستادا پشکی شێری هەیە لە دنیا فەیلەسووفە دینییەکاندا، ئەویش بە هۆی قبووڵکردنی پلورالیزمی دینییەوە لەلایەن هەر فەیلەسووفێکی دینییەوە، کە لیبراڵێکی سونەتی و لیبرالێکی ئەخلاقی بێت، چونکە هەموو فەیلەسووفە دینییەکان لیبراڵ نین بە مانای وشە، ئەوە نییە سروش ڕەخنەی لیبراڵیزمی ئەوروپایی دەکات! هەڵبەت بەڕێز سروش هەر بڕوای بە شتێک نییە کە ناوی لیبراڵیزمی دنیای ڕۆئاوا بێت، مەبەستم لە لیبراڵیزمی دنیای مەدەنییەکانە، ئینسانە فەیلەسووفەکانیش بەشێکن کە زیاتر تێکەڵاوی ئەو دنیا مەدەنییەن، بۆیە من زیاتر ئەوەم ورووژاند تا زیاتر تێ بگەین هەموو، مەعنەوییەت لەلای مەحوی وەکو وتمان بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت، بەڵام لەلای نالی بە هیچ جۆرێک من ئەم هەستە ناکەم وەک ئەوەی کە لەلای مەحوی ئەو هەستەم بۆ دروست دەبێت، دواجار وەکو ئەزموون زیاتر مەحوی ئەزموونی هەستی و ئەزموونی ئاینیی هەیە، بەگوتەی جۆن هیک خاوەنی ئەو هەستەیە، وە مەحوی بە قورسی ئیشی لەسەر فەلسەفەیەکی ئاینی ئوسووڵی لە بەرگی لیبراڵیدا کردووە، من لەو جێگە و قۆناغەوە لە نووسینی ئەم بابەتە بەردەوام دەبم، یەکێک لە گرینگترین ئەو شتانەی بە ئێمەوە پێوەستە ئەوەیە کە ئێمە بەشێکین fragment، لە گشتێکی زۆر گەورەتر و فراوانتر، وە هەر تەواوکارییەکی شیاو بۆ پێرفێکتکردنی ئەو شتانە کە (گشت)ن، لە تەواوکارییەکی تاکانەیی خۆی نابینێتەوە، بگرە کاتێک ئەو تەواوکارییە بەرجەستە دەبێت کە ئێمە بچینە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ باقیی گشتەکاندا، مەحویش بڕوای هەر ئەمەیە، ئەو پێی وایە کە لە ڕووی فیزیکییەوە ئێمە بریتین لە پنت و خاڵی ژێر گەردوون، وە ڕەنگە ئەوەش نەبین و بچووکتریش بین، وە پێی وایە personality وەکو کەسایەتی، ئێمە ناتەواو و ناکامڵین، وە ڕەنگە نیو کامڵیش نەبین، ئەویش لەبەرئەوەی کە هەردەم پێویستیمان بە یارمەتیی ئەوانی تر هەیە، ئەمە تێگەیشتنی مەحوییە بۆ چەمکێکی گشتگیر کە مردن و ژیان و مرۆڤ پێکەوە کۆ دەکاتەوە، وە

بەمەش دێت قسە لەسەر فەلەسەفەی دینی دەكات و ئەزموونی هەستی و دینی خۆی دەخاتە پێش چاو، ئەو هێندە قووڵ دەڕوات تەنانەت لە هێندێک وێستگەدا دەگاتە ئاستی فەیلەسووفێکی تەواو، هەندێ جاریش وەکو مێژوونووسێک بەرچاو دەکەوێت و هەندێ جاری تریش وەکو شتێکی تر، هەڵبەت هەریەک لە فەیلەسووف و بیریاری وەک: ڕاسل و ویتگنشتاین و مۆر و ئەنسێلم و گادامبێر، تەنانەت پۆپەر و هارتشۆرن و هیوم و کانتیش ئەوانەن کە وێنای فەلسەفەیەکیان تا ڕادەیەک کێشاوە کە فەلسەفەی دینە، ئەویش سەرەتا بۆ پرسیارکردن لە پنتە جەوهەرییەکانی دین و دواتر خوێندنەوە بۆ تێکستە دینییەکان، بەڵام بۆ ئەوەی بمانەوێت لە ڕووی (فەلسەفەی دینی و مەعریفەی دینی) لەنێو تێکستەکانی نالیدا قووڵ بچین، ناتوانین و زۆر ئەستەمە، ڕاستە نالی بڕوای بە ئەرگیومێنتی ئاینی هەبووە و شیعریشی هەیە لەو بارەوە، بەڵام قەناعەتی تەنیا بەیەک جۆر ئەرگیومێنت هێناوە، ئەویش ئەرگیومێنتی (تەقلیدی ئاینییە)، کە ئەمە وا دەکات ئێمە نەتوانین ڕۆبچین بە نێو تێکستەکانیدا، چونکە ئەو شیعری لە چەند سیاقێکی دیاریکراودا نووسیوە، دڵدارییەکی سەرزەوینی سەختگەرا، دیندارێکی تەقلیدیی ئەنتی مەعریفەتگەرا، کەسێکی لەخۆبردوو، ئەمە ئەو سیاقانەن کە نالی ئیشی تێدا کردوون، وە ئەگەر لەبارەی ئاڵۆزی و ناڕۆشنییەوە بدوێین، زیاتر مەحوی ئاڵۆزتر و ناڕۆشنترە، چونکە مەحوی گوتاری گەردوونی am-biguit پێیە و لە دیوە ئاینییەکەیدا بە میتۆدی تەحقیق ئەرگیومێنتی لەلا هەیە نەک بە میتۆدی تەقلیدی، و نالی زیاتر لە خەڵک بێزار بووە و غەمێکی واقیعگەراییی هەبووە، بەڵام لەلای مەحوی ئەم هاوکێشەیە تەواو پێچەوانەیە، مەحوی لەو کەسانەیە کە غەمی واقیعگەراییی نییە، لەوانەیە کە غەمێکی وجوودی و بوونگەراییی هەیە، واتا غەمی مەحوی لە بوونەوە تا نەبوونی هەر هەبووە و هەر دەبێتیش، چونکە مەحوی هیچ کات بە خۆشی واقیع نایەت، تا ئەوەی بڕوای بەوە نییە کە شتێک هەبێت ناوی واقیع بێت، ئەوەیشمان ڕوون کردەوە لە سەرەوە کە مەحوی بۆ ئیشی لەسەر فەلسەفەی دین کردووە، فەلسەفەی دین واتا ڕۆحی دین و جەوهەری دین، هەر بۆیە مەحویش ئەوەی هەڵبژاردووە، دواجار کێ دەڵێت فەلسەفەی ئاین وەک فەلسەفەی یاسا و زەین و ئەخلاق وایە، پێم وایە فەلسەفەی ئاین ڕاهێنانێکی (ئیکسەرسایس)انە نییە، بگرە بان–ڕاهێنان (مێتا – ئیکسەر سایس)ە، واتا فەلسەفەی ئاین هەر بەتەنیا موڵکی ئەوانە نییە کە دیندارن، بگرە موڵکی ئەوانەشە کە دینیان نییە، ئەوەیشم لەبەر ئەوە خستە ڕوو تا بەهەڵەدا نەچین لەوەی کە فەلسەفەی ئاین مەحوی دەتوانێ لێی بکۆڵێتەوە چونکە توانای مومارەسەی دینیی هەیە و نالی ناتوانێت چونکە کەسێکی تەقلیدییە، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر نالی بڕوای بە پنتی تەقلیدییەت نەبێت، ئەوا ئەویش دەتوانێت لە فەلسەفەی دیندا باڵا دەست بێت، تا ئەو کاتەی نالی بێ دینش بێت، مەحوییش بە هەمان شێوە کە وازی لە تەقلیدییەت هێنا و ڕووی کردە تەحقیقیەت ئیدی دەتوانێت ببێ بە بەشێک لەو فەلسەفەیە و فەلسەفەیش ببێت بەبەشێک لەو، مەبەستم لە بەشێک لە گشتیی ئەو فەلسەفەیەیە.

سەرچاوەکان:

(١) رازدانی و روشنفکری دینداری /عبدالکریم سروش/مجموعه معرفت شناسی/تەران/ مؤسسە فرهنگی سراط١٣٧٧/چاپ سوم/ص ٢٤
(٢) ە.س.ل /٣٤ ٣٤
(٣) دیوانی مەحوی/عبدالکریم مودەڕڕیس/انتشارات کوردستان/١٣٧٩/ل ٣٠٧
(٤) ە . س . ل
(٥) دیوانی نالی /عبدالکریم مودەرریس/١٣٧٩/اتشارات کوردستان/چاپ: دوم /ل ٣١٧
(٦) ە . س . ل
(٧) ە. س . ل ٣١٨
(٨) أخلاق خدایان: عبدالکریم سروش/تەران/انتشارات طرح نو/١٣٨٢/ص٧٧
(٩) فردالدین محمد عگار نیشاپوری/غزلیات، ترجیعات،قصائد،ترکیبات/ەو: ١٢١
(١٠) هەژان، گۆڤار/ ژ: ١٩ /ل/٢٧پێگەی شەریعەت لە قەڵەمڕەوی عیرفاندا/یەحیا یسریبی/و: بیلال باسام
(١١) هەژان، گۆڤار هەمان ژمارە، تەحسین حەمە غەریب دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین
(١٢) دیوان نالی /ە . س .ل ١٠٨
(١٣) ە.س. ل ١٠٩
(١٤) ە.س. ل ٦٠٣
(١٥) ە.س. ل ٦٠٣
(١٦) ە.س. ل٣٩٠-٣٩٥
(١٧) حکمت و معیشت / د.عبدالکریم سروش/سراط
(١٨) فلسفە و عرفان/ د. یحی یپریبی
(١٩) ڕۆحی دینداری، فەلسەفەی دین/مودریک عەلی عارف /هەژان: ١٩، ل٣٥٣

ڕەهبەر مەحموود زادە

# لە ریالیسمی سۆسیالیستییەوە بۆ فۆرمالیسمێکی نیان

شیعری "ئارەق و تین"ی

مامۆستا هێمن

دەق

پێش ئەوەی گــــزنگی هـەتـاو
تـرۆپکی چیـــا بنگێـــوێ
پـێش ئـەوەی شنـەی بـەیـانـی
بـسکـی بەڕەزا ببـــــزێـوێ
.....
پێش ئەوەی قـاسپـەی خاسـەکەو
لـە زەرد و مــــا دەنگ داتــەوە
پێش ئەوەی بلـبل بخـــوێنێ
خـــــونچـــــە دەمی بکاتـەوە
.....



هێمن

پێش ئەوەی سێرەی هەڵۆیان
پەردەی بێدەنگی دادڕێ
پێش ئەوەی چورەپۆپنەکی
بەرەو ڕووناکی بفڕێ
...
پێش ئەوەی شەمی سەرچاکی
ئاخر فرمێسکی هەڵوەرێ
پێش ئەوەی گژەبای تووڕە
ژیلەمۆی پەپوولە بەرێ
...
پێش ئەوەی لاوی بەختەوەر
دەم ڕاگوێزێ لەسەر خاڵان
پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ
وەڕەز بێ لە ماڵەوماڵان
......
پێش ئەوەی بێری شل و مل
چاوی خەواڵووی هەڵبێنێ
پێش ئەوەی شوان مەڕی شەوێن
وەگێڕێ، بەردا دەسبێنێ
......
پێش ئەوەی پۆلی نەشمیلان
شل شل داگەڕێن بۆ کانی
پێش ئەوەی سەرکانی و دەراو
ژاوەی بێ لە پەری جوانی
......
پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەژارێک هەڵنێ بە تەماڵ
پێش ئەوەی ڕێچکە ببەستن
بۆ مزگەوتێ شان بە بەرماڵ
......

پێش ئەوەی دەروێشی چڵکن
پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ
پێش وەی شێخ وەک تارمایی
بەرەو خانەقا خوشیبێ
......
پێش ئەوەی گزیری بەدفەڕ
لە دیوەخان پاروو بادا
پێش ئەوەی خاتوونێک بەناز
پەردەی کۆشکی ئاغا لادا
......
من کاوی خۆم لە کار دیوە
من جەرگی زەویم دڕیوە
من شێلەگەم هەڵبڕیوە
من یەکسەریم ئاخنیوە
......
من ڕێزە سواڵەم داناوە
شەغرە وێنجەم پێوە داوە
من گاگێرەم تێر کراوە
یاخۆیانم وەرگێڕاوە
هاوین و پایز و بەهار
هەتاو لێی نەداوم بێکار
......
من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنین لە زەوی

گـەر جـووتیـار ئـارەق نەڕێژێ
گـــەر هەتـاو تیـــشک نـاوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخـــۆن نـانی گـــەڵا گـــەڵا؟

......

بەڵام حـەیف ئێستـاش لێرە
من برسیم و کـەسێک تێرە
نە قـــەت ئـارەقی ئـەســـڕیوە
نە قــەت گـەوزی هـەڵبــڕیوە
نە مـــەچەکی جـەمـــام بووە
نە چۆڵەمــــەی لە جێ چووە
نە ئـەنگوســتی ڕاگـــیــراوە
نـە داســـــوو لـە چاوی داوە
نـــە دڵـــی پـێــی دڕ دڕ بــووە
نـە بن هـەنگڵی خـــڕ بووە
نە کـــەفی دەر دا بـە کـڵـــۆ
نە پـەنجــەی دەری کـرد دڵۆ
نە دەستی پاشبارەی ناسی
نـە ســـاوێکی دا لە داسـی
نـە بە گـــەرمـــا داهـێـــزاوە
نـە خـــــەوی لـە چاوی زاوە
نـە بە ســـەرمـــایە تەزیوە
نـە لە کـــای پایز خـــزیوە
نە نووسـەکەی پێوە نووسـا
نە لـەبەر بـارانێ خـــووســـا
نە زوقـــمی بـەســـەردا باری
نـە لە قـــوڕدا کــــەوت بـاری

نە دی شەو و شەونخوونی

نە چێشتی دەردی نەبوونی

......

تاکەی وابم، تاکەی وابم

دەس بەتاڵ و ڕەنج بەبا بم

تاکەی ڕەنجی شان و پیلم

بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟

نا، نا ، تازە ڕاپەڕیوم

ناتوانن بدەن فریوم

ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم

مەودا بە داگیرکەر نادەم

لە شان و باهۆی خۆم ڕادی

هەڵگرم ئالای ئازادی

خوێندنەوەی دەقەکە:

لەوێ ڕۆژگارێدا کە تێفکرینی چەپ، وەکو پارادایمێک زاڵبوونی خۆی بەسەر شێوەی ڕوانینی زۆربەی بیرمەندان و سیاسەتوانااندا مسۆگەر کردبوو، لە جیهانی ئەدەبدا، ریالیسمی سۆسیالیستی بەهەق یا بەناهەق ئاوانگاردبوونی خۆی بە خەڵکی ئەدەبدۆست سەلماندبوو. لە شیعری کوردیدا، بەرچاوترین نموونەی ریالیسمی سۆسیالیستی لەناو شیعری" مامۆستا هێمندا بەدی دەکرێ. نموونەیێکی بەرچاو لەو دەقانە شیعری "ئارەق و تین" لەناو کۆمەڵە شیعری تاریک و ڕوون" دایە. هێمن لە وتارێکی خۆیدا بە ناوی "ئەزموونی شاعیریم" دەنووسێ "نامەیەکم لەلایەن دۆستێکەوە پێ گەیشت کە لە وڵاتێکی هەرە بۆرژوازیدا دەژی... ئارەق و تینی بەباشترین شیعری من دانابوو. نووسیبووی تا ئێستا شیعری وەک ئەم شیعرانەم نەخوێندووەتەوە"[١].

دیارە ئێستا لێمان ڕوون نییە ئەم دۆستە کێ بووە و بە چ پێوانەگەلێکەوە داوەریی لەسەر شیعرەکانی هێمن کردووە و لەناو هەموو شیعرەکانیدا ئارەق و تینی بە باشترین شیعر داناوە[٢]. بەڵام بۆ خۆمان دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە دەوری سی چل ساڵ لەمەوبەر ئەو کاتی تێفکرینی مارکسیستی بەسەر بیر و هەستی خوێندەوارانی کورددا زاڵ بوو، ئەم شیعرەی هێمن بەهۆی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەیەوە نرخێندراوە و کەوتووەتە بەردڵی تۆرەمەی ڕووناکبیری ئەو ڕۆژگارە.

هەر لە بنەڕەتدا ئەوە لایەنەکانی سەر بە ڕووخسار و پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی نین کە دیاری

دەکەن ئەو بەرهەمە دەچێتە خانەی ئەدەبی ریالیسمی سۆسیالیستی یان نا بگرە نێوەڕۆکی بەرهەمەکە و ئەو شێوە ڕوانین و گۆشەنیگایەی بەهۆیەوە واقیعێکی تایبەتی پێ نەخشێندراوە ئەم مۆرکە تایبەتییە لە بەرهەمەکە دەدەن. شایەتیی من بۆ ئەم گوتەیە ئەو ڕاستییەیە کە کاتێک شەپۆلەکانی ئەدەبی ریالیسمی سۆسیالیستی، ئاقارەکانی ئەدەب و هونەری گرتەوە، ئەدەب لە هەموو بوارەکان زیاتر و مۆسیقا لە هەمووان کەمتر کەوتە بەر تەوژمی ئەم لێمشتە. هۆیەکەی ئەوەیە کە لە مۆسیقادا فۆرم بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵە و بەهۆی سروشتی تایبەتی مۆسیقاوە، ناوەڕۆکێکی تایبەت ناتوانێ بە ڕوونی و بە دیاری لەناو پارچە مۆسیقایەکی رووتی بێ گوتەدا رەنگ بداتەوە. ئینجا چونکە ئەوە ناوەڕۆکی بەرهەمێکە کە مۆرکی ریالیسمی سۆسیالیستی لە کۆبا و تەشکی بەرهەمەکە دەدا، کەوایە مۆسیقا بەو ناوەڕۆکە تارماییی ئاسایەوە کەمتر دەکەوێتە بەر ڕێژنە و ڕەهێڵەی ئەم چەشنە قوتابخانەیەوە.

خاڵێکی تر لەم بارەیەدا کە هێژای گوتن و شیاوی سەرنج پێدانە، ئەوەیە کە کاتێک دەڵێین بەرهەمێک دەچێتە خانەی ئەدەبی ریالیسمی سۆسیالیستییەوە، ئەم پێوەندی و تەعەللوقە لە هەناوی خۆیدا نە خاڵی بەهێزی ئەو بەرهەمەیە و نە خاڵی لاوازی. ئەگەر ئێمە هەر بە تەنیا بە هۆی ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە بەرهەمێک هەڵکێشین و بە سەرتۆپ و هەڵکەوتەی بزانین یان بە پێچەوانە بیکێشینە خوار و بە بنژیل و ئەیاغی بزانین و خۆمان لە لایەنەکانی فۆرمی و تەکنیکی ئەو بەرهەمە نەبان بکەین، ئەوا بێگومان مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەو بەرهەمە مامەڵەیەکی ئایدۆلۆجیکە.

لە ئەدەبی کوردیدا لە چوارچێوەی ریالیسمی سۆسیالیستی بەرهەمی داهێنەرانە و بەهێزیش بەدی دەکرێ، بەرهەمی لاوازیش دەبیندرێ. بۆ نموونە هێمن شاعیرێکە کە داگەڕانی بۆ لای ریالیسمی سۆسیالیستی نەبوو بەهۆی داکشانی ئاستی ئەدەبیی شیعرەکانی. بەڵام گۆران شاعیرێکە دوای ئەوەی بۆ دەڤەری سۆسیالیسم کلا بوو، مالاوایی لە پێشەنگبوون و سەرچڵیەتییەکەشی کرد و ئاستی داهێنانی بەرهەمەکانیشی دابەزین. ئەم دۆخە هەر لەناو ئەدەبی کورددا نەبووە. لەناو بەرهەمەکانی شۆلۆخۆفدا (دن آرام)یش لە هۆبە و هەواری ریالیسمی سۆسیالیستیدا دەگیرسێتەوە، (زمین نوآباد)یش. کەچی یەکەمیان لە ڕۆمانە ناسراوەکانی سەدەی بیستەمە و دووەمیان زۆر لەو ئاستە ژێراترە.

ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بڵێین کاتێک دیاری دەکەین فلانە بەرهەمە سەر بە فیسارە قوتابخانەیە، ئەوا لە کۆتاییی رێگەی لێکۆڵینەوە لەو بەرهەمەدا نین، بگرە جارێ لە سەرەتای رێگەکەداین و بۆ نرخاندنی بەرهەمەکە مەودایەکی تریش دەبێ بپێوین و لایەنی تریش لە بەرهەمەکە شەن و کەو بکەین.

منیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی هێمن کە – ئارەق و تین–ی بە شیعرێکی بەهێز و شیاوی تێڕامان داناوە، هاوڕام. بەڵام ئەگەر ئەو مەزەندەیە ڕاست بێ کە ئەم دۆستەی هێمن هەر بە تەنیا بەهۆی

ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی ئەم شیعرە نرخاندوویەتی و بە بەرزی زانیوە، ئەوا دەبێ داکۆکی لەسەر ئەم ڕاستییە بکەم کە ئەم شیعرە لایەنی فۆرمی و پێکهاتەیی زۆر بەهێزیشی تێدایە.

لایەنی بەهێزی ئەم شیعرە کامەیە؟ ئەم لایەنە بەهێزە لە ڕیتم و مۆسیقای ئەم شیعرەدایە.

دیارە گرینگترین هۆکاری ڕێکخەر و دیاریکەری مۆسیقای شیعرێک کێشی شیعرەکەیە. سەرنج بدەنە کێشی شیعری گەرمەشێن:

**بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن دەگریم**

**بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم**

خەمینبوونی ئەم شیعرە هەر لەبەر ئەمە نییە کە باسی گریان و شەهید دەکا، بگرە کێشەکەشی کێشێکی ئارام و خەمینە. هێمن خۆی لەمەڕ ئەم شیعرەوە دەڵێت: "ئەگەر گەرمەشینم لەسەر کێشی مەسنەویی مەولەوی نەگوتبایە، عالەمێکم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا گریان و ناڵە."[٣] (مەسنەویی مەولەوی و گەرمەشین بەحرەکەیان یەکە)

لە بیرمان بێ ناڵەی جوداییش هەر لەسەر کێشی مەسنەویی مەولەوییە و ئەم سۆزە خەمینە لەوێشدا هەر بەدی دەکرێ:

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە ... شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**

**لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون ... لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون**

لە بەرانبەر ئەم کێشەدا کە خاو و خەمینە، هەندێک کێش هەن کە توند و حەماسین.

بەڵام ئەو ئاواز و مۆسیقایەی هێمن لە شیعری ئارەق و تیندا ڕێکی خستووە، هەر بە تەنیا بەهۆی کێشەوە وەدی نەهاتووە. هێمن لەم شیعرەدا بۆ ڕێکخستنی ئەو مۆسیقایەی پێویستییەتی، لە هەموو ئەو کەرەستانەی لە بەردەستیدا بوونە، وەک: کێش، سەروا، ناوەڕۆک، درێژکردنەوە، کورتکردنەوە و دووپاتکردنەوە کەڵکی وەرگرتووە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئاخۆ ئارەق و تین، ڕیتم و مۆسیقایەکی خاوی هەیە یان ئاوازەکەی توند و حەماسییە؟ هێزی هاروژێنەری ئەم شیعرە لەوەدایە کە بە درێژایی شیعرەکە، مۆسیقای شیعر ڕیتم و ئاوازێکی بگۆڕی هەیە و لەو جێگەیەدا کە پێویستی بە نەرمکێشی و پشوودرێژی هەیە، مۆسیقای شیعر زۆر وەستایانە بە ترپەیەکی خاوەوە ڕێک دەخرێ؛ لەو جێگەیەشدا کە پێویستی بە ئانگژابوون و ڕاسان هەیە، مۆسیقای شیعر بە ترپەیەکی توند و بە گوڕ و خرۆشان ڕێک دەخرێ.

بەر لە هەموو شتێک کەرەستەی شاعیر بۆ ڕێکخستنی مۆسیقای بگۆڕی شیعرەکەی، قافیە (سەروا)یە. ئاخۆ قافیە ئەوەی دە باراندا هەیە بۆ ڕێکخستنی ڕیتم و مۆسیقا کەڵکی لێ وەربگرێ؟ دیارە پێمان سەیر نییە ئەگەر پێمان بڵێن کێشی شیعر تا ڕادەیەکی زۆر ترپە و مۆسیقای شیعر دەخوڵقێنێ، بەڵام سەروا بە چ شێوەیەک مۆسیقا دەگۆڕێ و توند و خاوی دەکاتەوە؟ بۆ

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە با هەر ئارەق و تین بە نموونە بهێنینەوە. ئەو شیعرە لە سەرەتادا بە دە بەند دەست پێ دەکا کە هەر بەندەی چوار نیوە بەیت واتە دوو بەیت لە خۆی دەگرێ. لەم دە بەندەدا مۆدێلی سەرواکان بە شێوەی ABCBیە. واتە نیوە بەیتی دووەم و چوارەم هاوسەروان و نیوە بەیتەکانی یەکەم و سێیەم، بەیەکەوە و لەگەڵ ئەوانی تر هاوسەروا نین. ئەم بەندانە کە بە شێوەی چواربەیتی گوتراون، بۆیان هەبوو بە دوو شێوەی تر رێک خرابان. یەکەم بە مۆدێلی سەروای AAAA واتە دوو نیوە بەیت کە هی یەک بەیتن سەروای وەک یەکیان هەبووایە. لەم سێ مۆدێلە بۆ رێکخستنی سەروا، مۆدێلی ABCB واتە ئەو مۆدێلەی لە دە بەندی سەرەتای ئارەق و تیندا بەدی دەکرێ، لە هەموویان خاوترە. کەواتە ئارەق و تین، بە ترپەیەکی خاو و ئارامەوە دەست پێ دەکا:

**پێش ئەوەی گزنگی هەتاو ترۆپکی چیا بنگێوێ**
**پێش ئەوەی شنەی بەیانی بسکی بەرەزا ببزێوی**

**پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو لە زەرد و ما دەنگ داتەوە**
**پێش ئەوەی بلبل بخوێنێ خونچە دەمی بکاتەوە**

ئەگەر ئەم مۆدێلە لە ناو سێ مۆدێلەکەدا لە هەموویان ئارامتر و لەسەرخۆتر بێ، ئەو مۆدێلەی کە تێیدا هەر چوار نیوە بەیت هاوسەروان واتە AAAA لە هەموویان گشتتر و توندترە. هەر لەناو شیعرەکانی هێمندا شێعری بەهاری کوردستان کە لە سی و هەشت بەندی چوار نیوە بەیتی پێکهاتووە، ئەم مۆدێلە کرژ و گشتەی بۆ سەرواکانی تێدا رەچاو کراوە. دیارە ترپەیەکی توندیش کەشی مۆسیقای هەموو شیعرەکەی تەنیوەتەوە:

**شەماڵ هات بە گاڵەگاڵ هەور بوون گەواڵ گەواڵ**
**پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ بلبل کەوتە ناڵەناڵ**

**بە لەنگێزە بە باران بە شنەبای بەهاران**
**تواوەوە وەک جاران کەوی بەفری نیساران**

بەڵام لە ئارەق و تیندا شاعیر پەلەی نییە و بۆ ئەوەی بتوانێ دارِشت و پێکهاتەی مەبەستی پێک بهێنێ، شیعرەکەی درێژ کردووەتەوە و لە سەرەتای ئەم مەودا دوور و درێژەدا تەواو ئارامە و پشووی لەسەرخۆیە. تەنانەت شاعیر دەیتوانی لە مۆدێلی مەسنەوی واتە AABB بۆ رێکخستنی قافیەکان ـ کە لە مۆدێلی دەکارکراو لە بەهاری کوردستان خاوترە ـ کەڵک وەربگرێ. بۆ نموونە دەیتوانی بەندەکانی سەرەتایی بەم شێوەی خوارەوە بگوتبایە (ئەم بەندانە گۆردراوی شیعری هێمنن):

**پێش ئەوەی گزنگی هەتاو بەفری چیا بکاتە ئاو**
**پێش ئەوەی شنەی بەیانی ببزێوێ بسکی نیانی**

**پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو لە چـاوی کێو بزڕێنێ خەو**
**پێش ئــــەوەی بلبل بخـــوێنێ بـە تاســـەوە گــوڵ بدوێنێ**

بەڵام دەبینین شاعیر ئەو مۆدێلەی دەکار نەکردووە و مۆدێلی لەوە ئارامتریشی هەڵبژاردووە.

ئەم مۆدێلە بۆ سەروا، تەنیا هۆکاری ترپەی ئارام و لەسەرخۆی سەرەتای شیعر نییە. هۆکاری تریش کەڵکیان لێ وەرگیراوە. شاعیر دەیەوێ بڵێ، پێش ئەوەی تاو هەڵبێ، من خەریکی کار دەبم. بەڵام ئەو قسەیە هەروا سووک و خێرا نەگوتراوە. بەر لەوەی بەشی دووەمی ڕستەی سەرەوە بدرکێندرێ (من خەریکی کار دەبم)، دە بەند واتە چل نیوە بەیت نووسراوە. درکاندنی بەشی سەرەکیی ڕستەی سەرەوە، هێندەی چل نیوە بەیت وەدوا خراوە.

لەم چل نیوە بەیتەدا، بیست جار دەستەواژەی (پێش ئەوەی...) دووپات بووەتەوە. بەو دووپاتبوونەوە و وەدوا خرانە، زۆر بەباشی کەشێکی چیرۆکی پڕ لە هەڵواسران و هەڵپەسێردران (تەعلیق) ساز کراوە.

لە بیرمان نەچێ، هێمن چیرۆکبێژێکی چازانە و لە زۆر شیعریدا کەڵکی لە ڕەگەزەکانی چیرۆک وەرگرتووە؛ شیعری وەک "کاروانی خەبات" و "ئێوارەی پایز" شایەتی ئەم قسەیەن. دوای ئەوەی بیست جار دەستەواژەی "پێش ئەوەی.." دووپات دەبێتەوە و مەبەستە سەرەکییەکە هەر نادرکێندرێ و بەم شێوەیە کەشی هەڵواسران زۆر چاک ئامادە دەبێ، شاعیر بۆ تێپەڕاندنی خوێنەر لەو ترپە و مۆسیقا ئارامە، بۆ ترپەیەکی توندتر، کەڵکی لە تەمهیدێکی تریش وەرگرتووە. لەو دە بەندە، ناوەڕۆکی حەوت بەندی سەرەتا باسی دیاردەی ناسک و هەستبزوێن. بەڵام سێ بەندەکەی دواتر باسی دیاردەی ناحەز و ناهەق دەکەن. باسی دیاردە ناسکەکان لەپێشدا هاتوون، بەڵام باسی دیاردە دزێوەکان دوایی هاتووە.

ئەو تەمهیدە وای لە خوێنەر کردووە لە کۆتاییی ئەو دە بەندەدا ریتمە ئارامەکە هەر ڕابگرێ، بەڵام بە هۆی ئەو هەڵواسرانە مەیلەو درێژە و بەهۆی وەسفی ئەو دیاردە دزێوانەوە، سەبری نەمێنێ و زۆر چاک ئامادە بێ ترپە خاوەکە بتەقێنێتەوە و بەسەر ترپەیێکی توندتر و تووڕەتر و یەکبێژانەتردا بکەوێ. ئەگەر بەندەکانی سەرەتا ئاوا باسی بەختەوەری و دڵتەڕی دەکەن:

**پێش ئــەوەی لاوی بەختـــەوەر دەم راگوێزێ لەســەر خـاڵان**
**پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ وەڕەز بێ لە مـــاڵەومـــاڵان**

دوایێ لە سێ بەندەکەی تردا بەو دیاردانەی لە ڕوانگەی خۆیەوە ناحەزن ئۆقرە لە خوێنەر دەگرێ:

**پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر هـــەزارێک هەڵنێ بە تەماڵ**
**پێش ئەوەی ڕێچـــکە ببەستن بۆ مزگەوتێ شان بە بەرماڵ** (بەندی ٨)

**پێش ئەوەی دەروێشـــی چڵکن**      **پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ**
**پێش ئەوەی شێخ وەک تارمایی**      **بـــەرەو خانەقا خوشیـــبێ** (بەندی ٩)

**پێش ئەوەی گــزیری بەدفـــەڕ**      **لە دیوەخـــان پـــاروو بادا**
**پێـــش ئەوەی خـاتوونێک بەناز**      **پەردەی کۆشکی ئاغـا لادا** (بەندی١٠)

ئیتر لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە هەودای ئەو ترپە خاو و ئارامە بپسێ و کۆتا بە کەشی درێژی داهێڵدران بێ و خوێنەر بچێتە فازی ڕیتمێکی توندتر و گورجترەوە. ڕیتمێک کە هاوکات ڕیتمی بەسەرچوونی سەبر دوای ئەوە هەڵواسرانە مەیلەو درێژە و ڕیتمی تووڕەیی لەو دیاردە دزێوانە و هەروەها ڕیتمی کاری جووتیارێکە. لە بیرمان بێ ڕیتمی کاری جووتیارێکی بە دەستوبرد و گورجوگۆڵ، ڕیتمێکی توند و نائارامە و لەگەڵ خاوی و سستیدا یەک ناگرێتەوە:

**من کـاوی خـۆم لە کـار دیوە**      **مـــن جـەرگی زەویـــم دڕیوە**
**مـــن شـــێلەگـەم هـەڵبـڕیوە**      **من یەکـســەریـــم ئاخنیـوە** (بەندی١١)

لە بەندی یازدەمدا بە سێ شێوە مۆسیقای ناوەکیی بەندەکە توندتر بووە:

یەکەم: هەر چوار نیوە بەیت بە وشەی "من" دەست پێ دەکەن.

دووەم: هەرچوار نیوە بەیت خاوەنی یەک سەروان. لە سەرجەمی ئەوە دوو خاڵە بە ئەم ئاکامە دەگەین کە مۆدێلی کرژی AAAA نەک هەر بۆ کۆتاییی نیوە بەیتەکانی ئەم بەندە، بگرە بۆ سەرەتاکانیشیان کەڵکی لێ وەرگیراوە؛ واتە ئەم مۆدێلە بە شێوەیەکی دووقات دەکار کراوە. چوار جار دووپاتبوونەوەی وشەی "من" جگە لە مۆسیقایێکی توند، ناوەڕۆکێکی چالاک و کردەوەخوازانەشی لەم بەندەدا خوڵقاندووە.

سێیەم: جگە لە سەروای وشەکانی "دیوە" و "دڕیوە" و "ئاخنیوە"دا، کەرتی (im) لە وشەکانی "زەویم" و "یەکسەریم"دا دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەیە و هەروەها مۆسیقایێکیش لە جیناسی ناتەواوی دوو وشەی "کار" و "کاو"دا هەیە.

شیعر بەم شێوەیەی خوارەوە بە بەندەکانی دوازدە و سێزدە، درێژەی پێ دەدرێ:

**من ڕێزمســـــواڵەم دانـــــاوە**      **شـەغرە وێنجـەم پێوە داوە**
**من گــاگــێـــڕەم تێـــر کــراوە**      **یا خـــۆیـانم وەرگـــێـــڕاوە** (بەندی ١٢)
**هـاویـــن و پاییـــــز و بەهـار**      **هەتاو لێی نەداوم بێکار** (بەندی١٣)

گوتمان لە بەندی یازدەمدا ڕیتمی شیعر توندە. بەندی دوازدەمیش ئەگەرچی ڕیتمەکەی هەر توندە، بەڵام لەچاو بەندی یازدەم کەمێک خاوترە. لە بەندی سێزدەمدا، ڕیتم هێندەی تریش خاو دەبێتەوە. ئەو خاوبوونەوە مۆسیقاییە چۆن یەکدابەدوو ڕووی داوە؟

ولاّم ئەمەیە: راستە لە بەندی دوازدەمدا وەکو بەندی یازدەم، هەر چوار سەروا یەکن، (داناوە، پێوە داوە، تێر کراوە، وەرگێڕاوە) ئەم هۆکارە نەیهێشتووە ئاوازی بەندەکە بە تەواوی خاو بێتەوە، بەلاّم لە بەندی یازدەمدا هەر چوار نیوە بەیت بە وشەی "من" دەست پێ دەکەن کەچی لە بەندی دوازدەمدا ئەو دووپاتبوونەوەیە دەبێ بە دووجار. جگە لەمە، لەم بەندەدا ئەو مۆسیقا دەروونییە کە لە بەندی پێشوودا بەهۆی هاوشێوەیی وشەکانی "کار" و "کاو" لە لایێک و "زەویم" و "یەکسەریم" لەلاییکی تردا هەبوو، وەبەرچاو نایێ. جگە لەمانە، هەردوو بەندی یازدە و دوازدە – وەکو هەموو بەندەکانیە پێشوو– لە خۆگری چوار نیوەبەیتن، بەلاّم لە بەندی سێزدەدا خوێنەر لە پڕێکدا بەسەر بەندێکی تاکبەیتیدا دەکەوێ و ئەم بەسەرداکەوتنە لە ناکاو وەک تۆرمزێک بەجارێک خێرایی ریتمی خوێندنەوەکە خاو دەکاتەوە. بەندی دوای ئەوە، پێنج بەیت لە خۆ دەگرێ کە بەشێوەی مەسنەوی گوتراوە. ڕیتمی ئەو بەندە ڕیتمێکی ئاساییە، واتە نە خاوە و نە کرژە. هەر لەم بەندە بە ریتمی ئاساییدایە کە مەبەستی سەرەکی و کاکڵی نێوەڕۆکی شیعرەکە درکێندراوە. سەرنج بدەنە ئەو خاڵە کە چ شوێنێک لە شیعرەکە بۆ درکاندنی کاکڵی مەبەستی شیعر هەڵبژێردراوە. شوێنێک بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە کە نە وەکو هەورازی بەندە خاوەکانە و نە وەکو لێژاییی بەندە کرژەکانە، بگرە گۆڕاییێکی لەبار بۆ بەدەستەوەدانی کاکڵی شێعرەکە هەڵبژێردراوە. ناوی شێعرەکەش هەر لەم بەندە وەرگیراوە:

**مـن جـووتیـارم من جـووتیـارم      مـن لەگەڵ هەتاو هاوکـارم**
**من بـــــە ئـارەق و ئەو بە تین      دامـان ڕشتووە بناخەی ژین**
**بـاسکی من و تیـشکی ئەوی      بژیو دەسـتـێنین لە زەوی**
**گـەر جـووتیـار ئارەق نەڕێژێ      گـەر هەتاو تیـشک ناوێژێ**
**دانیشـتووی ناو کۆشک و قەڵا      دەخۆن نانی کەڵا گـــــەڵا؟** (بەندی ١٤)

بەندی دوای ئەوە بە "بەلاّم" دەست پێ دەکا. پەیامی ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنای ئەو بەلاّمە ئەوەیە کە ئەو دۆخە ئاساییە و ئەو گۆڕاییە لەبارە ناتوانێ بەردەوام بێ و نالەبارییەک لە گۆڕێدایە کە دەبێتە هۆی دەنگ هەڵبڕین. لێرەشدا وەکو دە بەندی سەرەتایی، تەعلیق و هەڵپەسێردرانێکی تر وەبەرچاو دەکەوێ. لەم بەندە دوازدە بەیتییەدا (کە مۆدێلی سەرواکانی مۆدێلی مەسنەوییە) بیست و دوو جار وشەی "نە" لە شێوەیەکی نەگۆڕی دەربڕێندا دووپات دەبێتەوە:

**بەلاّم حەیـــف ئێستاش لێرە      من برسیم و کەسێک تێرە**
**نە قـەت ئارەقی ئەســــــڕیوە      نە قـەت گـەوزی هەڵبـڕیوە**
**نە مـەچـەکی جـەمـام بووە      نە چۆڵەمـــەی لە جێ چووە**
**نە ئەنگوســــتی ڕاگــــیــراوە      نە داســـوو لە چاوی داوە**

لە بیرمان بێ ئەو شێوە دەربڕینە خاوەنی دەلالەتێکی سلبی و دەلالەتێکی ئیجابییە. دەلالەتە

سلبییەکە ڕاستەوخۆیە. شیعر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کرداری نەرێ لەبارەی کابرای تێرەوە دەڵێ لەبەر بارانێ نەخووساوە و نووسەکەی پێوە نەنووساوە و.. هتد. بەڵام ئەو دەربڕینە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەیەوێ بڵێ "بەڵام" من لەبەر بارانێ خووساوم و نووسەکەم پێوە نووساوە و... "بەڵام حەیف" ئەو کابرایە کە هیچ کام لەو چەرمەسەرییانەی نەدیوە و بەقاعیدە دەبێ برسی بێ، تێرە. منیش کە هەموو ئەو ئازارانەم چێشتووە و دەبێ تێر بم، برسیم. ئەو نێوەڕۆکە دیسان خوێنەر تووڕە دەکا. ئەو تووڕەبوونە بەهۆی بیست و دووجار دووپاتبوونەوەی مۆدێلی هاوشێوەی "نە قەت ئارەقی ئەسرپیوە"، دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

**نە زوقمی بەسەردا باری نە لە قوڕدا کەوت باری**
**نە دی شەو و شەونخوونی نە چێشتی دەردی نەبوونی**

کارکردێک کە ئەم دووپاتبوونەوە و دواخرانە هەیەتی، برێتییە لە زەوینە خۆشکردن بۆ تەقینەوەیەکی مۆسیقایی و ناوەڕۆکی لە بەندی دوایی و ئاکامی ئەم شیعرەدا. لەم بەندەدا، منی شیعری بڕیاری دواییی خۆی بۆ ڕاپەڕین دەدا. بڕیارێک کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری خرۆشێکی تایبەتییە و ئەو تەقینەوە مۆسیقاییە لەگەڵ ئەوە خرۆشە تایبەتە، یەک دەگرنەوە:

**تاکەی وابم تاکەی وابم دەس بەتاڵ و رەنج بەبا بم؟**
**تاکەی رەنجی شان و پیلم بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟**

لێرەدا کارکردی ڕستەی پرسیار بەڕاستی پرسیارکردن نییە، بگرە نیشاندانی وشیاربوونەوەیە. وشیاربوونەوەیێک کە بە وشەی "نا"وە دەلکێ؛ نای نەفیکردنەوە. ئەو دوو"نا"یەی خوارەوە گورزێکە لەو بیست و دوو "نە"یەی پێشوو دەوەشێندرێ.

**نا نا تازە ڕاپەڕیوم ناتوانن بدەن فریوم**
**ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم مەودا بە داگیرکەر نادەم**
**لە شان و باهۆی خۆم ڕادی هەڵگرم ئاڵای ئازادی**

ئەو ڕستانە، لەوانەیە دروشمیان تێدا هەبێ، بەڵام سەرنج بدەنە ئەو خاڵە کە دروشمەکان لەناو چ زەوینەیەکی هونەریدا جێی خۆیان خۆش کردووە.

دەبینین ریالیسمی سۆسیالیستیی هێمن دروشمێکی ڕووت و دەنگ هەڵبڕینێکی ناهونەری نییە؛ بگرە لە بەرگێکی نیانی ناسککاریی هونەریدا وەرپێچراوە.

---

[1] هێمن، هەواری خاڵی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل ٨٦.

[2] دوای نووسینی ئەم وتارە لە دوکتۆر عوسمان دەشتیم بیست ئەو دۆستەی مامۆستا هێمن لێرە باسی دەکا دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوورە.

[3]ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

باس

دانا ڕەئووف

# نەورەس و چێخەڤ



چێخەڤ

چێـــخـــەڤ لە ســالّی ١٨٦٠دا لە شــارێکی بچووکی باشووری ڕووسیا لەدایک بووە. دوای قوتابخانە کۆلێجی پزیشکی تەواو دەکات، بەڵام دەبێت بە نووســەر. چێـخـەڤ هەرچەندە واز لە پیشـەی پزیشکی دێنێت، بەڵام دەستبەرداری نەخۆشەکان، بە تایبەتی هەژارەکانیان، نابێت و بەردەوام چارەسەریان دەکات.

چێخەڤ لە ڕێگای نۆڤێلت و شانۆنامەکانیەوە: نەورەس، لالۆ ڤانیا، سێ خوشکەکە و باخچەی گێلاس، کە لە دوای ســاڵی ١٨٩٥ نووسـیونی، دەبێـــتـــە یەکـێـک لە نووســـەرە گـــەورە نێونەتەوەییەکانی دنیا. چێخەڤ زۆربەی ژیانی لە مۆسکۆ بەسـەر بردووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی و باری تەندروسـتـیـیـەوە مـاوەیەکی زۆریش لە نیـمـچـەدوورگـەی کرێم و یاڵتاش ژیاوە، تا لە ساڵی ١٩٠٤دا کۆچی دوایی دەکات.

# نەورەس

چێخـــەڤ هەرکـە شـانۆنامـەی (نەورەس) لە سـاڵی ١٨٩٦دا دەنووسـێت، لەسـەر شـانۆی "ئەلیکساندرەڤسکی" نمایش دەکرێت. ئەم نمایشـە سـەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێت و ڕەخنەگرەکان زۆر بە توندی هێرشی دەکەنە سەر و بە کارەساتێکی هونەریی دادەنێن.

چێخەڤ بەم هەرەسە هونەرییە تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت و نایەوێت جارێکی تر بۆ شانۆ بنووسێت.

بەڵام ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەریی مۆسکۆ، چێخەڤ ناچار دەکەن کە شانسێکی تر بدات بە (نەورەس) و لە ساڵی ١٨٩٨دا لە مۆسکۆ نمایش دەکرێتەوە. ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ شانۆی هونەری، بۆ نەورەس و بۆ چێخەڤیش بە دەست دەهێنێت.

نەورەس بە زمانێکی ساکار، تەکنیکێکی بەرزی شانۆیی و فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانەوە، چیرۆکی یازدە مرۆڤمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە یەکێک لە شارە گچکە و دوورەدەستەکانی ڕووسیادا لە لێوار زێبارێکدا دەژین.

بەسەرهات و ڕووداوەکانی نەورەس باسی مەسەلە هەتاهەتایی و هەنووکەییەکانی مرۆڤ: خۆشەویستی، جیابوونەوە و دابڕان، پیربوون، شەڕی نێوان نەوەکان، بەناوبانگبوون، هەروەها شانۆ و ئەدەب دەکەن. لە پاڵ ئەمانەشدا، باسی خەونی ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت ببنە ئەکتەر، بە نووسەر و ناوبانگ دەرکەن.

ماشا، کەنستەنتینی خۆش دەوێت، کەنستەنتین عاشقی نینایە، نیناش تای عەشقی بۆ تریگۆرین لێ هاتووە، هەموویان عاشقن، هەمووشیان عاشقی کەسێکی هەڵەن.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی  بۆ بکرێت، ئەوەیە کە دوو مەسەلەی سەرەکی لەنێو ڕووداوەکان و لەگەڵ کارەکتەرەکان و لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، لە چەقی شانۆنامەکەدان و بەهایەکی گەورەیان هەیە؛ ئەوەش بەهاکانی هونەر و خۆشەویستییە و هەموو کارەکتەرەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەم دوو مەسەلەیەوە بەستراونەتەوە.

زۆرجار پێوەندی کارەکتەرەکان بە مەسەلەکانی هونەرەوە، لەسەر ئاستێکی بەرز پابەندی مەرگ و ژیانە، بۆ نموونە لەلای کەنستەنتین و نینا. نینا لە پێناوی ئەوەی ببێت بە ئەکتەر هەموو شتێک لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت: ژیانێکی ئارام، ماڵە باوان و خۆشەویستەکەی، کەنستەنتینیش بەدوای فۆرمێکی نوێی شانۆدا دەگەڕێت. کەنستەنتین هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا باسی فۆرم و شێوازی نوێ دەکات و دەڵێت "دەبێ شێوازی نوێ بخوڵقێنین، پێویستمان بەشێوازی نوێیە، خۆ ئەگەر ئەو شێوازە نوێیەمان پێ بەرهەم نەیەت، چاکترە هەر دەستی لێ هەڵگرین"، بەڵام خۆشەویستیی "نینا" تێکی دەشکێنێت و وەکو نووسەرێکی ناکام و بێ هیوا کۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

ئەم مەسەلانە لەلای ئەرکادینا/ئەکتەر، تریگۆرین/ نووسەر لە ئاستێکی تردایە، ئەمان بەناوبانگن، ڕێگە دوورەکەیان بڕیوە، بەڵام لەنێو ڕواڵەت، دووبارەبوونەوە و چەقبەستندا دەسووڕێنەوە و ددان بە یەکتریدا نانێن، بە تایبەتی کەنستەنتین/ ئەرکادینا، کەنستەنتین/ تریگۆرین و یەکتری وەلاوە دەنێن.

بەم شێوەیە شانۆنامەی (نەورەس) شەڕی نەوەکان، کۆن و نوێ، مرۆڤە بەهرەمەند و بێ بەهرەکان دەخاتە ڕوو. لەم شەڕەدا کەنستەنتین بە هونەرەکەیەوە نوێنەری نەوەیەکی نوێیە و دژی چینە ناودار و هونەرمەندە تەقلیدییەکانە، دژی فۆرمە کۆن و چەقبەستووەکانە و دژی ئەو هونەرەیە کە لە بنەما تەقلیدی و باو و ڕۆتینەکاندا دەسووڕێتەوە.

ئەوەی کە لە نێوان ئەم کارەکتەرانەشدا هاوبەشە، بە تایبەتی لە پێوەندییەکانیاندا بە مەسەلە هونەرییەکانەوە، ئەوەیە کە نووسەر پرسە هونەرییەکانی بەستووەتەوە بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانەوە و پێگەی هونەر و هونەرمەندیشی کردووەتە بەشێکی گرینگ و جیانەکراوەی کۆمەڵگە. هەروەها چۆن مەسەلە هونەرییەکان بنەما و پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەهەمان شێوەش مەسەلەکانی خۆشەویستی، گیروگرفتە دەروونییەکان و بارودۆخە ناهەموارەکان، بەشێکن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان.

چێخەڤ توانیویەتی ئەم دوو مەسەلەیە، ئەم دوو جەمسەرە، ئەم دوو بنەما گرینگە، بەشێوەیەکی فراوان قووڵ بکاتەوە و مەودایەکی هەمەچەشنیان پێ بدات و گیروگرفت و پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە ئابوورییەکان لە ڕوانگەی پێوەندییەکانەوە بخاتە ڕوو.

لەلای کەنستەنتین و نینا هەردوو مەسەلەکە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، گرفتەکانی هونەر لە هەمان کاتدا گرفتەکانی خۆشەویستیشن و دەبنە مۆتیڤێکی بەهێز و پابەند بە ژیانەوە.

## شانۆ و خۆشەویستی

چێخەڤ هەر لە دەستپێکی شانۆنامەکەوە و لە دوو هێڵی تەریبدا مەسەلەکانی هونەر و خۆشەویستی دەبەستێت بەیەکەوە و دەیانخاتە ڕوو؛ کارەکتەرەکانمان پێشان دەدات و گیروگرفتە دەروونی، کۆمەڵایەتی و عەشقە ئاڵۆزەکانیان ئاشکرا دەکات.

لە پەردەی یەکەمدا نمایشێکی شانۆییی هەرزەکارانە دەبینین کە بە ئاژاوە کۆتایی دێت، لە پەردەی دووەمدا تریپلیۆڤ (کەنستەنتین) لە ئەنجامی دڵدارییەکی بێ هیوادا، هەوڵی خۆکوشتن دەدات، نیناش حەز و خۆشەویستیی خۆی بۆ تریگۆرین دەردەبڕێت.

لە پەردەی سێیەمدا ئەرکادینا، تریگۆرین ناچار دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام تریگۆرین لە پشت ئەرکادیناوە لەگەڵ نینا ڕێک دەکەوێت تا لە مۆسکۆ یەکتری ببینن و پێوەندییەکی خۆشەویستی ببەستن.

پەردەی چوارەم، دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکاندا تێ پەڕیوە. وەرزی پایزە، نینا بووەتە ئەکتەرێکی باوەڕ پێکراو، تریگۆرین وازی لێ هێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەرکادینا و کەنستەنتینیش بووە بە نووسەر. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورتی نێوان نینا و کەنستەنتین، نینا بە تەواوەتی ماڵئاوایی لە کەنستەنتین دەکات و کەنستەنتینیش بە گوللەیەک کۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

چێخەڤ بیر و بۆچوونە شانۆییەکانی کەنستەنتین لە تەوژمە ئەڤاندگار و سیمبولیزمەکانی ئەو سەردەمەوە وەردەگرێت، بەتایبەتیش (مۆریس مەتەرلینگ) و تەوژمی سیمبولیزمەکانی فرەنسا. ئەو تەوژمە سیمبولییە، لەو زەمەنەدا بووبوو بە ئاوازی دەربڕینی کۆمەڵێ شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و شانۆ. شانۆ بچووکەکانی پاریس کەوتبوونە نمایشکردنی شانۆنامەی ئەزموونگەری کە ڕووناکی، تاریکی و سێبەر، دەنگ و بووکەڵە و تەنانەت بۆنیشیان بەکار دەهێنا. هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن، کە لە یەکێک لەو نمایشانەدا، بۆنیان پرژاندووە بەناو هۆڵی بینەراندا، هەروەکو ئەوەی کەنستەنتین لە نمایشەکەی خۆی و نینادا و لە کاتی دەرکەوتنی دوو (چاوە سوورەکان)دا، بۆنی گۆگرد و شتی تر بڵاو دەکاتەوە.

کەنستەنتین هەر لە دەستپێکی شانۆنامەکەدا دووپاتی دەکاتەوە، کە لە شانۆدا نابێت "ژیان وەک ئەوەی هەیە نمایش بکرێت، یان وەک ئەوەی کە پێویستە ببێت، بگرە دەبێت بەو شێوەیە نمایش بکرێت کە لە خەوەکانماندا دێتە بەرچاومان".

لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا، دوای ئەوەی دەبێتە نووسەر و لە کۆوارەکاندا نۆڤێلتەکانی بڵاو دەکرێنەوە، بە ڕوونی و بە پێداگرتنەوە دەڵێت "من تا دێت زیاتر و زیاتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە کار لە فۆرمی کۆن و نوێدا نییە، بگرە لەوەدایە کە مرۆڤ کاتێک دەنووسێت لە ڕاستیدا بیر لە هیچ جۆرە فۆرمێک ناکاتەوە، ئەو بۆیە دەنووسێت، چونکە نووسین خۆی، ئازادانە و بێ پەروا لە ڕۆحییەوە سەر دەکات..."

ئەم بیر و بۆچوونە هونەرییانەی کە لەم شانۆنامەیەدا، لەلایەن کەنستەنتین سەبارەت بە فۆرم و شانۆ و ئەدەب دەخرێنە ڕوو، نابنە چەند پەرەگرافێکی تیئۆری وشک، بگرە دەبنە بەشێک لە کارەکتەری کەنستەنتین و پرۆسە شانۆییەکە، بەمەش پێودانگە درامییەکە و ڕووداوەکان تۆکمە و ڕوونتر دەکات.

چێخەڤ لەژێر کاریگەری نووسەری نەرویجی هێنریک ئیبسن و شانۆنامەی (مراویی کێوی)دا شانۆنامەکەی خۆی ناوناوە (نەورەس) و ویستوویەتی ئەویش باڵندەیەک بکاتە مۆتیڤ و مەودایەکی هێماگەلی قووڵی پێ بدات و هێڵی ڕووداو و کارەکتەرەکان، بە تایبەتیش (نینا) ببەستێتەوە بە نەورەسێکەوە. ئەمە جگە لەوەی کە چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینە هەن لە ژیانی چێخەڤدا، کەم و زۆر سوودی لێ وەرگرتوون و بەکارهێنانی مۆتیڤی (نەورەس) ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەو بەسەرهاتانەیە، هەر بۆ نموونە چێخەڤ جارێکیان ناچار بووە کە (دارکونکەرە)یەکی جوان بکوژێت، چونکە هاوڕێ وێنەکێشەکەی کە ناوی لیڤیتان بووە، بە ڕێککەوت بریندازی کردووە. هەر

ئەم هاوڕێیەی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام سەرناکەوێت و تەنیا سەری بریندار دەکات. ئەمەش ڕێک وەک کارەکتەری کەنستەنتین، کە لە هەوڵێکی خۆکوشتندا سەری بریندار دەبێت و لە بریی دارکونکەرەش نەورەسێک دەکوژێت.

## دیمەنی کۆتایی و کۆتاییی گەشتەکە

لە دیمەنی کۆتاییدا، نینا و کەنستەنتین سەرلەنوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کەنستەنتین بووەتە نووسەر و نیناش لە شانۆکاندا وەکو ئەکتەر کار دەکات. جیاوازیی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە لەم دووڕیانەدا (دوای دوو ساڵ) ئەوەیە، کە نینا هەموو ڕەهەند، گومان، دڵەڕاوکێ، کەوتن و پەژارەکانی لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشتووە و بووەتە ئافرەتێکی خاوەن ئەزموون.

نینا دەڵێت ".. باسی شانۆ دەکەم... من ئێستا وا نەماوم، من ئەکتەرێکی ڕاستەقینەم، چێژ لەو ڕۆڵانە دەبینم کە دەیاننوێنم و سەرسام دەبم بەرانبەریان، لەسەر تەختی شانۆکە مەست دەبم و هەست بە لێهاتوویی و کەموێنەیی خۆم دەکەم". لەم ڕووەوە نینا تاکە کارەکتەرە، کە لەم شانۆنامەیەدا، لە هەردوو ڕووی (دەروونی) خۆشەویستی و هونەریشەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی و گەورەی بەسەردا دێت، دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ و بە ئەزموون، مل دەدات بۆ هەموو ئەو بەرەنجامانەی کە لە ژیاندا بەهۆی بڕیارەکانی خۆیەوە، بەهۆی هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە تووشی دەبن. بەڵام کەنستەنتین لە شوێنی خۆیدا وەستاوە، بێهودەیە و هەست دەکات مرۆڤێکە لە ژیاندا بەختیار نییە، لەم دوا چاوپێکەوتنەدا بەتەواوەتی هەست بەفەشەلیی خۆی دەکات و بە نینا دەڵێت "ئێوە ڕێگەی خۆتان دۆزیوەتەوە و دەزانن بەرەو کوێ ڕێ دەکەن، هەرچی منیشم هەر لە ئاشووبی خەیاڵات و دیمەنە دژبەیەکەکاندا دەژیم". ئەوەی لە بەرەنجامیشدا ڕوو دەدات ئەوەیە، نینا سەرلەنوێ کەنستەنتین بەجێ دەهێڵێتەوە، بەرەو شار و شانۆ بچووکەکانی هەرێمەکان، بەبێ ئاوڕدانەوە هەنگاو دەنێت، بەڵام کەنستەنتین هیچ شوێنێکی نییە بۆی بچێت و لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە. دوا بڕیاریش ئەوەیە: دەست دەداتە دەستنووسەکانی و پارچە پارچەیان دەکات و دەڕواتە دەرەوە و بەگوللەیەک کۆتاییی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

تێبینی: ئەم باسەم لە کاتی بەشداریکردنم لە شانۆنامەی نەورەس، لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم نووسیوە و لە پرۆگرامی شانۆنامەکەشەدا بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا بە دەستکارییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

باس

ئاری عوسمان خەیات

# سێکس لە ڕۆماندا

١

بەوپێیەی ئەدەب بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤایەتی پێک دەهێنێ، بۆیە سەرنج دەدەین، کە ئەدەب پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆی کایەکانی ژیاندا هەیە، لە وردەوە بۆ گەورە و لە بایەخدارەوە بۆ کەمبایەخ و بێبایەخ و.. هتد، دیارە لەوەشدا وردەکان گەورە دەکا و دەشتوانێ گەورە بچووک بکاتەوە و هەروەک دەتوانێ گۆڕانکاری لە شوێن و پێگەی بایەخدار و بێبایەخیشدا بکات و.. ئیدی ئاوا.

ڕەنگە پێوەندیی نێوان ئەدەب و سێکس یەکێک بێت لە سەرەنجڕاکێشترین ئەو پێوەندییانەی لە زۆربەی دەقی ئەدەبی جیهانیدا ڕەنگی دابێتەوە و تیشکی خرابێتە سەر، لە کاتێکدا ئەو جۆرە پێوەندییە، نەک هەر لە ئەدەبیاتی ئێمەدا وەک پێویست قسەی لەسەر نەکراوە، بگرە، نەشتوانراوە لە ئاستی گرینگی ئەو پرسەدا، لە دەقی ئەدەبی کوردیدا بەرکەڵک بخرێت، لەوانەیە بەشێک لە هۆکاری ئەمەش بۆ باری داخراوی کۆمەڵی کوردەواری بگەڕێتەوە.

ڕاستە مێژووی ئەدەبی کوردی، نموونەگەلی شیعریی جوانی بۆ پاراستووین، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو پێوەندییەی تێدا بەرکەڵک خراوە، وەک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا دەیخوێنینەوە و بێ هیچ پەردەیەک توانیویەتی ناوی ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ بەکار بێنێ، کە پێشتر و بگرە تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا تابۆ و قەدەغەن و وەک ئەوەی بڵێی بەشێک نەبن لە جەستەی هەموو تاکەکەسێک، نەک هەر ئەوە، بگرە شێخی گەورە لە کاتێکدا ئەو کارەی

کردووە، کە دژ بە نەریتی کۆمەڵگە و خێزانەکەی خۆیشی بووە، بەدەر لەوەی ئەو وەک کەسێکی ئاسایی ئەو کارەی ئەنجام نەداوە، بگرە دوا جار ئەوە شێخ ڕەزای شاعیرە، کە هاتووە و ڕیسکی نواندووە و سنووری حەرامکراوەکانی ناو دنیای شیعری ئەو سەردەمی ئەدەبیاتی کوردیی بەزاندووە، بەڵام هەمووو ئەم هەلانە، لە بەردەم پرسیارێکی لەم شێوەیەدا خۆی ناگرێ: ئاخۆ ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی ئێمە بڕیاری تەواوکارانە لەسەر پێگەیشتنی پێوەندیی نێوان ئەدەب و سێکس بدەین؟

بێگومان کاتێک ناوی سێکس دەبەین و باسی دەکەین، ئەوا لەو ڕوانگەوەیە، کە ئێمە پێمان وایە دەبێ سێکس وەک زمانێکی جیهانی، تەماشا بکرێ، نەوەک تەنیا کەناڵێک بێت بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک حەز و ئارەزووی جەستەیی و تەواو، بەو مانایەی ناکرێ وەک پرسێکی بازرگانی لە پرسی سێکس بڕوانرێ، بە تایبەتیش ئەمە لە حاڵەکاتێکدایە، کە ئەوە دەزانین مەبەستمان قسەکردنە لەسەر ماهییەتی پێوەندیی نێوان ئەدەب و سێکس وەک یەکێک لە کایە هەرە زیندوو و بەبایەخەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

٢

ئاخۆ ڕۆماننووسی کورد تا چەند توانیویەتی مامەڵەی دروست و وەک پێویست لەگەڵ پرسی بەرکەڵخستنی سێکسدا بکات، وەک بەشێک لە بنیاتی تێکستی ڕۆمانەکەی؟ پێ دەچێ ئەمە لە ڕواڵەتدا پرسیارێکی سادە بێت، بەڵام بەوردبوونەوە لە ناوەڕۆکەکەی و گەڕان بەدوای وەڵامێکی پڕبەپێست بۆی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هێشتا لە تێکستی ڕۆمانی کوردیدا، سێکس وەک ئامرازێک بۆ کەشفی مرۆیی تەوزیف نەکراوە، کە ئەمەش نەبوو، ئەوا بێگومان هەر جۆرە هەوڵێک لەو بوارەدا، بەدیوی نەرێنیدا دەشکێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر مەبەست لەو بەرکاربردنە، پەیبردن نەبێ، بە خاڵە تاریک و دوور و قووڵەکانی ناخی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمان، ئەوا هەرگیز کارلێکیش لە نێوان کاراکتەر و ئەو هەوڵەی ڕۆماننووسدا ڕوو نادات و هەوڵەکە دوور دەکەوێتەوە لەوەی کە ئامانجی ئەوە بێت، لە دەرگەی کێشە و گرفتە دەروونی و سێکسییەکانی کەسایەتییەکان بدات و بەدووی چارەسەردا بگەڕێ بۆیان، واتا دەبێ ڕۆماننووس توانای بەسەر ئەوەدا بشکێ و بتوانێ پرسی سێکس وەک خەمێکی مرۆیی لەناو دەقەکەیدا بەکار بێنێ و بزانێ بە چ تەکنیکێک و چۆن دیمەنی ئەو گەنجە بخاتە ڕوو، کە بۆ یەکەمین جار دوای ٣٦، دەستی بەر دەستی کچێک دەکەوێت و لە حەژمەتان دەگری، ئەمەش ڕێک دیمەنی کەسایەتیی (تارق)ە، کاتێ دەستی بەر دەستی (شەیما) دەکەوێ، لە ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی (عەلا ئەسوانی)یدا، ئاخۆ تۆی خوێنەر، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو حاڵەتەدا، دەتوانی بەدەر لەو نیگا ئینسانییەی بەرابەر بە مەسەلەی سێکس هەیە، بە جۆرێکی تر تێی بڕوانی؟ هەڵبەت زەحمەتە لە وەڵامدا بگوترێ: بەڵێ.. لەمەشدا توانای ڕۆماننووسەکە دەردەکەوێت، کە چۆنچۆنی توانیویەتی ئەو حاڵەتانە لە کلاوڕۆژنەیەکی تەواو

مرۆییـیانەوە بگوازێتـەوە و تیشکی بخـاتە سـەر، هەر بۆیە خـوێنەر ناتوانێ لـە وەها بارێکدا، وەک داینەمۆیەکی سـاختـە بـۆ بەردەوامیدان بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمـانەکە لێی بڕوانـێ، بگرە پتر ئەو ڕاستـییـەی بۆ ڕوون دەبێتـەوە، لەوەی سـێکس بەشـێکە و بگرە بەشـێکی گـەورە و سـەرەکیشـە، لە پێویسـتـییـە ژیانییـەکانی خـەڵکی و ناکرێ و نابێ بەهیچ کلۆجێک، ئەو پێویسـتـییـە ژیانییـە لە تاکەکەس و لە ژیانی کۆمەڵایەتیی هیچ کۆمەڵگەیـەک دابـبڕێندرێ، هەروەک پێویستـە ڕۆمـاننووس ئەو توانایەشی هەبێت، کە وێنای سـەردەمییانـە بە سێکس ببـەخشـێ و وەک باسێک نەیخـاتە ڕوو، کـە تەنیـا مـەبەست لێی وەچەخسـتنەوە بێت، لەبەرئەوەی زۆرجـاران، ئەگـەر هـەوڵی وا لـە ڕۆمـانی کوردیدا درابێت، تەنیـا بەو ئـاقـارەدا ڕۆشتـووە، ئەمـەش هـیچ لە وەزیفـەی سـێکس سـەربار ناکات، هەر بۆیە هیـچیش لەو جـۆرە تەوزیفکردنـە نایێتە بەرهـەم و هیـچ چێژێکی ئێسـتاتیکیش بە خـوێنـەر ناگەیەنێ.

٣

ئەوە ڕاستە، کە سێکس زمانێکی جیهانییە و کەناڵێکی گیانیی گرینگە بۆ دروستکردنی پێوەندیی مرۆڤەکان بـە یەکترییەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە هـەروەک چۆن هـەموو جـۆرەکانی تری زمـان (ئـامـاژە، ڕەنگ، نیشـانە و.. هتد) ئامـرازێکی دوو لایەنن، سـێکسیش بە هـەمـان شـێوە هەڵگری ئەو خـەسـڵـەتە دیاریکراوەی خـۆیـەتی، بۆیە چۆنیـەتیی تێگەیشـتن لەم زمـانە یان ئـامـرازە، چۆنیـەتی بەکارهـێنانی بەلای مرۆڤـەکـانەوە دیاری دەکات، مـادامـەکێ ڕۆمـاننووسیش چ نیـیە بەدەر لەوەی ئەویش وەک هـەر کەسـێکی تر مرۆڤە و لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سـایکۆلۆجیی تایبەت و دیاریکراوی خـۆیدا دەژی، کەواتە دوا جار ئەویش مەحکومە بەهـەمان ئەو یاسا و ڕێسـایانەی وا دەکەن، چۆنیەتیی تێگەیشـتن و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی بەو زمـانەوە دیاری بکات، بەڵام ئەوەی لەم ناوەندەدا گرینگە، ئەوەیە کە دەبێ ڕۆماننووس خاوەنی هۆشیارییەکی زیاتر بێت و ڕێگە نەدا حەزە کەسییەکان و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی و هاوکاتیش تەماحی ناوداربوونیشی وا بکەن، کە بێت و لە ڕێگەی پرسـی بەرکـەڵـخسـتنی سـێکسـەوە لە ڕۆمـانەکەیدا، ڕەواج بـە نووسـینەکەی بدات و وا بکات سـەرنجی خوێنەران بەلای خـۆی و بەرهـەمـەکەیدا ڕابکێشـێت، چـونکە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوەی ڕۆمـان لە مەهـامـی ڕاستەقینـەی خۆی و واش دەکات سـەر لە خـوێنـەر بشێوێت و پەیامی مرۆییی نووسەریش وەک خۆی نەگاتە جێی مەبەست.

پێویستـە ئـامـاژەیەکیش بەوە بکەین، کە پێویستـە ڕۆمـاننووس بەشێوەیەکی باڵا پرسـی سـێکس تێکەڵ بە بنیاتی گێڕانەوە بکات، لەبەرئەوەی گێڕانەوە وەک یەکێک لە بنەوا سـەرەکییەکانی بنیاتی دەقی ڕۆمان، کـاریگـەریی ڕاستـەوخـۆی هـەیە، لەسـەر کـۆی ڕەگـەزەکانی تری بنیـاتـی ڕۆمـان، هـەر لە کـات و شـوێن و کـەسـایـەتی و هـەروەهـا شـێوازی گـێڕانەوە، کـاریگـەریی گـەورەشی دەبێ لەسـەر ڕەنگرێژکردنی بنیـاتی وەسف، کە ئەمـەی دواییـیان گرینگییـەکی لە ڕادەبەدەری هـەیە، لەبەرئەوەی

هەروەک (د. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح) دەڵێت: "وەسف پێویستییەکی سەرەکیی گێڕانەوەیە، زۆر زەحمەتە بێ وەسف بتوانین بگێڕینەوە، بەڵام کارێکی ئاسانە وەسف بکەین بێ گێڕانەوە. هەر لەبەر ئەمەیە هونەرەکانی گێڕانەوە ناتوانن دەستبەرداری وەسف بن، هاوکات وەسفیش ناتوانێت جێی گێڕانەوە بگرێتەوە" کەواتە ئاستەمە بەبێ بوونی زمانی دەق هیچ جۆرە وەسف و گێڕانەوەیەک، لە ڕۆماندا بێتە کایەوە، بۆیە پێویستە ڕۆماننووس ئەو کارە بکات، تا بتوانێ لە ڕێگەی گێڕانەوە و وەسفەوە ئەو دیمەنە جیاوازانە بگێڕێتەوە، کە پشکدارن لە دیاریکردنی سیمای گشتی کارەکتەرەکاندا و لە شوێنی پێویستیشدا بە کارامەییەوە سوود لە بەرکەڵخستنی سێکس ببینێ و بتوانێ جێگەی بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، وەسفی ئەرکی خۆی بگێڕێ، ئەمەش بەو پێیەی (وەسف ئەو برگە و کۆپلانە دەگرێتەوە، کە وێنەی ژینگە و سروشت و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیما و ڕوخساری کارەکتەرەکان لە شێوازێکی ئەدەبی ڕازاوەدا پێشان دەدات و ڕۆڵێکی گرینگ لە پەرەسەندنی بنیاتی هونەری دەقی گێڕانەوەبەندیدا دەگێڕێت).

٤

لە ڕاستیدا وەک چۆن کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی کوردی و تاکەکانی، تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر بە چۆنیەتیی تێگەیشتنیان لە پرسی سێکس بگۆڕن، هەر ئاواش کاتی ئەوە هاتووە ئەو پرسی هەستیارە لە ڕۆمانی کوردیدا بەرکەڵک بخرێت، ئەمەش ئەرکی سەرشانی ڕۆماننووسانی کوردە، کە هەوڵ بدەن بەجیا لە هەر کاتێک و بە هۆشیارییەکی زیاترەوە، کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن و کارێکی ئەوتۆ بکەن، کە دیدی نێگەتیڤانەی کۆمەڵگە لە هەمبەر سێکس بگۆڕن و ئاراستەیەکی تەندروست و ڕاستینە، لەو بارەیەوە لای تاکی کورد بخوڵقێنن، بەڵام پرسیارە هەمیشەییەکە ئەوەیە: ئاخۆ بەڕاست کۆمەڵگەی ئێمە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەیە، کە بەو ئاسانییە بتوانرێ لە ڕێگەی ڕۆمانەوە کاریگەریی لەسەر دروست بکرێ؟ ئەگەر لە باری ناهەمواری خوێندنەوە بڕوانین لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ئەوا ئەو ڕاستییە تاڵەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕێگەیەکی دوور و ئەرکێکی گرانمان لە پێشە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی ئێمە باسی لێوە دەکەین، بۆیە لە ئێستادا هیچمان پێ ناکرێ، بەدەر لە کارکردن و چاوەڕوانی بینینی ئەنجامەکان.

* سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)، تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٢- الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف ١٩٣٧-١٩٩٠)، عبدالامير مطر فيلي الساعدي، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٠

٣- ما هو مكان الجنس من أدب اليوم؟ محمد الحمامصي، http://aleftoday.info/node/1745

وتار

ئەسعەد جەباری

# کەرکووک لە هزر و ئەندێشەی "جەبار جەباری"دا




مامۆستا عبدولجەبار محەمەد جەباری ئەگەرچی لە تافی لاوێتیدا بەهرەکانی لە رێگەی شیعر نووسینەوە بووە، بەڵام پەیتا پەیتا نووسینەکانی لە رۆژنامە و گۆوارەکانی سەردەمی خۆی وەک (رووناکی، پێشکەوتن، راپەڕین، دەنگوباس، کل شیء، کەرکووک، هەتاو، کاری میللی) و چەندانی تر گەواهی راستی قسەکانمان دەسەلمێنێ کە خولیا و ئەندێشەی مامۆستای کۆچکردوو شەهیدی ئازادی و سەرفرازی گەلەکەی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی درێخی نەکردووە لە بەرگریکردنی دۆزی رەوای نەتەوەکەی.. ئەوێک لە پازدە ساڵی ژیانیەوە دەستی داوەتە نووسین لەژێر ناوی خواستراوی (دڵپاک جەباری) چەندان بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.. ئەم

نازناوەشی لە دڵپاکیی خۆیەوە لەدایک بووە.. کەسێکی روحسووک و وریا و چەلەنگ و چاپووک و خۆش مەشرەب و دەم بەخەندە بەرامبەر بەڕاستی و دروستیی ژیان، بەجۆرێ ئەوەی ناسیبێتی راستیی ئەم قسەیەی بۆ دەسەلمێ کە مامۆستا جەبار جەباری لە هەر کوێیەک کاری پێ سپێردرابێ ئەو دڵسۆزانە رای پەڕاندووە و بە ئەندازەی دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان و کوردستان هەنگاوی ناوە بەئاراستەی خزمەتێک لە ئاست بەرپرسیاریەتی مێژوویی، ئیدی ئەو خزمەتە لە هەر بوارێکدا بووبێت.

ئەو زاتە پیرۆزە لە ساڵی ١٩٦٧ز دەرکی بەوە کردووە کە کەلێنێک هەیە لە بواری نەنووسینەوەی مێژووی رۆژنامەوانی کوردی، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی بەدوای سەرچاوەیەکی زۆردا گەڕاوە تا توانیویەتی ئەوەندەی لە بەردەستیدا بووە ئەو مێژووە بکاتە نامیلکەیەک و بەر لە ٤٤ ساڵ پێش ئێستا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوی کردووەتەوە، ئەوەش بە بەردی بناخەی نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی دادەنرێ.. هەر بۆیە خۆی بەپێنووسە بەبرشتەکەی لە کۆتاییی پەرەگرافی پێشەکی ئەو نامیلکەیەدا دەڵێ (بۆ بووژاننەوە و ئاوەدانکردنەوەی سامانی کەڵچەری نەتەوایەتیمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە ئاشکرایانەی کە لە نامەخانەکانی گەلەکەماندا هەیە، ئەمڕۆ شادمانم کە ئەم دیارییە مێژووینە بەگەلە هەژار و بێ کەسەکەم پێشکێش بکەم.. هیوادارم لە رۆڵەکانی نەتەوە کە بەچاوێکی پڕ رێزەوە بنوارنە چاپەمەنییەکانمان لەبەرئەوەی کوردین) ئەم پەرەگرافە بەڵگەی دڵسۆزی مامۆستای ناوبراوە کە دەیەوێ کولتووری میللەتەکەمان لە نغرۆبوون و فەوتان رزگار بکات ئەو بەسامانی نەتەوەیی لە قەڵەم داوە و دەڵێ: پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە شادمانم دەکات.. ئەم قسەیە زۆر لە جێی خۆیەتی بۆ ئەمڕۆی ژیانی کوردەواریمان ئەوەتا دەیان و سەتان نووسەر لە دوای بڵاوکردنەوەی (مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی) بەردەوام وەک سەرچاوەیەکی پڕ دانسقە و گرینگ لە بابەت و لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژە بۆ ئەو شاکارە پڕ بایەخە دەدەن کە مامۆستا بەر لە ٤٣ ساڵ پێش ئێستا کۆی کردووەتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا.. هەر لەو پێشەکییەدا مامۆستا دەڵێ: گەلە هەژار و بێ کەسەکەم، ئەم قسەیەی خوالێخۆشبوو حەقیقەتێکی زیندووی تێدایە و دەرککردنە بەتەنیایی میللەتێک کە جگە لە خۆی کەس پشت و پەنای نییە.. ئەم دەستەواژەیە (هەژار و بێکەس) بەو کات هەردەم لە نووسین و شیعر و ئەدەبیاتی ریالیزمی سەردەمی خۆیدا رەنگی داوەتەوە، میللەتێ هەیە کوردە و بەردەوام لە بەرگری و خەباتدایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وەلێ کەس پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی ناکات و بە تەنیایە، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا بارودۆخی سیاسی هێندە تاڵ و سوێر بوو نووسەران وەک هێما و رەمز دەستەواژەی جیاجیایان بەکار دەهێنا لە نووسین و بابەتەکانیاندا مەگەر هەر دڵسۆزانی وشەی کوردی تەفسیری دڵسۆزانەیان بۆ دەکرد و لە مەغزا و مەبەستی وشە و دەستەواژەکانیان دەگەیشتن، بۆیە لە کۆتاییی نووسینەکەیدا دەڵێ: بەچاوێکی پڕ رێزەوە با نەتەوەکەم بڕوانێتە چاپەمەنییەکانی لەبەرئەوەی کوردین، دیارە ئەو وەک نووسەرێ هەستی بە



گـەورەییی مـیللـەتەکـەی کـردووە ئەگـەرچی دووژمـنـان هـەردەم ویسـتـوویانە بەچـاوی کـەم بڕوانـنـە مـێـژووی پڕ بـەرهـەمـی ئـەدەبی و وێژەی نەتەوەکـەیان بۆیە تکایان لێ دەکـات کـە بـەچاوی رێزەوە بڕواننە کۆشـشـەکـەی.. ئێـمـەش ئەو دەم و ئێـسـتـاش هـەست بە مـاندووبوونی ئەو زاتە دەکـەین بەرامـبـەر بە هـەوڵ و کـۆشـشـەکـانی بۆ زیندوو ڕاگـرتنی مـێـژوویەک نەک تەنـیـا شـانازییـە بۆ نەتەوەکەمان بگرە پڕاوپڕە لە قوربانی و سەربڵندی.

مـامـۆسـتـای بەهـەشـتی جـەبار جـەباری لە سـەرجـەم نووسـینەکـانیدا خـاوەن سـتـایل و شکڵ و شـێـوازی نووسـینـی تازەیە بەجـۆرێ لە یاریکردن بەوشـە و دانانی رسـتـە و شـێـوەی نووسـینـی بابەتەکانی بەئاشکرا بـەدی دەکرێ.. ئەو بۆ سـەردەمێ کـە هێشـتـا زمان و رێزمانی کـوردی وەکـو پێویست نەشونمای نەکردبوو هێشتـا گرفت لە بەردەم رێزمـان و رێنووسی کـوردیدا هـەبوو ژیرانە توانیویەتی لە کۆتاییی شەستەکانی سەدەی رابردوو ببێتە خـاوەن ستایلێکی تایبـەتی نووسـین کە دواتر کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بەهـەوڵ و کـۆششـی دڵسۆزانی وشـەی کـوردی هـەوڵی ئەوەیان دا کە زمانی کوردی و رێنووسی کوردی لە گیروگرفتەکانی رزگار بکەن و تەکانێ بدەن بە رێنووس

و زمان و ئەدەبیاتی کوردی کە تا ئەو کاتە کەموکووڕی زۆر بوو، بەڵام مامۆستا جەبار لەهەر بابەتێکیدا ئەو ڕاستییە بەدی دەکرێ کە خۆبەخۆ هەوڵی تازەگەری داوە لە گوزارشت و وشە و ڕێزمانی کوردی و تەنانەت لە ڕێنووسیشدا.. دیارە سەلیقەی ئەو زاتە لەو سۆنگەیەوەیە کە مامۆستا خۆی مامۆستای زمان و فەرهەنگی کوردی بووە جگە لەوەی ئەدیبێکی شارەزا و پێشینەی رۆشنبیریی گەورە بووە.

خەسڵەتێکی تری جەبار جەباری بەپێچەوانەی هەندێ لە ئەدیبانی کورد، ئەو فرە بەهرە و توانا بوو، لەلایەک لە خەمی نووسینەوەی مێژوو بووە ئەگەرچی مێژوونووس نەبووە، لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی بۆ دیوانەکەی (مەلا فەتاحی جەباری) نووسیوە و زۆر زیرەکانە شیعرەکانی مەلای هەڵسەنگاندووە، هەروەها پێشەکیی بۆ دیوانی راز و نیازی خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی شێردەرە) نووسیوە، جگە لەو لێکۆڵینەوە پڕ بەهایەی کە لەگەڵ مامۆستا (کەریم شارەزا) بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی (ئەسیری)ی خوالێخۆشبوو شاعیری شۆڕشگێر نووسیوە، لەو بەرهەمە ناوازەیەدا کە پێشەکییەکەی بە پێنووسی مامۆستا جەبار جەباری نووسراوە، زۆر ڕاستی و دروستی هەڵماڵیوە لەو ساتەوەختەدا ساڵی ١٩٧٤ زەنگێکی کاریگەر و بزمارێکی گەورەیە نووسەر لە تابووتی داگیرکەرانی داوە.. من لێرە تەنیا سێ پەڕەگرافی ئەو پێشەکییە دەهێنمەوە یادی ئەدیبان و نووسەران و خوێنەرانی کورد کە مامۆستا جەبار جەباری چۆن و بە چ نەفەسێ بەرگری کردووە لە شاری کەرکووکی ئازیزی کوردان و بەگژ داگیرکەراندا چووەتەوە و پێیان رادەگەیەنێ کە ئێوەی تێکدەری مێژوون سەرەڕای باڵادەستیتان ناتوانن داوا ڕەواکانی نەتەوەکەمان خەفە بکەن.. نووسەر بەم شێوەیە لە پێشەکێکەیدا دەڵێ: (ئێمە ئەگەر بێتوو تەماشای رابردووی ئەم شارە دێرینەی کوردستان (کەرکووک) بکەین و لەباری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئەدەبی وردبینەوە لەگەڵ شارەکانی تری کوردستانی عێراقدا بەراوردی بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەم شارە تا چ رادەیەک خزمەتی شارستانیەتی کوردەواریی کردووە و بەچەند قۆناخدا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە ئەم بارەی ئێستای کە بووەتە مایەی شادی و خۆشیمان لە سەرێکەوە و جێگەی ئاخوداخی پڕ حەسرەتمان لە سەرێکی ترەوە... هتد) دیارە لێرەوە ئەم پەرەگرافە سانسۆرکراوە لەلایەن سانسۆرچییەکانەوە بۆیە درێژە دەدات بەپێشەکییەکەی و بەم شێوە دەڵێ: (جا بۆ ئەوەی لەم بارە ئاڵۆزەی ئەم شارە زێرینەمان بگەین وا چاکە هەندێ بگەڕێینەوە دواوە و چاوێک بەمدیو و ئەودیوی رۆژانی رابردوویدا لە رووی ئیداری و کۆمەڵایەتییەوە بخشێنین تاکو بزانین تا چ رادەیەک حوکمڕانەکانی لەمەوبەری (بەتایبەتی عوسمانییەکان) دەستیان خستووەتە کاروباری ناوەخۆی ئەم شارەوە و بەچ جۆرێک کاریان کردووەتە سەر رەنگ و بۆ کوردەوارییەکەی لە ڕووی شارستانیەتی و رۆشنبیرییەوە؟..وە بەچ بارێکدا ژێروبان و ئەمدیو و ئەودیویان پێ کردووە و بەچارەنووسی رەوای یارییان کردووە.

کاتێ عوسمانیەکان دەستیان بەسەر کوردستان و وڵاتانی عەرەبیدا کێشاوە بەتایبەتی بەسەر

عێراق له سالّی (١٦٣٨وه تا ١٩١٧) و پێیان گیر کرد و ڕەگوڕیشەیان تێدا داکوتا و بەئارەزووی خۆیان کەوتنە حوکمکردنی و شارستانیەتی تورکیایان بەهەموو ناتەواوییەکەیەوە سەپاند بەسەر ئەو ولاّتانەی کە لەژێر دەستیانن وەباری کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیریی خۆیان بەزۆرەملێ و بەحوکمی ئەو بارودۆخەی لە کورد و عەرەب و ئاسووری و جولەکە، وە کەم و زۆر توانییان کار بکەنە سەر ڕوالّەتی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری بەتایبەتی ئەو نەتەوانە و لە ڕەنگ و شارستانیەتییان بگۆڕن و لەسەر و سیما و ڕوخساریان بڕوشێنن، جارێ یەکەم هەنگاو، زمانی تورکییان کرد بەزمانی فەرمیی ئەم هەرێم و ناوچانەی کە لەژێر ڕکێف و دەسەلاّتیاندا بوو، کاروباری داوودەزگاکانیان بەو زمانە هەلّدەسوڕاند، ڕۆژنامە و کۆوارەکان بەتورکی دەردەچوون و بلاّو دەکرانەوە...)... هتد پێشەکییەکە.




ئەگەر بمانەوێ خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی ئەم پێشەکییە شەن و کەو بکەین زۆر هەلّدەگرێ.. لە کاتێکدا نووسەر ڕاشکاوانە دەلّێ: ئەم شارە دێرینەی کوردستان کەرکوک.. شاری کەرکووکی بەشاری کوردستانی ناوبردووە سەرەڕای ئەوەی ئەو کات بالاّدەستیی بەعس و دیکتاتۆریەتی جەلادەکانی بەعس بەگژ هەموو کەسێکدا دەچوونەوە کە بلّێ کەرکووک کوردستانییە.. جا نووسەرێک و لە پێشەکی نامیلکەیەکدا ڕاستەوخۆ ئەو ڕستەیە بتەقێنێتەوە بەگژ داگیرکەرانی کوردستان کە مەحالّە ئێوە بتوانن کوردستان و کەرکووک لە یەک جیا بکەنەوە سەرەڕای هەموو پیلان و بەرنامە گلاّوەکانی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر.. دیارە وەکو ئاماژەم پێ دا لە کۆتاییی یەکەم پەرەگرافدا ڕستەکە ناتەواوە، شێوێنراوە و سانسۆرچییەکان لایان بردووە، لەبەرئەوەی نووسەر وتوویەتی: لە سەرێکەوە شادی و خۆشی و لە سەرێکی ترەوە حەسرەت و ئاخوداخ، پێ دەچێ نووسەر دوای ئەوەی ئاخ و حەسرەتی هەلّکێشابێ بۆ شاری کەرکووک و مێژووە دزراوەکەی و دۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتیی ئەو سەردەمە حەزی کردبێ هەندێ ڕاستی تری مێژووی بخاتە ڕوو وەک هەردەم وتوویەتی (کەرکووک ناوچەرگەی کوردستانە) و حەزی کردووە لە پال هەلّسەنگاندنی شیعرەکانی ئەسیری بەوشە ئاگرینەکانی دوژمنانی شاری کەرکووک بتاسێنێ بەوەی ئێوە سەرەڕای ئەوەی دەتانەوێ کەرکووک هەنجن هەنجن بکەن، وەلێ کەرکووک خۆی پارچەیەکە و نابێ بەدوو لێکێنراوی کوردستانە

سەرەڕای ئەوەی هەر داگیرکارێک هاتبێ ویستوویەتی جوگرافیا و مێژوو ئیدارەی شارەکە بگۆڕێ بۆی ناچێتە سەر، دیارە ئاخ و حەسرەتەکەشی هەر ئەوە بووە کە غەدر لە کوردستانیبوونی شارەکە دەکرێ، مامۆستا جەبار جەباری حەیف ئەم ڕۆژگارەی نەبینی کە دڵسۆزانی کەرکوک و شۆڕشگێڕانی ئاواتەکەیان هێناوەتە دی و کەرکووک ئەمڕۆکە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ هەر مایەی شادی و خۆشییەکەی مامۆستایە کە کورد لەم شارەدا ژمارەیەکە و کەس ناتوانێ نکووڵی لە بوونی بکات.

لە شوێنێکی تری پێشەکییەکەیدا دەڵێ: بۆ ئەوەی لەم بارە ئاڵۆزەی ئەم شارە زێڕینەمان بگەین وا چاکە هەندێ بگەڕێنینەوە دواوە و چاوێک بەمدیو و ئەودیوی ڕۆژانی ڕابردوویدا لە رووی ئیداری و کۆمەڵایەتییەوە بخشێنین، تاکو بزانین تا چ ڕادەیەک حوکمڕانەکانی لەمەوبەر (بەتایبەتی عوسمانییەکان) دەستیان خستووەتە کاروباری ناوەخۆی ئەم شارەوە و بە چ جۆرێک کاریان کردووەتە سەر ڕەنگ و بۆ کوردەوارییەکەی لە رووی شارستانیەتی و ڕۆشنبیرییەوە... هتد.

جەبار جەباریی بەهەشتی پێمان دەڵێ کورد لەم شارەدا حوکمڕان بووە و داگیرکەرانی تورکیای عوسمانی هاتوون هەموو بارودۆخە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکەیان گۆڕیوە بەجۆرێ دەستیان خستووەتە ناو کاروباری ناوەخۆی شارەکە وەها ڕەنگ و شارستانیەتی کوردەواریمانیان گۆڕیوە ئەوەش سەرەتای بەتریککردنی شارەکەیە لەلایەن عوسمانییەکانەوە.. و ویستوویانە زمان و داوونەریتی خۆیان زاڵ بکەن بەسەر خەڵکی کوردەواریی شارەکە.. ئەو پێمان دەڵێ پێویستە تۆزێ بگەڕێینە دواوە کە ئەم شارە زیان و غەدرێکی زۆری بەرکەوتووە لەلایەن عوسمانییەکانەوە.. ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بۆیە دەڵێ: دوژمنان ناتوانن درێژە بەسیاسەتی چەوتی خۆیان بدەن و ئەم شارە کوردستانییە بسڕنەوە لەسەر نەخشە و جوگرافیای کوردستانیبوونی، هەر لەو پێشەکییە وردەیدا جەبار جەباری دەفەرموێ (داگیرکەرانی کوردستانی عێراق لەلایەن عوسمانییەکانەوە بارێکی نەگونجاوی خوڵقاند و کارێکی ناهەمواری لە کوردەکان کرد، بەتایبەتی بەنیسبەت دانیشتوانی کەرکووکەوە شێوە و ڕوخساری زمانەکەیانی گۆڕی و غەلوغەشی تێدا ڕواند کە تاکو ئەمڕۆ ئەو دیاردەیان بەئاشکرا پێوە دیارە و هەستی پێ دەکرێ).

وەنەبێ بەهەشتی مامۆستا جەبار باشی نەپێکابێ لە ڕاستی و دروستیی مێژوو کە داگیرکەران بەرامبەر بەشاری کەرکووک چییان نەکردووە.. ئەو بەیەک ڕستە پێمان دەڵێ: ڕوخساری شاریان گۆڕی و غەلوغەشیان تێدا ڕوواند واتا چاند، هەروەها درێژەی پێ دەدا و دەڵێ: تاکو ئەمڕۆش ئەو سیاسەتە بەئاشکرا لەم شارەوە هەستی پێ دەکرێ و دیارە.. گەر بەر لە سی و پێنج ساڵ پێش ئێستا غەلوغەش و سیاسەتی بەتورککردنی شارەکە هەستی پێ کرابێ، ئەی لە دوای ئەو ڕۆژگارەوە تا ئەمڕۆ بەسەتان و هەزاران غەدر و غەلوغەشی تر بووەتە ئەرشیفی لاپەرەی ڕەشی ژیانی داگیرکەران.. نەک هەر بەتەتریککردنی شارەکە بگرە دوای ئەو بەرواره بەعەرەبکردنی شارەکەشی هاتە سەر و لە گشت لایەکەوە ژیانی کوردەواریمانیان هەڵتەکاند.. زمان، ئەدەب و

وێژە، فەرهەنگ و هونەر، شار، شارۆکە، گوند، رەز، چیا و دۆڵ و کانیاوەکانی کەرکووکیان خاپوور کرد.. جگە لە ئەنفالکردنی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری تراجیدیایەکی ترسناکتریان خوڵقاند لە کەرکووک و گشت کوردستان کە هیچی کەمتر نەبووە لە سیاسەتە چەوت و چەوێڵەکانی عوسمانییەکان بگرە سەرسەختربوو بۆ سڕینەوەی لە ڕەگەوە هەڵتەکاندنی کوردستانیەتی شاری کەرکووک.

شارەزاییی جەبار جەباری لە دەربڕینی بیر و بۆچوونە جوانەکانی گوزارشت لە حەقیقەتی ناو دڵی تێکۆشەرانی ڕێگەی کوردایەتی دەکات.. هەموو ئەو پێشەکییە جوانانەی کە بۆ نامیلکەکانی خۆی نووسیوە پێویستە جارێکی تر خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لێکۆڵەر و توێژەرە بەڕێزەکانی ئەم سەردەمە دەبێ کەڵک لە ئەزموونی نووسینی مامۆستا و هاوشێوەکانی وەربگرن بەجۆرێ گەمەکردن بە وشە و موفرەداتی نووسین وەستایی و زیرەکی دەوێ، تەنیا وشە ریزکردن بەس نییە بۆ توێژەر!

سەرجەم بەرهەم و نووسینەکانی بەڕێزیان بۆن و بەرامەی کەش و هەوای کوردستانیەتی کەرکووکی پێوە دیارە، ئەو بۆ کوردستان ژیا و بۆ کوردستانیش سەری نایەوە، ئەو پیاوێکی هەڵکەوتە و ژیر و زرەنگ بوو لە تەمەنێکی کورتی نووسیندا لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە هەتا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەپێی ئەو دەرفەتەی ژیان هەناسەی پێ بەخشی خەرمانەیەک لە گەنجینە و ئەدەبیات و مێژووی نووسینی بۆ بەجێ هێشتین.. ئەمڕۆ نەوەکانی هەزارەی سێیەم کەڵک لە گەنجینەی ئەو زاتە و تەواوی کۆچکردووانی ڕێگەی کوردایەتی وەردەگرن، ئەوانەی کە کتێبخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە و ئەمڕۆ سەرچاوەی بەپێزن بۆ ئێمەومانان.

ماوەتەوە بڵێم، بۆ منێک کە ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووم ئەو بەهەشتییە لەدار درا، بەبڕیارێکی دڕندانەی بەناو مەجلیس قیادەی سەورەی بەعسی دڕندە، وەک تارماییییەک روخساری دێتەوە بەرچاوم.. حەیف و زوو بەجێی هێشتین، وەلێ بەرهەمەکانی دەوڵەمەندن، دەستنووسەکانی زۆرتر بوون لە بڵاوکراوەکانی بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و ترس و لەرزی ئەو سەردەمەی قۆناخی خەباتی گەلەکەمانەوە نەکرا دەستنووس و کتێبخانەکەی بە جوانی بپارێزرێ کە ئەمەش جێگەی داخە .. هەر بۆیە هەتا ئێستاش نازانرێ ئەو کتێبخانەیەی کە هەیبوو لەگەڵ دەستنووسەکانی خۆی لەلای کێیە و کێ بردوویەتی.. حەقی خۆیەتی لێرەوە بانگەواز بکەین بۆ ئەو کەسانەی کە نامەیەک یان نووسینێک یاخود دەستنووسێکی جەبار جەبارییان لایە یان بیدەن بەدەزگایەکی رووناکبیری تا رووناکی بەچاپ گەیاندنی بکەوێتە ئەستۆی دڵسۆزانی نەتەوەکەی، یاخۆ بیدەن بە کەسوکار و خانەوادە سەربەرزەکەی.

وتار

كامەران تاهیر

# ستایلە جیاوازەکان و سروشتی چێژوەرگرتن

١

هەر شێوازێک لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا دەرهاویشتەی قۆناخێکی دیارکراوە، لە ئاکامی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان سەرچاوە دەگرێت، لەلایەکی ترەوە بەکاربردنی هەر شێوازێکی نوێ گوزارشت لە ئاستی وشیاری و پاشخانی ڕۆشنبیری، مەعریفی و ئەزموونی نووسەر دەکات.

هەر دەقێکی نایاب و تۆکمە و سەرکەوتووش، خودان شێواز و ناوەڕۆکێکی بەرزە و ڕەنگدانەوەی توانا و لێهاتوویی نووسەر دەنوێنێت، سەبارەت بەو شێوازە هونەرییە دەقنووس دەخوازێت گوزارشت لە تێڕوانین و جیهانبینییەکانی بکات، هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە جیهانبینی و تێڕوانینە نوێیەکان پێویستییان بەشێواز و ناوەڕۆکێکی نوێ هەیە، کە لایەنی هونەری و ئیستاتیکییانەی بەرزیان تێدا بەرجەستە بووبێت.

ستایل وەک هەر شتێکی تر، بەدەر نییە لە گۆڕانکارییە هەمەچەشنەکان، بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە و بەسەقامگیری و نەگۆڕی تا سەر نامێنێتەوە، بگرە بەگوێرەی پێداویستییەکانی قۆناخەکە، ناوەڕۆکی دەقەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، هەردەم لە گۆڕانێکی بێ پەروادایە، بەپێی ئاستی نووسەریش لە چۆنێتیی ساتوسەودابیکردنی ئاوێزانکردنی دەق و شێوازدایە.

بەواتایەکی تر ستایل و شێواز ئەو چوارچێوە گشتییەیە، کە شێوە و ناوەڕۆک و سەرجەم ڕەگەزەکانی هەر دەقێک لەخۆ دەگرێت، ئەو ڕەگەزانەش بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێکهەڵکێش و ئاوێزانی یەکتری بوونە، کە ئەستەمە بتوانرێت، هیچ توخمێک لەو توخمانە لە یەکتری داببڕێن

یاخۆ جودا بکرێنەوە، بەشێوەیەکی تر دەڵێین ئاوێتەبوونی شێواز، شێوە و ناوەڕۆک، لە چەشنی شەبەنگی خۆر دەچێت، کە ناتوانرێت هیچ ڕەنگێک بەسەربەخۆ لێی بڕوانرێت، بگرە تەواوی ڕەنگەکان لە تەک یەکتردا جوانکاری و ڕەنگاندنێکی نایاب بەدەق دەدەن.

هەر نووسەرێکیش خەسڵەت و مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەرهەمەکانی لە نووسەرانی تر جیای بکاتەوە، بەپێی ئەو شێواز و خەسڵەتە دیارانەی کە لە بەرهەمەکانیدا بەدیار دەکەون، بەڵام رەنگە نووسەری وا هەبێت، لە یەک بەرهەمدا چەندین شێوازی جیاجیا بەکار ببات، کە ئەمەش لێهاتوویی نووسەر دەگەیەنێت و ناوەڕۆکی دەقەکەش وا دەخوازێت، لە هەمان کاتدا لەوانەیە پێداویستییە جۆرەوجۆرەکانی ژینگە یاخۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی قۆناغەکە جۆری هەر شێوازێک دیار بکات، یان رەنگە مگێز و سایکۆلۆجیەتی نووسەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونی هەر دەقێکدا شێوازێکی دیارکراو بخوازێت.

لەم سەروبەندەدا بەرەبەرە لە تەک کەڵەکەبوونی ئەزموون و قاڵبوونەوەی نووسەر لە ژیان و فراوانبوونی ئاسۆی رۆشنبیری و ستایلی بیرکردنەوەی، ئیدی کۆی تەواوی ئەو هۆکارانە رەنگە نووسەری کارامە و بەتوانست بگەیەنێتە چڵەپۆپە و دوندی داهێنان و شێوازێکی نایاب و خەمڵیو لەدایک بێت، کە ئەفراندن تێیدا بەرجەستە بووبێت، چەندین لایەنی هونەری و ئیستاتیکییانەی بەرزیش، لە دوو توێی دەقەکەدا خۆی حەشار دابێت.

٢

نووسەر و شاعیرانی نوێخواز و داهێنەر لە هەر قۆناخ و سەردەمێکدا بووبن، بەوە دەناسرێنەوە، کە شێوازە باو و جیهانبینییە کلاسیکییەکان و، ئەو قاڵبە کۆنانەی، کە نووسەرانیان بەچەندین ڕێسا و یاسا، کۆت و بەند کردبوو، تێکوپێکیان شکاند، بەشێوە و شێوازێکی نوێ، فەلسەفەی ئەدەبییان بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و شێوازی نائاسایی و ناباو داڕشتووەتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە نووسەرانی ڕەسەن سنوورەکان و ستایلە دیارکراوەکان ڕەت دەکەنەوە و گوزارشت لە ناسۆرییەکانی مرۆڤەکان دەکەن، هەر بۆیە ئەو دەقانەش دەبنە شاکاری جیهانی، کە هەر مرۆڤێک لە هەر شوێنێکی ئەم گۆی زەوینەدا بێت خۆی تێیدا دەدۆزێتەوە، ڕەنگدانەوەی خەون و پرس و خواستەکانی ئەو دەنوێنێت، چونکە ئەو ئەدەبەی وابەستەی رەوشێکی دیارکراو بێت، بەنەمانی ئەو ڕەوشە ئەو دەقە تەنیا دەبێتە بەڵگەنامە نەک ئەدەب.

شاعیر و نووسەرانی نوێخواز و داهێنەر هێز و بەها و پێوەندییەکی نوێتر دەدەنە بێژە و پەیڤەکانیش لە واتە فەرهەنگییەکان دادەماڵن، واتا و دەسەڵاتی جیاواز و نوێتریان پێ دەدەن، لە راستیدا ئەم پرۆسەیەش دەبێتە مایەی دەوڵەمەندبوون و پەرەسەندن و بوژانەوەی زمان، وەک (جان بول سارتر) دەڵێت: "کاتێک نووسەر پێوەندیی نوێتر دەداتە بێژەکانی، دەکارێت وزەیەکی ئیستاتیکییانە بێنێتە کایەوە و وشەکان لە پێکهاتە باوەکەی دەرباز بکات".

هەر وەکو دەبینین دوای ئەوەی (گۆران)ی شاعیر و هاوڕێکانی توانییان گۆڕانکارییەکی مەزن لە بنیاتی شیعری کوردی چێ بکەن، بەڵام وەکو تێبینی دەکرێت لەو سەردەمە بەدواوە تا دەگاتە ناوەڕاستی هەشتاکان جگە لە چەند هەوڵێکی تاک و تەرا لە ناوەڕاستی حەفتاکانی لێ بترازێت، ئیدی دەکارین بێژین ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە شێواز و ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی نابینرێ، لەم قۆناخە بەدواوە کۆمەڵێک شاعیری بەتوانا سەریان هەڵدا و بەجیهانبینی و تێڕوانینێکی جیاواز و نوێوە، واتا و چەمکی شیعریان شرۆڤە کرد و لێک دایەوە، ئەمەش لەو پاشخانە رۆشنبیرییەی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتبوو، زۆر بوێرانە توانییان شێوازە باوەکانی شیعری کوردی رەت بکەنەوە ئەمەش وای کرد دەروازەکان لە بەردەم ئاسۆی شیعری کوردیدا واڵاتر بێت و بەکەرەستە و پاشخانێکی شیعریی بەرفرەوانتر هاتنە ناوەندەکە و توانییان پرۆژەیەکی شیعریی خەملیو بخەنە روو، بەڵام هێندەی نەبرد رەخنەگران و رۆشنبیرانی کلاسیک بەتوندی بەرەنگاری ئەو پرۆژە نوێیانە و ئەو دەنگە شیعرییە نوێیانە بوونەوە و بەگژیدا چوون، دەیانویست بەهەرچی کلۆجێک بێت ئەم ئەزموونە نوێیانە لەبار بەرن و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەو شێوازە نوێیانە جگە لە وڕێنەکردن و وشە ریزکردن هیچ بەهایەکی هونەری و ئیستاتیکی نییە، ئەگەرچی شیعر هێشتا لەلای ئێمە ئامادەگی و گەرموگوڕییەکی زۆری هەیە، بەڵام هەندێک پێیان وایە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی سەردەمی جیهانگەرایی و شۆڕشی تەکنۆلۆجیا، شیعر پاشەکشەیەکی یەکجار زۆری کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی هاوچەرخ کەمتر گرینگی بەشیعر خوێندنەوە دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکارین بێژین، ساڵانە سەدان بەرهەمی شیعری چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

لێرەوەش بەم شێوەیە ڕوانگە و دیدی مرۆڤی نوێ لە بەرابەر شیعردا بەرجەستە دەبێت و، کە پێی وایە شیعر ئەو پێویستییەیە، کە پێویست نییە.

٣

رەسەنایەتی یەکێکە لەو کایە مەعریفییانەی پێوەندییەکی تۆکمە و توندوتۆڵی بەداهێنانەوە هەیە هەر بۆیە زۆرجار بەو شێوەیە سەرنجی رەسەنایەتی دەدرێت، کە هاوواتای ئەفراندنی هزری یاخۆ داهێنانی رۆشنبیری لە کایە جۆرەوجۆرەکان بێت، ئەگەرچی هەندێک جاری تر رەخنەگران و پسپۆڕان پێیان وایە رەسەنایەتیی راستەقینە هاوواتای داهێنانی خۆماڵێتییە، کە ئەوەش هەڵکشانە لە شتە جوان و خودی و خۆماڵییەکان بەرەو جیهانی هەمیشەییی مرۆیی و گشتگیری و گەیشتن بەچڵەپۆپە، هەر ئەمەش بەرجەستەکردنی داهێنانی راستەقینە دەگەیەنێت.

ئەگەرچی هەندێک جار لە کایە جیاجیاکانی رۆشنبیری و هونەر و ئەدەبی رەسەنی کوردیدا، رەنگە چەندین جۆر بیر و بۆچوون و تەنانەت زاراوە رەشۆکییەکانی خەڵکیش بەدی بکرێت، کە لەوانەیە رەخنەگران ناچار بکات، کە بەر لە هەر تۆژینەوەیەکی زانستی و ئیستاتیکییانە خۆیان لەو جۆرە بیر و بۆچوون و زاراوانە بەدوور بگرن، ئەوەش بەئاڵوگۆڕ پێکردنی بیر و بۆچوون، زاراوە رەشۆکییەکان و تێڕوانینی جیا و زاراوەی لەبارتری رەخنەگران، کە سەر بەمیتۆدێکی دیارکراوە،

که ئەوەش رەنگە ساناتر و گونجاوتر بێت، لە هەمان کاتیشدا بەبێ گرێ و گۆڵ دەچێتە ژێر باری تۆژینەوە ئەزموونگەرییەکان هەرچەندە هەندێک دیدێکی وایان هەیە، یاخۆ تێڕوانینێکی باوی وا هەیە، کە دەڵێت ناکارین رەسەنایەتی بدەینە پاڵ هیچ دەقێکی رۆشنبیری یاخۆ ئەدەبی یان شێوەکاری، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە ئەو دەقە یاخۆ هزرە یان تابلۆیە بەتەواوی نوێ نەبێت، هەرچەندە مەرج نییە نوێبوونی هەر بەرهەمێک رەسەنایەتی بدات، چونکە رەنگە هەموو کار و رەفتارێکیش کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن، دەشێت نوێ یاخۆ تازە بێت، تەنانەت پەیبردنەکانیش بەکەتوار و جیهانەوە، بەڵام ئاخۆ گشت ئەمانە دەچنە چوارچێوەی رەسەنایەتی و داهێنانەوە، راستییەکەی داهێنەری کوردی دەکارێت تا ئەو ئەندازەیە رەسەن بێت، ئاخۆ تا چەند وەدەنگەوەهاتن و بیر و بۆچوون و هۆشمەندییەکانی خۆی فەراموش دەکات، لە پێناو ئەو وەئاگاهێنەرانەی، کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەواتایەکی تر، دەکارین بێژین بۆ ئەوەی رەسەنایەتیی کوردی بەم شێوەیە و لەم چوارچێوەیەدا خۆی نیشان بدات ، ئەمەش ئەنجامدانی وەدەنگەوەهاتنە ناباوەکانە و، لە ئاکامدا ئەو دەق و تابلۆ ناوازە و نائاسایی و نائاشنایانە و گشت (نا)یەکانی تر بەرهەم دێنێت، یاخۆ شۆڕبوونەوەیە بۆ ئەودیو هزرەکان و هەڵێنجانی واتای نوێ و شیمەی دیارکراو، لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو بەرەنجامە و بێژین، کە ئەفراندن لە هەر دەرەتانێکدا بێت، دەشێت ئەو بەرهەمە رەسەنایەتی بەباڵادا ببڕێت، بەو پێیەی کە نەچووەتە ژێر باری هزر و تێڕوانین و زاراوە باوەکان و، خۆی بەدوور گرتووە، لە لاساییکردنەوەی شتە باو و ئاساییەکان، لەم پێوەندگەوە لەژێر رۆشنایی ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا، دەکارین بێژین، کە دەقنووس و هونەرمەندی کورد وەک هەر داهێنەرێک تا رادەیەکی باش لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە خۆی لە دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەی هزر و تێڕوانینە باوەکانی کەسانی تر بەدوور بگرێت، هەر بۆیە داهێنەری کورد هەم لە کایە رۆشنبیری و هزرییەکاندا بۆ ئەوەی رەسەنایەتیی خۆی بەرجەستە بکات هەردەم منەی کەرەستە نوێیەکانی کردووە، هەمیش ویستوویەتی خۆی لە چەمک و هزرە باوەکان و کەرەستە ئامادە و سواوەکان بپارێزێت، چونکە کاوێژکردنەوەیان هیچ ئەفراندنێکی تێدا بەدی ناهێنرێت، هەر بۆیە داهێنەر و هونەرمەندانی کورد لە هەر قۆناغێکدا لە سۆراخکردن و گەڕان بە دوای فۆرم و جۆرە ستایلێکی تایبەت بەخۆیان بوون، ئەو هەموو گۆڕانکارییانەش لە رەوتی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی بەقەڵەمبازی گرینگ دادەنرێت، لە بزاوتی هونەری و ڕووناکبیریمان، چونکە ئەوەی لەم قۆناغەدا بەدی دەکرێت، ئەدەب و هونەری کوردی کۆژانی مرۆڤ و ژیان و تراجیدییەکانی میللەت، بەتێڕوانین و پاشخانێکی مەعریفیی دەوڵەمەند دەخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا دیدێکی تا رادەیەک نوێی بۆ مرۆڤ و ژیان و بوون لە بەرهەمەکانیدا رەنگ دەداتەوە، لەم سەروبەندەدا بەبێ سێ و دووکردن دەتوانین بڵێین: رەسەنایەتی و ئەفراندن لەلای چەندان نووسەر و هونەرمەندی کورد ئاوێزان و ئاوێتەی یەکترین و هەرگیز ناشێت لە یەکتری جودا ببنەوە، بەواتایەکی تر ئەفراندن و پرۆسەی داهێنان ئاڵوگۆڕ پێکردنی دید و هۆشمەندییەکانی هەر نووسەر و هونەرمەندێک دەگەیەنێت، سەرلەنوێ رۆنان و هەڵگوزین و

بەرهەمـهێنانی شـێواز و سـتایلی هونەرییانەی بەرز و بەخشـینی واتای نوێ بەچەمک و پەیڤەکان، ئەمـەش ئەوپـەڕی توانست و پرۆسـەی ئەفـراندنی هـەر داهـێنەرێک بەرجـەسـتـە دەکـات، کـە تا چ ئەندازەیەک لە توانایدایە، ئەو درز و کەلێن و کەموکورتـی و ناتەواوییە خودییەکانی پڕ بکاتەوە و تا چەندیش دەکارێت خۆی لە بابەتە مردووەکان و تێڕوانین و هزر و شێوازە ئاساییە باوەکان دەرباز بکات، کە ئەمانەش وای لێ بکات و بتـوانێت هەنگاوی بوێرانە هەڵێنێت و تونێڵـە خوار و خێچ و تاریکەکـان تـەی بکات، لە هـەمـان کـاتدا بتـوانێت بەسـەر کـۆسـپـە دەروونـی و مگێـز و ئاوەز و هۆشـمـەندی و گرفـتـە کۆمـەڵایـەتی و ئابووری و ژینگەییـیـەکان زاڵ بێت، بەواتایەکی تر دەبێژین کرانەوە و نەرمی نواندن مـەرج و هۆکاری سـەرەکی و بنەڕەتیی هەر داهێنـانێکە چونکە کرانەوە و نەرمی نـواندن دوو رەگـەزی هـەرە گـرینگن تـا دەقنووس بتـوانێت سـەربـەسـتـانە سـەودایی لەگـەڵ دەقـەکـەیدا بکات یاخـۆ گـۆڕانکاریی تێـدا ئەنجـام بدات و دووبارە دای بڕێژێتـەوە و زیاد و کـەمی بکات و دووبارە خوێندنـەوەیەکی تری بۆی هـەبێت، کە وای لێ بکات رەهـەندێکی قـووڵتری پێ بدات، واتە پێویستـە لە توانای هۆشمەندیی داهێنەردا بێت، کۆسپ و بەربـەستە شوێنکاتییـەکان ببڕێت و شـتـە نەدۆزراوەکـان بدۆزێتـەوە و نەوتراوەکـانیش بڵێت، کـەوشـەنە لۆکـاڵیـیـەکـان تێـپـەڕێنێت و بەشـێـوەیەکی تر بویەر دروست بکاتەوە، چونکە رەنگە هـەندێک شـتی نـادیار لە دەرەتانی زانـینی مرۆڤایەتیدا ببێتە مایەی ئەوەی رواڵەتە رووکەشـەکانی کەتواری کوردی بشارێتەوە.

هۆکـارێکی تری گرینگ سـەبارەت بەداهێنەری کـورد پێـویسـتـە توانسـتـە جۆرەوجـۆرەکانی و سـەرنجـدانـی ورد و تیـژ و بیـر و هـۆش بۆ مـاوەیەکی درێژ لـە چوارچێـوەی بابەتێکی دیارکـراو بخولێتـەوە، ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو بەرهـەمە بەهەستێکی جوانکارانەی بەرز و نایاب رەنگرێژ بکرێت، یاخۆ لە کاتی خودناسین و پاشخـانی مەعریفیی هـەمـەچەشنە، شاکارێکی مەزن بێتە بەرهـەم لە هـەموو رووییەکەوە توانراوە ئەفراندنی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام زۆرجار لەبەر ئەو شێـوازە تەمومژاوی و ئـەو تێزە بەرز و نایابـانە، کە بەرهـەم دەیگرێتە خۆ رەنگە رەخنەگران نەکـارن خـۆیان لە قـەرەی بدەن، یاخـۆ لەبەر هـەر هۆکـارێکی تر بێت بەرهـەمـهێنانی ئەو جـۆرە دەقـانەش لە ئاکـامی کرانـەوە و سـەربەسـتیی هزرەکانـەوە دێتـە دی، کـە نووسـەر توانیـویەتی لە ئاکامی جلـەو شۆڕکردن بۆ هزرە جوانکاری و هـەستـەکییـەکانیەوە، شـاکارێکی جیاواز بەرهـەم بهێنێت، کە ئەمەش بەڕاپەرموون لەسەر کرداری پێکهاتنی واتاکان و ئەزموون و شـارەزاییی خۆی و جێگۆڕکێ پێکردن و گۆڕینیـان، بۆ پێکهـاتەی نوێ، کە چەندین رەهـەندی جیاواز لە خۆ بگرێت بێگومـان جیـاوازییـەکی مـەزن و دیاریش لە نێـوان داهێنەرانی کـورد بـەدی دەکرێت، سـەبارەت بەچۆنێـتیی بەرهـەمـهێنانی ئەو پێکهـاتە رەسـەنانە، گـەرچی هـەندێک لەو نووسـەرانە ئاسـتـەنگ و دژوارییـەکی زۆر رووبەڕوویان دەبێتـەوە بۆ بـەرهـەمـهێنان و چێکردنی ئەم جـۆرە دەقـانە، یاخـۆ هـەندێکیان هـەرگیز لە توانایاندا نییە بەرهـەمێکی لەو چەشنە چێ بکەن، گەرچی هـەندێکی تریان زیاتر ئازادن لە تواناياندا هەیە، شاکار و داهێنانی مـەزن و دەقی بەرز و قووڵ و نائاسایی بەرهـەم بێنن، کـە لـە تواناد ا نیـیـە، ئەم جـۆرە دەقـانە یەک جـۆر تێـڕوانین و بـەیەک خـوێندنـەوە خـۆیان بە

دەستەوە بدەن، چونکە جیاوازیی پاشخانی زانین و زانیاریی ژینگەی ئەو نووسەر و رۆشنبیرانە بووەتە مایەی ئەوەی کە ستایل و شێواز و رێچکەی جیاواز بگرنە بەر، لە چۆنێتیی خستنە رووی شتەکان و سەوداییکردن لەگەڵ مرۆڤ و ژیان و گەردووندا .

٤

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگەیدا دێنە کایەوە، لە ئاکامدا ژیان و ستایلی بیرکردنەوەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، ئەم باهۆزەش لە بوارە هرزی و ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە (شێواز و شێوەی) نوێ لە خۆ دەگرن، کە دەرهاویشتەی ئەو ژینگە و کۆمەڵگە نوێیەن .

بێگومان گۆڕینی هەر شێوازێک بەشێوازێکی تر، ئەمەش پرۆسەیەکی هێواش و لەسەرخۆ و ڕێژەییە، کە ڕەنگە هەندێک جار شێوازێکی دیاریکراو، چەندین سەدە بەردەوام بووبێت چەندین جاریش کپ بوویتەوە و دیسان سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە، لە ئاکامی ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەش ڕێبازێکی تر سەری هەڵداوە و جیهانبینی و ستایل و شێوە و ڕێچکەی نوێتری هێناوەتە کایەوە، کە داهێنان و ئەفراندنی مەزنتری چێ کردووە، بەواتایەکی تر دەبێژین: چێژ و مگێز چەشە و خواستی گشتیی خوێنەران بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە ئەو شێوازە بەردەوام بێت و بمێنێتەوە و یاخۆ پووکانەوە و نغرۆبوون دەبێتە چارەنووسی.

پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بۆچی خوێنەری کورد "جگە لە چەند کارێکی دیار و بەرچاو نەبێت ئیدی وەڵامدانەوە و وەدەنگەوەهاتنێکی ئەرێنیی لە تەک بەرهەم و کارە ئەدەبی و هونەرییە نوێیەکاندا نییە و، وەک پێویست ئاوێتەیان نابێت؟ ئاخۆ ئەو ستایلەی نها شێوازێکی نامۆیە و سەر بەم ژینگەیە نییە یاخۆ کێماسییەکە بۆ بێ توانایی و نارەسەنایەتیی نووسەرەکە دەگەڕێتەوە، یان ئەو کەرەستە و ئامرازانەی، کە ئەو ژانرە هونەری و ئەدەبییانەی پێ دەنووسرێتەوە هەمان شێوازی هونەریی دوور لەم کۆمەڵگەیەن، تەنانەت گوزارشت لە کۆژان و ناسۆرییەکانی خودی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندیش ناکەن، بگرە کتومت بەرهەمێکی مۆمیاکراوی ژینگەیەکی ترە و دەخوازن لێرە گیانی بەبەردا بکەن، یاخۆ هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن بەهۆی ئەو بیردۆزکارییانە کە نووسەر و هونەرمەند پێوەی خەریک دەبن و دەیانەوێت لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە وا لە خوێنەر دەکەن سەری لێ بشێوێنن.

تەنگژەی خوێنەر بۆ بەرهەمی نوێ پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانەش کۆمەڵگەی کوردی تاکو نها سەر بەقۆناخی کشتوکاڵییە، هەر کاتێک قۆناخی کلاسیکی (ئەدەبی و هونەری) هەرس کرد و تێر بوو، ئەوا لەخۆڕا بۆ قۆناخێکی تر دەگوازرێتەوە و عەودالّی شێوازێکی تر و ژانرێکی نوێتر دەبێ، کە دەرهاویشتەی هۆکارە بابەتی و ڕەنگدانەوەی ژینگە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بێ، چونکە (هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت)، بێگومان ئەو دەمەش جۆرە ستایلێک سەرهەڵدەدات، کە

لەگەڵ مگێز و سەردەمەکەیدا دەگونجێت و هاوشان و هاوتەریبە، کەواتە ئەو شێوازەی کە خوێنەر دەورووژێنێ و خۆی تێدا دەدۆزێتەوە دەبێت شێوازی هونەریش گەشە بکات و پەرە بسێنێت، چونکە کاریگەرییەتی هەر شێوازێکی هونەری یاخۆ ئەدەبی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێت، بەواتایەکی تر دەبێژین: "تایبەتمەندێتیی مگێزی خوێنەری کورد لەگەڵ خوێنەرێکی فرەنسایی یاخۆ میسری جودایە، لەبەرئەوەی سەر بەژینگە و شارستانییەتی جیاجیان".

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین ئەو قۆناخە و جیهانبینییەی خوێنەری فرەنسایی یاخۆ میسری پێیدا تێپەڕ بووە، لەگەڵ جیهانبینیی خوێنەری کورد جودایە، چونکە خوێنەری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بەسەدان شاکاری کلاسیکی و دوای کلاسیکی و رۆمانسی و دوای ئەوانەش ئاشنایە، کەچی زۆربەی هەرە زۆری خوێنەری کورد وەک دەزانرێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری رامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری دابڕاوە و لاتەریک بووە لە جڤاکی شارستانی و ئەو چەمکە نوێیانەی کە دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە نوێیەکانن، چونکە تاکی ئێمە تاکو نهاش نەریت و ئۆلە باوەکان بەسەریدا زاڵن.

٥

هەر قۆناغ و سەردەمێکی دیارکراو، ئاوەز و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دیارکراو دەگرێتە خۆ، کە جیاوازە لەگەڵ قۆناغەکانی بەر لە خۆی، چونکە ئاوەز و بیرکردنەوە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پێوەندی ئابووریی جیاواز دەنوێنێت، بێگومان هەر ئەم هۆکارەش وا دەکات، چێژوەرگرتن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاواز بێت.

کەواتە لە ئاکامی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە گشت بوار و رەهەندەکاندا، شێوازەکانی ژیان و شێوەی بیرکردنەوەش گۆڕانیان بەسەردا دێ، بەمجۆرە شێوازی هەمەڕەنگ لە رووی بابەت و ناوەڕۆکەوە سەرهەڵدەدەن، بەم پێیە ئەو گۆڕانکارییانە جیهانبینیی نوێ و تێڕوانینی نوێ، تەنانەت چێژوەرگرتنی نوێ دێنێتە کایەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغ و سەردەمەیە، کە ئەو بابەتە تێیدا سەری هەڵداوە، هەر ئەمەش وای کردووە سروشتی چێژوەرگرتن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆری بەسەردا بێت.

لە سایەی ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیانەدا مگێز و چێژ و چەشەی خوێنەرانیش دەگۆڕدرێن، هەڵبەتە ئەو گۆڕانکارییانەش کار دەکاتە سەر شێوەی چێژوەرگرتن، ئەمە لە هەمان کاتدا بەپێی جیاوازیی سایکۆلۆجی خوێنەران هەندێکیان دەکەونە ژێر کاریگەری هەمان قۆناغ و ناتوانن تێپەڕی قۆناغەکەی خۆیان بکەن و هەنگاو لەگەڵ ئەو مێژووە بهاوێژن، کە بەردەوام لەگەشەکردندایە، ئەمەش جۆرێک لە پارێزگاری و پاراستنی رووخسار و دروشمی ئەو قۆناغە دەمێنێتەوە، ئیدی جۆرێک لە پابەندبوون چێ دەبێت، لە نێوان ئەو و، ئەو قۆناغەی ئەم تێیدا دەژێت.

کەواتە ئەوانەی چێژ لە بەرهەمە ویژەیی و هونەرییە نوێیەکان وەرناگرن هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان سەر بەو قۆناغە نین، چونکە ئەو بەرهەمانە زادەی قۆناغێکی نوێ و جیاوازترن، لە تەک تێڕوانین و دید و بیرکردنەوەکانی خوێنەر، کە نەیتوانیوە ئاوێتەی ئەو قۆناغە ببێت کە تێیدا دەژێت، بگرە لە سەردەمێکی جیا دەژی کە دەرهاویشتەی ستایلی بیرکردنەوە و جیهانبینی و چێژوەرگرتنی جیایە، لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەدا کە خوێنەر هێشتا لە قۆناغێکی بەر لەم قۆناغە نوێیەدا دەژی و، دەکارێ لەگەڵ ئەو بابەت و بەرهەمانە ئاوێتە و ئاوێزان بێت، کە هەڵگری مگێز و شێوەی بیرکردنەوە و چێژوەرگرتنی ئەون، هەر بۆیە ناتوانێت چێژێکی راستەقینە و تەواو لە بەرهەمە نوێیەکان وەربگرێت، چونکە سروشتی چێژوەرگرتنی تا ئەم ساتە سەر بە قۆناغی پێشترە و نەخەملیوە و نەیتوانیوە، هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر تێگەیشتنیدا بهێنێت، لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاری هەر لە هەمان ئاستی ئەو بەرهەمانەدایە کە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو تێیدا گەشەی کردووە، ئەو چەمکە نوێیانەش کە لە قۆناغە نوێیەکەوە سەرچاوە دەگرن، دوورن لە مگێزو سروشتی چێژوەرگرتنی ئەو.

٦

نە دەقە تەمومژاوی و لێڵەکان دەکارن نەمری بۆ خۆیان تۆمار بکەن، نە دەقە سادە و ساکار و شێوازە باوەکانیش دەتوانن سەرکەوتن بە دەست بهێنن و ئەفراندن بهێننە کایەوە، چونکە (سادەیی هەڕەشە لە هەمووان دەکات، سادە و ساکاری دوژمنی سەرەکی و سەرسەختی داهێنانە) نیگەرانی و گومان و گومانیش بە تەنیا، ناکارن پرۆسەی ئەفراندن فەراهەم بکەن و دەقێکی سەرکەوتوو بەرجەستە بکەن، بەڵکو هەر دەقێکی داهێنەرانە دەبێ بینین و جیهانبینی و دۆزینەوەی نوێ بێنێتە دی و پرسی مەزن چێ بکات، بە واتایەکی تر دەبێژین: واتای نوێ و چەمکی نوێ و دەلالەتی نوێ بەرهەمبهێنێت و بێژەکان بەرگ و هێماکارییەکی نوێیان بەبەردا بکرێت، جیاواز لەوەی لە سروشتدا هەن، نەک هەر ئەوەندە بگرە دەقنووس دەبێ شێوازە باوەکان تێ بپەڕێنێت و بە شێوازێکی تری نائاسایی و ناباو بنووسێت، ئەمەش بەو واتایە نییە، کە جارێکی تر (هەڵبخلێسکێتە نێو شێوازە باوە نوێیەکان خراپتر لە شێوازە باوە دێرینەکان).

هەر بۆیە دەق و بەرهەمی سەرکەوتوو هەردەم لە تەنگژەدایە، هەنووکە لە تەنگژەدایە و دوێنێش لە تەنگژەدا بووەو سبەینێش لە تەنگژەدا دەبێ، واتە دەقی زیندوو بە بەردەوامی لە تەنگژەدا بووە و دەبێت، بەو پێیەی ئێستای مرۆڤ بریتییە لە رایەڵی توندوتۆڵ و قایمی پێک گرێدراو لە نێوان رابردوو و داهاتوودا.

کەواتە زەمەنی دەق، زەمەنێکی هەنووکەییە و، بریتییە لە رابردوو و ئێستا و داهاتوو لە یەک کاتدا، هەر بۆیە پێویستە هەموو دەقێک لەوێوە هەڵبقوڵێت و سەرچاوە بگرێت. بە واتایەکی تر دەبێژین هەر دەقێکی خەملیو پێویستە گوزارشت لە گیانی سەردەم و ئێستای مرۆڤ بکات، هەر بۆیە هەر دەقێک لەو چوارچێوەیە نەخولێتەوە، ئەوا بە هیچ کلۆجێک لە توانایدا نییە رۆڵی راستەقینەی

خۆی بگێڕێت و ڕەنگدانەوەی ناسۆرییەکانی مرۆڤ بێت و بتوانێت ڕەهەندی تر وەربگرێت، تەنانەت ئەو دەقە لە لایەنە ئیستاتیکییەکانیشی دادەماڵرێت، هەر بۆیە داهێنان خۆی لە خۆیدا هەردەم لە تەنگژەدایە. پێویستە دەقنووس هەموو کات هەستێکی باڵادەست گەمارۆی بدات، ئەوەی دەینووسێت ئەو شتە نەبێت کە دەخوازێ بینووسێت و، ئاواتییەتی وەک ئەوەی لە داهاتوو ڕۆبچێت نەک لە ڕابردوو هەڵبکات و بگەڕێتەوە، یاخۆ ئەوەی نووسیویەتی وەک ئەوە وابێت کە هێشتا نەنووسرابێت، هەر بۆیە دەقنووس وا دەست پێ بکات کەوا لە ئاسۆیەکدا گوزەر دەکات کۆتاییەکانی نازانێت و، نازانێ چۆن دەستگیر و سنووربەندیان بۆ دەکات و چوارچێوەکانی چۆن چۆنی دیار بکات، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پرسیارە گرینگەی لای زۆربەی خوێنەرانەوە دەورووژێندرێ ئەوەیە، ئاخۆ گشت دەقێک لە توانایدایە خوێندنەوەی جۆرەوجۆر لەخۆ بگرێت و شیکردنەوە و شیتەڵکردن و هەڵسەنگاندنی جیاجیا بەرجەستە بکات، یاخۆ خوێندنەوە جیاوازەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

کەواتە بەپێی ئەو پرەنسیپ و پێودانگانە ئاخۆ هەموو دەقێک لە توانایدایە خوێندنەوەی جیاجیا لەخۆ بگرێت؟

ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی بۆ هەر دەقێک ئەنجام دەدرێت، ڕەنگە زۆرجار لەبەر جیاوازیی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی ڕەخنەگرەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە دەبینین هەر دەقێک چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ و، هەر ڕەخنەگرێک لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە جەخت دەکاتە سەر لایەنێکی دیارکراو، بەگوێرەی تێڕوانین و پاشخانی ڕۆشنبیریی هەر ڕەخنەگرێک و بەپێی ئەو میتۆدەی کە بۆ شەنوکەوکردن و هەڵوەشانەوەی دەقەکە پشتی پێ دەبەستریت، تەنانەت زۆر لەو دەقانە نە لە توانایاندا هەیە ئەو جۆرە ڕەهەندانە لەخۆ بگرن، یاخۆ لە دوور و نزیکەوە دەقنووس نەیتوانیوە بە تخوبی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا بچێت، کە ڕەخنەگر ئەم چەمک و ڕەهەندە جۆرەوجۆر و مەدلولاتە جیاوازانەی لێ بار دەکات، نەک هەر ئەمە بگرە هەندێک جار لەلایەن ڕەخنەگرەوە بە خورتی ملی وشەیەک یاخۆ ڕستەیەک یان هەندێک جار پەرەگرافێک بادەدرێت و بەگوێرەی بینین و تێڕوانینەکانی ڕەخنەگر هەڵدەسەنگێنرێت و لێک دەدرێتەوە، واتای نوێ و دەلالەتی نوێی دەخرێتە سەر، کە ڕەنگە ئەمەش زۆرجاران بە قازانجی دەقەکە نەشکابێتەوە، لەلایەکی تروە شیکردنەوەی دەق بەگوێرەی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی تەمەن و ژینگە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی ڕەخنەگر و پەیام وەرگر و خوێنەرانیش دادێت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت؟

بەڵام ئەو دەقانەی، خودان تەکنیکێکی بەرز و نایابن، ستایلێکی تایبەتییان تێدا بەکاربراوە، دەقنووس هەڵگری پاشخانێکی مەعریفیی زۆر و زەبەندە و، توانیویەتی لە سیاقی دەقەکەیدا، تەوزیفی بکات، هەم ئەو دەقە داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، لێوانلێو دەبێت لە ئیستاتیکا و چێژێکی زۆریش دەدات، هەمیش ئەو دەقانە دەکارن، دنیایەک خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێژین ڕەخنە و لێ وردبوونەوە و تێڕوانین گرینگترین هۆکارن بۆ گۆڕانکارییە هزرییەکان، چونکە ڕەخنە و نۆژەنکردنەوە بنەمای هەموو داهێنانێکن لە تەواوی کایەکاندا.

محەمەد بەکر

# چاوی من و دوو کۆپلە شیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر

دەڵێن مانگ نازانێ گۆرانی بلێت
ئەمشەو من و مانگ
تا بەیانی گۆرانیمان وت
ئەو بۆ ئەستێرەکان و
منیش بۆ چاوەکانی تۆ



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

لە هەناوی ئەم نیشتمانە چەندین خانمە شاعیری بەتوانا شان بەشانی شاعیرانی تر دەرکەوتوون و هەریەکەیان بەجۆرێک گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن؟ ئەم دەنگانە هەرچەندە بەژمارە کەم دێنە بەرچاو بەڵام لە ڕێڕەوی شیعری کوردیدا شوێنی خۆیان گرتووە. ئەگەر شیعر تەعبیر بێت لە ناخی خۆت ئەوا شیعر دەریایەکە لە خۆشەویستیی مرۆڤەکان بەرامبەر بەو جیهانبینییەی کە شاعیر هەوڵی بۆ دەدات کەژاڵ ئیبراهیم خدر... ناوێکی تازە و قەڵەمێکی نوێ نییە، بگرە لەناو بزاڤی ئەدەبی کوردیدا و لە هەناوی شیعری ئەم نیشتمانە، شوێنێکی دیاری هەیە، شوێنێک کە بە هۆی شیعرە سەرنج ڕاکێش و وشە ساکار و دەستەواژە ناوازەکانیەوە هەردەم میوانی ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانە. تێکست و دەقە سەرنج ڕاکێشەکانی بۆ گەنجان دەبێتە وێردی سەر زمان و بۆ پیران زیندووکردنەوەی بیرەوەری و بۆ منداڵانیش نیشتمانێکی قەشەنگ تێیدا وێنای دنیای گەورەکان دەبینن.

جاران شـیـعـر بـەرچاوانە، لای لە شـاخ و تووڵەڕێ و باخ و مـێـرگ و ڕەز و نەمـام و مـانگ و ئەستێرە و سـەرجـەم جوانییـەکانی سروشت دەکردەوە و شـاعیر دەست لەمـلانی سروشت بوو... شاعیر و سروشت هاوەڵی یەکتر بوون... شاعیران پاڵپشت بەسروشت و جوانییەکەی ئیلهامیان بۆ دەهات و هۆنراوەیان دەهۆنییەوە... سروشت چرایەک بوو شیعری پێ ڕۆشن دەکرایەوە ... شاعیران بەزمانی منداڵێتی لەگەڵ سروشتدا دەپەیڤین ... ئاییییی بەیەکەوە چەند جوان و بێوەی بوون، چەند بەحورمـەت بوون... بەداخـەوە دەمـانێکە دابڕانێکی کوشندە لە نێوان مـرۆڤ و سـروشت و شـاعیـران و سروشت دروست بووە... مامەڵە و پێوەندییـە تەکنیکییـەکان، ڕۆحی لـەبەر بڕیوین و شاعیرانیشمان نە بەئاسمانەوە ئەستێرە دەبینن و نە لەگەڵ مانگدا هاودەردن... شاخ و دۆڵ و ڕەز و باخ و زەردەی خۆرەتاو و سیمای هەمەڕەنگی سروشتگۆڕ ون بووە لە شیعری ئێستادا... کێ بزە و زەردەخەنە و زوڵف و برۆ و قەد و باڵا و لەنجە و ناز و عیشـوە دەشوبهێنێ بە سـروشتی ڕەنگین؟ وەک چۆن لە بەرەبەیانی مێژوودا کودێتامـان لە سروشت کرد، ئێسـتاش کودێتامان لێ کردووە... پێـویسـتـە هەمـوو باش بزانین کـە ڕێگەی ئازادی و دادپەروەری و ژیانێکی بەحـورمـەتمان بەئاشتبوونەوەمـان لەگەڵ سـروشتدا بەدی دێت... خـاتوو کەژاڵ مـانگی بەبیر هێناینەوە و ئاشتی کردینەوە لەگەڵیدا...

کەژاڵی شـاعیر، بەوە ناسراوە چەندین دەقی جوان و چەندین تێکستی بەنرخ و چەندان لیریکی قـەشـەنگی هەیە، تەواوی شـیـعرەکـانی کەژاڵ، ئەگـەرچی لە ڕواڵەتدا بەزمـانێکی سادە و سـاکار نووسراوە، بەڵام لە ناواخنیدا مانای قووڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەردەم یەکسانی و خۆشەویستی و گێڕانەوەی ئەوین بۆ مێ دیوێکی سـەرەکیی دەقە بەنرخـەکانی کـەژاڵ بووە، بەجـۆرێک کـەژاڵ وا دەکـات لە دەرەوەی دنیـابینییـە باوەکـان وێنەی شـعـری بخاتە بیرەوەری ئێـمـەوە، لە یەکـێک لە جوانترین دەقەکانیشی، ئەو کاتێک دەڵێت:

**دەڵێن مانگ نازانێ گۆرانی بڵێت**

**ئەمشەو من و مانگ**

**تا بەیانی گۆرانیمان وت**

**ئەو بۆ ئەستێرەکان و**

**منیش بۆ چاوەکانی تۆ**

خـاتوو کـەژاڵ هەمـوومـان خنکاوین و هێشـتـاش دەخنکێین... مێژووی پیـاو پڕێتی لـە خنکان و نغرۆبوون... چونکە لە نهێنییەکانی ژن... مێژووی ژن... سروشتی ژن، نازانین و تێی ناگەین... ئێمەی پیاو هەر کـاتێ ژیانمان نووسـیـیـەوە... ڕووبارمـان نووسـیـیـەوە، ئەو کات ناخنکێین... هـەر کـاتێ لە نهێنییەکانی دۆزینەوەی ئاگر تێگەیشتین، بێگومان ناخنکێین... هەر کاتێ تێگەیشـتین مرۆڤ چۆن بوو بەمرۆڤ و کۆمەڵگە چۆن بوو بەکۆمەڵگە و خواوەند چۆن بوو بەخـواوەند، مسۆگەر ناخنکێین...

ئاخر چۆن ناخنکێین، ئێمەی کە هێشتا بەردەکانی عەشیرەتمان بەدەستەوەیە و تێت دەگرین... چەندە ژنمان بچووک کردەوە خۆمان گریگنتر بووین... چەندە ژنمان خەساند خۆمان بووینە خەسێنراوی حەوت دەوڵەت... کەچی هێشتاش بە پیاوێتیمان دەنازین... ئێمەی پیاو تەنیا بەسووتان پاک دەبینەوە... سووتانێک بۆ سپێدە و بەرەبەیانی ژن... ئاخر چۆن نەخنکێین ئێمە هێشتا بەزمانی دڕدۆنگ ژنان دەخوێنینەوە... بەس ڕوویان دەخوێنینەوە... حەزە شەهوانییەکان مێشکمان دادەگرێت... بۆیە نامانەوێت ژنان وەک ڕاستینەی خۆیان بخوێنینەوە؟ بۆیە نامانەوێت بیانناسین و لێیان تێ بگەین؟ چونکە بەخوێندنەوە و ناسین و تێگەیشتن لە ژن بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی پیاو مێژوویەکی چەندە ناسروشتی و پڕ تاوان و فێڵ و زۆرداری و ناهەقیمان هەیە... ئاخر چۆن نەخنکێین پێنج هەزار ساڵە ژیان بەیاسای ئێمەی پیاوان ڕەنگرێژ و بەڕێوە دەچێت... ئەگەر ئێستا ژیان بۆنی خۆپەرستی و دووڕوویی و ڕق و کینە و پاشقولگرتنی لێ دێت، ژنان بێبەرین لێی... ئەگەر ژیان بۆنی درۆ و زۆرداری و نایەکسانی و نائارامی و بێ مافیی لێ دێت، ژنان بێبەرین لێی... ئەگەر ڕۆح و ڕەوشت و ویژدان گۆڕ ون بووە و مادە بووەتە بزوێنەری پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، ژنان بێبەرین لێی... یاساکانی ئێمەی پیاو ئەم دۆخەی خوڵقاندووە... ئێمە نەمانهێشتووە ژیان بۆنی ژنانی لێ بێت... ژنان تەنیا ڕەنگی سووتانیان تێکەڵ بە ژیان کردووە... تەنیا بۆنی خۆڵەمێشیان تێکەڵ بەژیان کردووە... ئاخر چۆن نەخنکێین؟ ... من دەخنکێم و تۆش هەر سالاریت... من دەخنکێم و تۆ هەر تێک ناشکێیت... چونکە تۆ درەختێکیت ڕەگەکانت پتەوە... ژنان هێشتا ڕەگیان پتەوە... هێشتا میوەی شیرین و نایاب دەدەن... من دەخنکێم و ڕۆحی سپێدەی ژنان هەر دەمێنێ... من دەخنکێم و هەر بەتۆش، بە ئێوەی ژنان مرۆڤ بەمرۆڤ و ژیان بەژیان دەبێتەوە.

بۆیە کەژاڵ خەمی ژنی بەردەوام کردووەتە نیشتمانێکی فراوانی شیعر و لەوەشەوە دەیەوێت پەیامێکی مرۆیی بگەیەنێت بەو بەشەی تری کۆمەڵگە کە پیاوە، تا بەها و نرخی مرۆڤبوون بۆ مێ بگەڕێنەوە. ئەوەتا کەژاڵ دەڵێت:

**ژن لە رووبارێک دەچێت،**
**نە تینوویەتیتان لێی دەشکێ و**
**نە کەم دەکات**
**بەڵام کامتان**
**دەتوانن مەلەی تیا بکەن و نەخنکێن**

دەستخۆشی لە ژنە شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم دەکەم و کە هەموو کات شیعرەکانی بوونەتە وێردی سەر زمان و بەخشینەوەی خۆشەویستی بۆ ئەو مرۆڤانەی کە هەردەم وێڵن بەدوای ئەوینی ڕاستەقینەدا.

ناساندن

# چاوە کڵاوڕۆژنەکانی پۆل ئاستەر
# کاریگەری کاغەز لە گۆشت و ئێسقان زیاترە

لە فارسییەوە: سیما چۆمانی



پۆل ئاستەر بە یەکێک لەو نووسەرە داهێنەرانە دێتە ژماردن کە ئەزموونێکی زۆری لە بواری کۆکردنەوەی ئەدەبیاتە جۆرەوجۆرەکانەوە هەیە. کۆکراوەیەک کە بریتییە لە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی شیعرە فرەنساییەکان، نووسینی وتارە رەخنەییە ئەدەبیەکان، نووسینی شیعر، بیرەوەری، ئەزموونی ئەدەبیاتی چیرۆکە پۆست مۆدێرنەکان، رۆمانی ریالیزمی جادوویی و تەنانەت ئەفسانەی ئاژەڵەکانیش کە ئەمەش وای کردووە ئاستەر نموونەی نووسەرێکی ناوداری ئەمەریکایی بێتە ئەژمار لە چاو نووسەرە هاوچەرخەکانی دنیای مۆدێرنە و ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمەکانی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پێشوازییەکی گەرمی لێ بکرێت. هەرچەندە پۆل ئاستەر زیاتر بەهۆی نووسینە " سێ رەهەندییەکەی نیۆیۆرک" ناوبانگی جیهانیی وەرگرتووە، بەڵام ئاسان نییە کە تەنیا ئاماژە بۆ بەرهەمێکی بکرێت و وەکو نوێنەری داهێنەرانەی ئەدەبی ئەو پێناسەی بۆ بکرێت. بەپێچەوانەی ئەو نووسەرانەی کە دەتوانین توانا و داهێنانە ئەدەبییەکانیان بۆ شاکارەکانیان بە گشتی ئاماژەی بۆ بکرێت. کاتێک قسە لەسەر داهێنانە ئەدەبییەکەی پۆل ئاستەر دەکرێت، پێویستە ئاماژە بە بەرهەمەکانی بکرێت کە لەناو یەک بە یەکی چیرۆکەکانیدا بڵاو بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، چیرۆکەکانی پۆل ئاستەر هەرچەندە جیاوازییان هەیە، بریتین لەو نووسینانەی کە وەکو تایبەتمەندییەکی دنیای چیرۆکی پۆل ئاستەر بناسرێن.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی پۆل ئاستەر دووبارەبوونەوە و ژمارەی " رووداوە لە ناکاوەکانە" کە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە کە رەنگە بتواندرێت نموونەیەکی ونبووی ناو رووداوە لە ناکاوەکان لە فیلمی " چارەنووسە سەیرەکەی ئیمێلی پۆڵن" لە بەرهەمهێنانی " جان پیر" ژنە دەرهێنەری فرەنسایی بەرچاو بکەوێت. ئەم فیلمە کە دەرهێنەرەکەی بە ئیلهام وەرگرتن لە رووداوە رێکەوتەکانی پۆل ئاستەر لە بەرهەمهێنانی دان بەوە دادەنێت، هۆکاری رێککەوت وەکو مەبەستی سەرەکیی خۆی هەڵبژاردووە.

بابەتی " رێککەوت" رەنگە زیاتر لە هەر بەرهەمێکی تری ئاستەر لە "سێ رەهەندی نیویۆرک" کە بریتییە لە سێ کتێبی " شاری شووشەیی و رۆحەکان و ژوورێکی داخراو" دابەش کراوە و بە تایبەتی لە دوو کتێبی یەکەمیدا بەرچاو دەکەوێت. " سێ رەهەندی نیویۆرک" کە کتێبێکە سەبارەت بە پێناسەکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکانە، چیرۆکێکی پۆلیسی هەیە، بە جۆرێکە کە هەندێ جار وەکو رۆمانێکی پۆلیسی ناوی دەهێنن. پۆل ئاستەر لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ "مەگەزین لیتەر" لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات" زۆربەی جار وەکو رۆمانێکی پۆلیسی باس لە سێ رەهەندییەکەی نیویۆرک دەکرێت، بەڵام من بەمجۆرە بیر ناکەمەوە. هەرچەندە سوودم لە هەندێ هەڵسوکەوتی پۆلیسی وەرگرتووە، بەڵام بە گشتی هیچ روو نادات، مەبەستم ئەوەیە کە تاوانێکی تێدا روو نادات.

کاتێک رۆمانی " دێوەزمە"م تەواو کرد، ناوەڕۆکێکی کورت و نامۆم نووسی کە نزیکەی ٤٠ لاپەڕە دەبوو بە ناوی " پەڕاوگەی سوور" کە لەوێدا باسم لە چەندین رووداوی سەیروسەمەرە کردووە کە بۆم هاتووەتە پێشەوە. باسم لەو پێوەندییە تەلەفۆنییە کردووە کە لە ساڵی ١٩٨٠ رووی داوە،

کەسێک کۆئینی دەویست!، بە خۆمم گوت رەنگە یەکێک بیەوێ گاڵتەم پێ بکات. کۆئین ناوی ئەو کەسایەتییەیە کە لە شاری شووشەییەدایە.

ئاستەر لەم بابەتەدا لە وەڵامی پرسیاری مەگەزین لیتەر ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی دەدات. کۆئین کەسایەتیی سەرەکیی " شاری شووشەییە" هەر ئەوەیە کە کەسێک بە هەڵە پێوەندیی پێوە دەکات وا بیر دەکاتەوە کە لێکۆڵەرە. ئێستاش ئەوەی کە کۆئین هەمان ئەو نووسەرەی چیرۆکە پڕ لە تاوانەکانە. ١٢ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، یەکێکی تر پێوەندی بە پۆل ئاستەرەوە دەکات و دووبارە داوای کۆئین دەکات. پۆل ئاستەر زۆربەی جار لە گفتوگۆکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمانە رووداوی ئاساین کە لە ژیاندا روو دەدەن. بە هەمان شێوەی کە لە کتێبێکی بچووکدا بە ناوی پەڕاوگەی سوور سەبارەت بە دیاردە رێککەوت و سەیروسەمەرەکانی ژیانی تایبەتی خۆی نووسیوە. خاڵێکی گرینگی تر کە لەم بابەتەدا، ئاماژەی ئاستەرە بە بێتاوانیی کتێبەکە. ئاستەر بە بەکارهێنانی فۆڕمی چیرۆکی پۆلیسی لە بەرهەمهێنانی " چیرۆکی باڵا " سەبارەت بە پێناسەی کەسایەتیی مرۆڤەکان بە ناوی سێ رەهەندی نیویۆرک دیارترین داهێنانی ئەدەبیی خۆی لە ناوەندیی ئەدەبیاتی چیرۆک نووسیندا دەخاتە روو نەک کامڵترین چیرۆک. سێ رەهەندی نیۆیۆرک بە رواڵەتە فریودەرە پۆلیسییەکەی خۆی وەکو توانجێک بۆ ئەدەبیاتی پۆلیسی دەژمێردرێت. ئەگەر رۆژێک " جان لۆک گۆدار" بە بەرهەمهێنانی " لە هەناسەکەوتوو" لە چوارچێوەی فیلمێکی پۆلیسیدا، ناوەڕۆکێکی سەبارەت بە فیلمی پۆلیسی پێشکێش کردووە، دوای چەند ساڵی تر پۆل ئاستەر بە بەکارهێنانی تەکنیکی پۆلیسی، ناوەڕۆکێکی تری سەبارەت بە ئەدەبیاتی پۆلیسی نووسیوە. ئاستەر بە هەڵبژاردنی ناونیشانی " ژوورێکی داخراو" لە سێیەمین کتێبی "سێ رەهەندی نیویۆرک" و توانج لە چەمکی " مەتەڵی ژوورێکی داخراو" لە ئەدەبیاتی پۆلیسیدا وەکو ناوەڕۆکێکی رەخنەیی سەبارەت بە ئەدەبیاتی پۆلیسی دەژمێردرێت.







یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی پۆل ئاستەر ئەوەیە کە بە شێوازی کلاسیکی چیرۆک دەنووسێت، چەمکێکی رۆهەڵاتییانە کە تا ئێستا لەگەڵ شێوازی نووسینی رۆمان لە رۆئاوادا ناتەبایە. رەنگە لێکۆڵینەوە لە جیاوازیی نێوان چیرۆک و رۆمان، بابەتەکە ئاڵۆزتر بکات، بەڵام لە چ روانگەیەکەوە چیرۆک لای پۆل ئاستەر مانا دەبەخشێت، هەر ئەو چیرۆکە سەرزارەکی و کورتانەن کە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا سینە بە سینە گوازراونەتەوە و سەرنج ڕاکێشییەکەی نەک

تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، کە خودی ڕووداوی چیرۆکەکەیە. کاتێک لە زمانی هەزاران کەس چیرۆکێک بۆ ئەوەی نوێ گوازراوەتەوە، ئیتر باس لە ئاڵۆزیی فۆرمی، چیرۆک و حەکایەتەکان ناکرێت، لە کاتێکدا ئەوەی لەم چەندین ساڵە ماوەتەوە، خودی چیرۆکە. پۆل ئاستەر خۆی شەیدای " دۆن کیشۆت" نووسەری سروانتیسە، لەم بارەیەوە بۆ مەگەزین لیتەر دەڵێت "من خۆم بە ڕۆماننووس نازانم. ئەوەی بیری منی سەرقاڵ کردووە، هەر ئەوە نییە کە بیری ڕۆماننووس بە تێگەیشتنێکی ئاسایی سەرقاڵ دەکات. ڕووکاری شتەکان، ڕووداوەکانی ڕۆژانە و جۆرێک لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە بۆچی ئەمساڵ لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا جیاوازیی هەیە. بابەتی گرینگی ناو کتێبەکانم مانەوەی خودە، من بەر لەوەی کە ڕۆماننووس بم، حەکایەتگێڕەوەم، بەهۆی شێوازی زارەکی کە هیچ پێوەندییەکی بە ڕۆمانی بە تێگەیشتنی ئاساییەوە نییە، هەست بە نزیکی دەکەم."

گرینگیی پۆل ئاستەر بۆ گێڕانەوە بەم چەمکەی کە ئاماژەی بۆ کرا، وای کردووە تاوەکو بۆ یەکێک بۆ نووسینە هاوبەشە چیرۆکەکانی هەنگاو بنێت و ئەو "چیرۆکە لەناو چیرۆک"ە زۆرەکاندایە کە زۆربەی جار بەرهەمەکانی دەبیندرێت. چیرۆکە کورتەکان کە زۆربەی جار لە نێوان ڕووداوە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەدا دەگوترێت و باس لە هەمان گرینگیدانە کلاسیکییەکەی گێڕانەوە دەکات. چیرۆکە کورتەکان دەقاودەق، ئەم مەبەستەی گەیاندووە. ئەو چیرۆکە کورتانە شایستەیی ئەوەیان هەیە کە لە کتێبێکی جیاوازدا لە چوارچێوەی چیرۆکە سەرەکییەکاندا گرینگییان پێ بدرێت، بەڵام پۆل ئاستەر بە دڵنیاییەکی زۆرەوە لە نێوان ڕووداوە سەرەکییەکاندا دەگێڕێتەوە و ئەوەش بە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دنیای چیرۆکنووسی خۆی دەگۆڕێت.

"بینامتنیت " یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانی ئاستەر کە بە بەرهەمە پۆست مۆدێرنەکانی ئەژمار دەکرێت. وشەی بینامتنیت یەکێکە لە چەمکە پێوەندیدارەکانی پۆست مۆدێرنیزم و هاوکات لەگەڵ بۆچوونی دوا بنیاتگەرایی جولیا کریستوا پێشنیاز کراوە و ئەوەش بەم مانایەیە کە تێگەیشتن لە ناوەڕۆک یان بابەتێک لە چوارچێوەی ناوەڕۆکێکدا مانادار دەبێت. بەو مانایەی کە کاردانەوەی ناوەڕۆک یان بابەتێک لە ڕۆماندا بە هۆی ئەو هێمایانەی کە پێشتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی پێشووتر یان تەنانەت ڕۆمانەکانی ڕابردوو مانادار دەبێت و خوێنەری زیرەک بە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی ڕابردوو دەتوانێت لە ماناکەی بگات. هەروەها چەمکی بینامتنیت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چیرۆکەکانی " هایپەرتکست" لە ئینتەرنێت بووە، بە شێوەیەکی ئاگایانە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی پۆل ئاستەردا دەبیندرێت. بۆ نموونە دەتواندرێت بەشداریی کەسایەتییەکانی دوو کتێبی " شاری شووشەیی و ڕۆحەکان" لە کتێبی سێیەمی "سێ ڕەهەندی نیویۆرک" واتا " ژووری داخراو" ئاماژە بکات. بەشداریی کەسایەتییەکانی دوو کتێبی ڕابردوو لە کۆتاییی کتێبەکەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی نوێ و ژێرەوەی کە لە چوارچێوەی زاراوەی بینامتنیت مانا دەدات.

دنیای پۆل ئاستەر چەندین تایبەتمەندیی تریشی هەیە کە ناتواندرێت لە چوارچێوەی وتارێکی کورتدا ئاماژەی پێ بدرێت. لەوانە دەتواندرێت ئاماژە بە شاری کتێبەکانی پۆل ئاستەر بدرێت. وێنەی دیاری شار لە کتێبەکانی پۆل ئاستەر بە تایبەتی چەمکی شار لە کتێبی " وڵاتی کۆتاییەکان" و هەروەها لێکۆڵینەوەی باشی نیویۆرک لە سێ رەهەندییەکەی نیویۆرک و ئاماژە باشەکانی شاری لە " شەوی پێشبینیی" نیویۆرک، برۆکلین، و وێستگە گەشتیارەکان و گرینگیی شار بۆ ئاستەری ئەمەریکایی دیاری دەکات. ئاستەر هەروەها گرینگی بە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان دەدات و لە چیرۆکەکانیدا ئاماژە بە ژیانی رۆژانە دەدات.




ئاماژە بە تەنیاییی مرۆڤەکان، ترس لە رووداني کارەساتەکان، لەدەستدانی توانای تێگەیشتن، مردنی باوک و هاوسەریش کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دنیای چیرۆکەکانی ئاستەرن. پۆل ئاستەر هەروەک ئاماژەی پێ درا، پانتاییەکی زۆری لە ئەدەبیات تاقی کردووەتەوە. تاقیکردنەوە فراوانەکانی ئەم سنوورە لە تایبەتمەندییەکانی ئاستەرە. ریالیزمی جادوویی لە " ژووری گێژاوە"دا، ئەفسانەی ئاژەڵەکان لە "تیمبوکتۆ"، بیرەوەری لە " داهێنانی تەنیایی"، " هونەری برسییەتی"، و " پەڕاوگەی سوور" نووسینی فیلمنامە بۆ " مۆسیقای بەخت" و " لولو لەسەر پرد" لەو تاقیکردنەوانەن.




دنیای چیرۆکەکانی پۆل ئاستەر، هەر لە چاوی نووسەرەکەیەوە دیارە، دنیایەکی نهێنی و خۆشەویستە. دنیایەک کە مرۆڤ دوای خوێندنەوەی ناچار بە بیرکردنەوە دەکات. دنیایەک کە لە کاتی هاتنە ناوەوەی ئەو توانایەی هەیە کە مرۆڤ لە دنیای راستەقینە دوور دەکاتەوە و تەنانەت بۆ چەند چرکەیەکیش بۆ ناو قووڵاییی چیرۆکی خەیاڵاوی دەبات. پۆل ئاستەر رەنگە لە نووسیندا بە دوای ئامانجێکەوە بێت. دروستکردنی دنیایەکی نوێ و جیاواز کە مرۆڤ بۆ چەند ساتێک خۆی دیل دەکات. پۆل ئاستەر سەبارەت بەم دنیایە دەڵێت "پرسیار ئەوەیە کە ئامانج چییە؟. دنیا ئامانجی نییە. ناتواندرێت سەر لە هەموو شتەکانی دنیا دەربهێنیت، بەڵام دەتواندرێت بەرەبەرە لێی تێ بگەی. بەپێچەوانەوە دنیای هونەر سنووردارە، بۆیە لە بەرامبەردا دنیای راستەقینە بێ کۆتایی نییە و دەشێ بە ئاسانی ئانالیز بکرێت. کاتێک بە لاپەڕە ١٠ یان ٥٠ بگەی رەنگە بە ئامانجێک بگەی بە ئاسانی باس لە دروستبوون و چەمکی چیرۆک بکات، بەڵام کتێبەکان درێژە بە ژیانیان دەدەن، کاریگەری کاغەز لە گۆشت و ئێسقان زیاترە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی "مشاهیر جهان"

ديمانه

(د. فەرهاد پیربال) لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە

# تەنیا لەناو هونەردا مرۆ ئازادە، لە هەموو شوێنێکی تردا پاسەوانت هەیە

هونەری چیرۆکنووسی، هونەرێکی هەروا سادە نییە. بگرە ئەوەی بیەوێ چیرۆک بنووسێ، دەبێ هونەرمەند بێ. بەو واتەیەی چیرۆک نووسین واتە خەڵقکردن. چۆن ئەم گەردوونە درووست کراوە، کەلێنێکی تێدا نییە، کەموکورییەکی تێدا نییە، چیرۆکیش دەبێ وا خەڵق بکرێ.

فەرهاد پیربال، ئەو چیرۆکنووسەیە بەردەوام کارکردنی ئەو لەنێو تەکنیک بووە. ئەو هەرگیز گرینگی بە تێمەی چیرۆکەکانی نادات. هەروەک لەم دیمانەیە ئاماژەی پێ دەدات تێمە هەردەم لە بەردەستمانە، هەموو دەوروبەرمان تێمەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە چ تەکنیکێک بۆ ئەو تێمەیە بەکار دەبەی. واتە فەرهاد پیربال لە چیرۆکنووسیدا گرینگی بە چۆن نووسین دەدا، نەک چی نووسین. بە حوکمی ئەوەی چیرۆکنووس ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەکو فرەنسا ژیانی بەسەر بردووە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری تەکنیکی نوێی چیرۆک نووسین. بۆیەش شێواز و تەکنیکی چیرۆکەکانی لە هەموو چیرۆکنووسانی تری کورد جیاوازترە. لەم دیمانەیە فەرهاد پیربال لەبارەی چیرۆک و ئەزموونی چیرۆک و تەکنیکی چیرۆکی خۆیەوە دەپەیڤێت. ئەو باوەڕی وایە هەموو نووسەرێک بە تەکنیک دەتوانێ داهێنان بکات. هەروەها ڕای خۆی بەرانبەر چیرۆکی دوای ڕاپەرین و نەوەی نوێ دەردەبڕێت.

سازدانی: حەمە مەنتک

* سەرەتا دەمەوێت بزانم چۆن دەڕوانیتە چیرۆکی پێش ڕاپەڕین (١٩٩١) و دوای ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین چ کرانەوەیەکی بەخۆیەوە دیت؟



د. فەرهاد پیربال: دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێک دەنگی پیر و دەنگی باو هەبوون کوژانەوە و کۆتاییان هات.ئەوە سیفەتێکی زۆر باش بوو. چونکە بێدەنگی باشترە لەوەی گاڵەگاڵێکی بێ ناوەرۆک و بێزارکەر هەبێت لە ئارا. ئەو دەنگانەی سالانی حەفتا و سالانی شەست تەنانەت سالانی پەنجاشی تێدایە کشانەوە روویان کردە کەسابەت و زانییان ئەدەبیات چیی تر شوهرەتی بۆشی پێ پەیدا نابێت و پارەی پێ پەیدا نابێت. ڕوویان کردە سیاسەت و سیاسەتبازی و دابەشبوونە سەر حزبەکان و بوونە پەرلەمانتار و بوونە بەرپرس ئەوە زۆر جوان بوو.

ڕاپەڕین بە تێگەیشتنی من بێژینگێک بوو. بێژینگ بە هەولێری یا بە سلێمانی دەبێتە چی؟ بێژینگ نووسەری باش و خراپی لە بێژینگ دا، ئەدەبیاتی جوان و ناشرینی لە بێژینگ دا. کۆمەڵێک دەنگ کۆتاییان پێ هات، دوو سێ دەنگی جوانیش، گەنج کە لە زەمانی بەعس پێش ڕاپەڕین پێشێل دەکران، ڕێگەیان پێ نەدەدرا دەرکەون، دەرکەوتن. یەک لەوانە لە بواری ڕۆمان نووسین (بەختیار عەلی)یە. هەڵبەتە چەند دەنگێکی تری گەنجیش کە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێک شتی جوانیان نووسی. بەڵام پێم وانییە ئەگەر لە دوای ڕاپەڕین چەند بەرهەمێکی تازەی جوان سەری هەڵدابێت، دەرکەوتبێت سەر بەو نەسلەیە. نەسلێکی گەنجە هیچ پێوەندیی بە نەوەی (حسێن عارف و مستەفا ساڵح کەریم و ڕەئووف حەسەن)ەوە نییە بە هیچ شێوەیەک نەوەی دوای ڕاپەڕین ئەگەر چەند چیرۆکنووسێکی باش هەبن ڕەگ و ڕیشە و سەرچاوەکانی خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند کانییەک، چەند سەرچاوەیەک کە غەیری ئەو سەرچاوانەن کە نەوەی پێش خۆیان ئاویان تێدا خواردووەتەوە. پێ دەچێت بۆیەش جیاواز بن، پێ دەچێت بۆیەش تازە بن. (بەختیار عەلی)یەک سەرچاوەکەی تەنیا برێتی بێت لە (ڕەئووف حەسەن و محرەم محەمەد ئەمین و محەمەد مەولوود مەم و..) ئەو شتانە نەدەبووە ئەو چیرۆکنووسە باشە، ئەو ڕۆماننووسە باشە. سەرچاوە فیکرییەکانی (بەختیار عەلی) جیاوازە بۆیە پەلوپۆیەکانیشی تایبەت و جیاوازە. بەرهەمەکانیشی سەربەخۆ و تاکڕەون.

* چیرۆکی پێش ڕاپەڕین بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەک بوو. چیرۆکی دوای ڕاپەڕین یا چیرۆکی ئێستامان هەڵگری چ ئایدیۆلۆجیایەکە، ئاخۆ ئایدیۆلۆجیا کاریگەری خۆی ماوە؟

– بزانە تەواوی چیرۆکی کوردی تا ئەم دە دوازدە ساڵەی ئەخیری برێتییە تەنیا لە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی. لەوە زیاتر هیچ ئێستاتیکا و جوانییەک و هونەرێکی تێدا نییە. ئەمە بە تێگەیشتنی من هەڵبەتە ئەو قسەیە دەکەم بەشێکی فراوانی کارە ئەکادیمییەکەم لەسەر مێژووی چیرۆکی کوردییە. کە تەماشا دەکەم کە ئاوڕ بۆ چیرۆکی کوردی دەدەمەوە تاک و توی لێ دەرکە، بەڵێ تاک و تەرایەکی لێ دەرکەین لەناو مێژووی چیرۆکی کوردی بە درێژاییی خۆی بە نۆڤلێتەکانیشمانەوە، هەڵبەتە ناتوانین بڵێین بە ڕۆمانەکانیشمانەوە، چونکە ڕۆمانمان نییە. تا

ئەو دە یازدە ساڵەی ئەخیری شتێک بەناوی ڕۆمان گەشە دەکا یا سەرهەڵدەدا، بەڵام سەرجەم مێژووی چیرۆکی کوردی لە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی، چینایەتی لای نەوەی (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی و شاکر فەتاح) ئەو ناوەڕۆکە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی زیاتر ئەسڵەن هیچ هونەرێکمان نییە. هیچ ئیستاتیکایەکمان نییە. لەبەر ئەوە ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە سەرهەڵدەدا، هەڵبەتە من ڕاپەڕین ناکەمە پێوەرێک بڵێین ساڵی (١٩٩١) ناکەمە سنوورێک لە بەینی ئەدەبێکی باش و ئەدەبێکی خراپ نەخێر. پێش ڕاپەڕین سەرهەڵبدات تۆ چەندین چیرۆکنووسی باشت هەبوو ( شێرزاد حەسەن)ت هەیە، (محەمەد موکری)ت هەیە، یەک دوو هەوڵدانی جوانی (ئەحلام مەنسور)ت هەیە، (لەتیف حامد)ت هەیە، (عەبدوڵڵا سەراج)ت هەیە. پێش ئەوەی ڕاپەڕین ڕوو بدات سەدام حوسێن لەسەر حوکم بوو. مانای وایە بە تەسەوری من ئەدەبی باش و جوان پێوەندیی بەوەدا نییە ئەدەبی جوان تەنیا لە سەردەمی ئازادیی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات نەخێر. ئەوە ئاشکرایە لەوپەڕی گەرمەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن (حسێن عارف) لە زەمانی خۆی، (محەمەد موکری، شێرزاد حەسەن) و چەندین چیرۆکنووسی تر شتی جوانیان دەنووسی. ئەدەبیاتێکیان دەنووسی کە جیاواز بوو لەو ناوەڕۆکە نەتەوەیی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییە سادە و ساکارەی کە پەنجا ساڵ چیرۆکی کوردیی لەخۆوە گرتبوو، بۆ من ڕاپەڕین سنوورێک نییە لە بەینی ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ. ڕاپەڕین ڕووداوێکی مێژوویییە تەواو، بەڵام جیلێکی نوێ هەیە لەگەڵ ڕاپەڕین بیر دەکاتەوە بەشێوەیەکی جیاواز بنووسێت ئێستا لە پەلەقاژەدایە.

* با بێینە سەر ڕەخنەی چیرۆک لەناو ئەدەبی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە، بەو مانایەی ڕەخنەی چیرۆک لەناو ئەدەبی کوردیدا هەیە کە ببێتە هۆی بەدیارخستنی لایەنی جوانی و داهێنانی چیرۆکی کوردی؟

– بەشێوەیەکی گشتی نەخێر، من وا نابینم جموجۆڵێکی ڕەخنەیی هەبێت کە شایستەی ئەدەبیاتێک بێت کە تازەیە و دەیەوێت خۆی دروست بکات. چەند مەقالاتێک هەیە لەولا و لەملا و چەند هەوڵدانێکی ئەکادیمی هەیە لە پێناو بە دوکتۆربوون و بە پرۆفیسۆربوون و بە ماستەربوون و ئەو شتانە. ئەوە عیلاقەی زۆرتر بە تێگەیشتنی من بە کەسابەت و بە پۆست وەرگرتن و ئەو شتانەوە هەیە. نەیتوانیوە هاوشانی ئەدەبیاتە جوانەکە تەڕ و وشک لە یەکتر جیا بکاتەوە، خراپ و باش لە یەکتر جیا بکاتەوە. وەکو گوتم چەند وتارنووسێک هەیە، چەند وتارێک هەیە بە شێوەیەکی گشتی ئەوە تەماشای هەندێک لەو چیرۆکانە دەکات، تەماشای هەندێک لەو بەرهەمانە دەکات.

* چێژ و جوانی و داهێنان ئەو بەهایانەن کە دەبێت لەناو هەموو دەقێکی نایاب هەبێت، چۆن چیرۆکنووس دەتوانێت ئەو چێژ و جوانییە بخوڵقێنێت؟

– بزانە پێش هەموو شتێک دەبێت دیدێک هەبێت سەربەخۆ، تاکرەو کە لای چیرۆکنووسێکی

پێشتر یاخۆ هاونەسلی خۆی وجوودی نەبێت. دیدێکی تایبەتی هەبێت، جیهانبینییەکی شەخسیی هەبێت لای ئەو چیرۆکنووسە کە بێگومان لە چەند ئەزموونێکی ژیانی تایبەت خوڵقاوە. ئەو دیدە سەربەخۆیە بەبێ بینینی ئەزموونی جیاواز سەرهەڵنادات. دیدی سەربەخۆ یا جیهانبینیی تاکرەو دروست نابێت بەبێ ئەوەی کە تۆ چەند سەرچاوەیەکی فیکری و ژیانی یا ئیستاتیکی جیاوازت نەبێت. لە ئاسمانەوە بۆت دانابارێت. جیهانبینیی سەربەخۆ کەواتە من وا تێ دەگەم چیرۆکنووسی باش ئەو چیرۆکنووسەیە کە جیهانبینییەکی سەربەخۆ و جیاوازی هەیە. چیرۆکنووسی هونەرمەند ئەو چیرۆکنووسەیە کە دیدێکی شەخسی و تایبەت بەخۆی هەیە تەنیا لەو کاتەشدایە کە دەتوانێت جیهانێکی تایبەت و سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات. ئەزموونێکی تایبەت و سەربەخۆمان بۆ بگێڕێتەوە. تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت، ئەگەرنا داهێنان لەمەوە دێت وەختێک ئەو جیهانبینییەی هەبوو، ئەو دیدە تایبەتییەی هەبوو. کەواتە ئۆتۆماتیکی ئەو نووسەرە لەناو جیهانێکی، لەناو دنیایەکی تایبەتیش دەمانخولێنێتەوە سەفەرمان پێ دەکات بەرەو دنیایەک، بەناو ڕووداوگەلێک، بەناو کەسایەتی گەلێک، بەناو پاڵەوانگەلێک کە دنیایەکی تەواو جیاوازە. دەبینی دنیایەکی غەریبمان بۆ دەخوڵقێنێ کە ئەمەمان هەرگیز نەدیوە، پێیدا نەچووینە. ئۆتۆماتیکی لەو حاڵەتە چیرۆکنووسی هونەرمەند کەشفی ستایلێکی نوێ دەکات، بۆ ئەوەی بە ستایلێکی تازەوە ئەو شتانەمان بۆ بگێڕێتەوە. چونکە بە تێگەیشتنی من هیچ جیهانبینییەکی تازە، هیچ دیدێکی نوێ ناتوانرێ بگێڕدرێتەوە بەبێ ستایلێکی تازە. ئۆتۆماتیکی دنیای تازە و دیدی تازە، ستایلی تازەی هاوشانی خۆی دەدۆزێتەوە ئەمە ئۆتۆماتیکییە، یەعنی داهێنان یا دۆزینەوەی دیدی تازە جمکانەیە لەگەڵ دۆزینەوەی تەکنیکی تازە من پێم وابێ.

* باست لە ستایلی تازە کرد، لە چیرۆکەکانی خۆتدا بەتایبەتی لە (پەتاتەخۆرەکان) و ئەوانی تر زیاتر ئیشت لەسەر ستایل کردووە، لەسەر فۆرم کردووە. هونەری تازە و جوانت هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردی، بەڵام زۆر کەم ئیشت لەسەر ناوەڕۆک کردووە؟

– ئەمە لەبەرئەوەی ناوەڕۆک هەردەم حازرە، هونەر دەربڕینی ناوەڕۆک نییە بەتەسەوری من. لە چایخانەیەک دادەنیشی دوو پیاو دانیشتوون حەکایەتێک، ڕووداوێک دەگێڕنەوە دوێنێ ڕووی داوە: ژنێک خۆی سووتاند، پیاوەک گوی لەبنە خۆی کرد، عەسکەرەک تازە لە ئەسارەت لە ئێران گەڕایەتەوە، پیاوێک ژنی خۆی تەڵاق دا، ژنێک مێردی خۆی سووتاند، زەحمەتکێشان ئینشیقاقی کرد، یەکێتیی نیشتمانی (نەوشیروان مستەفا)ی لێ جودا بووەوە، مەسعوود بارزانی لەگەڵ تاڵەبانی ئیمزایان کرد نەفت بچێتە دەرەوە، ڕۆژنامەنووسەکان لە بەردەمی UN مانیان گرت، جادەیەکی پاسکیل لە هەولێر کرایەوە بەم زووانە وەزیر ئیفتتاحی کرد. هەموو ئەم شتە قۆڕانە ژیانن، ناوەڕۆکن. چیرۆکنووس دەتوانێت هەموو ئەو شتانە کە تۆ دەیگێڕییەوە، پیاوێک لەسەربان کەوتە خوارەوە هیچی لێ نەهات، نەمرد مەسەلەن. ئەمانە هەموو ناوەڕۆکە، ئەوە هەموو ڕووداوە.

چیرۆکنووس ئەو کەسە نییە بێت ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە، پیاوێک لە برسان مرد ئیشی بەدەست نەکەوت، ئەوی تر عەردیان لێ زەوت کرد و کراوەتە تەیارەخانە تەعویزیان نەداوەتەوە، ئافرەت چەوساوەیە. ئەو شتە قۆڕانە واقیعە وەختێک چیرۆکنووسێک بێت ئەو شتانەمان بۆ بگێڕێتەوە نەک هەر هیچ هونەرێک نانوێنێ بگرە خوێنەریش ئیزعاج دەکا، لەبەرئەوەی واقیعێکمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەبەرئەوەی هەموو دەزانین سەدام حوسێن دیکتاتۆرە پێویست بەوە ناکات هەڵەبجەییەک بێنم نیشانی بدەم کە سەدام ماڵی تۆپباران کردووە، پێشانی بدەم کە سەدام تاوانبارە و هەڵەبجەیەکە زوڵم لێ کراوە. ئەمە هەر چیرۆکنووسێک ئەم حەکایەتەم بۆ بگێڕێتەوە نەک هەر هیچ هونەرێک پێشان نادات بگرە ئیزعاجیشم دەکات. لە کۆتاییدا دەڵێم ئەحمەقە، گێلە، یان من بە ئەحمەق دەزانێ، چونکە من وەکو ئەو لە هەولێر ژیاوم. سەدام حوسێن زاڵمە و هەڵەبجەییەکان مەزڵوومن. هەتا بێم وا نیشان بدەم حکوومەتی هەرێم خزمەتی هەڵەبجە ناکات. یان ئەوە نیشان بدەم سەدام حوسێن ئەنفالی کردووە بەرامبەر بەکورد، یان بڵێم حکوومەتی هەرێم خزمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ناکات. ئەمە لە وتارێک بۆ ئیسارەکردن یان لەمەودوا خەڵک دەنگ بە حزبی ئۆپۆزسیۆن بدات، یان ئەو شتە قۆڕانە. بەس هونەر گێڕانەوەی واقیع نییە، هونەر دەربڕینی واقیع نییە، نەخێر. هەموو ئەوانەی باسی ئەوە دەکەن ڕازاندنەوەی واقیعە، دەربڕینی خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگەیە، نا چیرۆک عیلاقەی بە کۆمەڵگەوە نییە. چیرۆک دەربڕینی ئازارەکانی کۆمەڵگە نییە. چونکە کەرترین کەس دەزانێ کۆمەڵگە ئازاری هەیە، ئەحمەقترین کەس دەزانێ کە سەدام حوسێن زاڵمە، دەزانێ کە ئەنفال خراپە، هەڵەبجەییەکان گوناهن. هەموو ئەو شتانە مەعلووماتی بنیاتە. چیرۆک لەبەرئەوەی ئەویش هونەرە، هونەریش بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی چەند پێوەندییەکی تازەیە کە خوێنەر بە هیچ شێوەیەک بیری بۆ نەچووە. هونەر سەربڕینی واقیعە، دووبارە خەڵقکردنەوەی واقیعە. هونەرمەند خواوەندێکە دنیا تێکوپێک دەدات بەشێوەیەکی تر دروستی دەکاتەوە کە خوێنەر بەرامبەری سەری بسوڕمێنێ. لە گۆشەنیگایەکەوە بڕوانێتە شتەکان کە بە حەیاتی خۆی لەو گۆشەنیگایەوە تەماشای دنیای نەکردبێ، من ناڵێم باسی هەڵەبجە مەکە نا، ناڵێم باسی ئەنفال مەکە، ناڵێم باسی سەدام حوسێن مەکە، ناڵێم باسی حکوومەت مەکە باسی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تازە قەشمەریم پێ دەکردن ناڵێم باسی مەکە، بەڵام بەو نەوعە باسی مەکە کە هەموومان دەیزانین. بەشێوەیەک باسی بکە کە تۆ هونەرمەندانە فانتازیانە لە گۆشەیەکەوە کە شەخسێکی ئاسایی، کە نووسەرێکی ئاسایی نەتوانێت بیگێڕێتەوە تەنیا تۆ نەبێت. بۆیە هەموو چیرۆکنووسێک هونەرمەند نییە، بۆیە هەموو شاعیرێک شاعیر نییە، لەبەرئەوەی زۆربەیان وا تێ گەیشتوون کە چیرۆک نووسین دەربڕینە لەواقیع، چیرۆک نووسین گێڕانەوەی چیرۆکە، نەخێر چ دەگێڕیەوە، چۆنی دەگێڕییەوە، بەچ دیدێک دەگێڕییەوە، بەچ ستایلێک دەگێڕییەوە. لەبەر ئەوە قسەکەت زۆر ڕاستە ناوەڕۆک لای من هیچ بایەخێکی نییە، لە زاخۆ عەسکەرێکی تورک قونی ژنێک دەگرێ، ئەو ژنە دوو منداڵ و مێردەکەی لەگەڵە، خۆی

ناوەڕۆکی یەکێک لە چیرۆکەکانم ئەوەیە (کوژرانی عەسکەرێکی تورک لە زاخۆ) ناوەڕۆکەکە ئەوەیە عەسکەرێک قونی ژنێک دەگرێ و دوو منداڵ و مێردێکی لەگەڵە، باسی ئەوە دەکەم هیچ شتێکی تری تێدا نییە، بەڵام من تەکنیکێکم بەکار هێناوە بەشێوەیەک گێڕاومەتەوە لە گۆشەیەکەوە ئەوەم گێڕاوەتەوە ئەوەیە کە هەیە. پەتاتەخۆرەکان ئەویش ناوەڕۆکێکە، هیچی تێدا نییە پیاوێک لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و تەواو، بەس چۆنم گێڕاوەتەوە بڕۆ بیخوێنەوە.لە چیرۆکی «ڕاکردوو» گەنجێکە لە خۆی دەپرسێ ئاخۆ بچم لە شەڕی سەدام بەشدار بم یان نەچم، دوودڵە، بەشداریکردنی تاکەکەسێکی کوردە لە شەڕی سەدام بچێ یان نەچێ، وەڵامی ئەوەیە بەڵام بڕۆ بیخوێنەوە چیم گوتووە. چیرۆکی «پەلکە مۆزەکە»، گەنجێکە دەچێتە ئەڵمانیا داوای پەنابەری دەکات پەنابەریی بۆ دەرناچێت، ئەمە ناوەڕۆکێکی زۆر بەدیهییە، هەزار و یەک گەنج چوونە ئەوروپا و داوای پەنابەرییان کردووە، ڕەنگە زۆر چیرۆکنووسیش باسی ئەو بابەتەیان کردبێ، بەڵام من بەشێوەیەک گێڕاومەتەوە بڕۆ بیخوێنەوە، کەواتە ئەوە گرینگ نییە ئێمە چی دەگێڕینەوە وەختێک ئێمە باسی کرێکارێک دەکەین زوڵمی لێ کراوە ئەوە شۆڕشگێڕییەتی نییە، ئەوە بەدیدی مارکس شۆڕشگێڕییەتییە کە بەقەدەر نینۆکێکی تۆ نەیزانیوە ئێستاتیکا چییە و هونەر چییە، ئەوە بەچاوی ئەوان شۆڕشگێڕییە، شۆڕشگێڕی لە هونەر ئەوەیە کە بەڕاستی لە هونەر تێ بگەی، لە ئێستاتیکا تێ بگەی، هونەرێک دابهێنی، هونەرێک دروست بکەی کە بەڕاستی هونەر بێت.

* مادام ئەو ستایلە نوێیە هەبێت زمان لێرەدا دەوری خۆی هەبێت، زۆر کەس باسی پێوەندیی نێوان زمان و شیعر دەکەن، شیعر دەبێ زمانی وابێت و زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئاخۆ چیرۆکی نوێ پێویستی بەزمانێکی تایبەت هەیە؟

– ئەوە دەکەوێتە سەر چیرۆکنووس، چیرۆکنووس دنیایەکی هەیە، دیدێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەزموونی تایبەتی هەیە. دەتوانێت زمانێکی زۆر شیعری هەبێت، بەڵام چیرۆکنووسێکی تر کە سەرچاوەیەکی فیکریی جوداواز، لە سەرچاوەیەکی ئێستاتیکی جوداواز ئاوی خواردووەتەوە، ئەزموونی جیاوازە، دنیایەکی جوداوازە دەیەوێت زمانێکی زۆر کورت و موختەسەری هەبێت. ئەرنست هەمنگوای ڕستەی زۆر کورتە، لە ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریادا پیرەمێردەکە لە قەراغ دەریاکە ڕاکشابوو تەماشای ئاسمانی دەکرد، ماسی لەناو دەریاکە دەهاتنە دەرەوە و دەچوونە ناو دەریاکە، منداڵێک لە قەراغی دەریاکە نزیکی پیرەمێردەکە کەوتەوە پیرەمێردەکە هەستایەوە تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد جگەرەیەکی کێشا دەستی منداڵەکەی گرت و چوونە ناو ئاوەکە، مەسەلەن ڕستەی کورت کورتی هەیە. باشە ئەو ڕستانە عەرز و ئاسمانی فەرقە لەگەڵ ڕستە درێژەکانی (مارسیل پرۆست)، ئەمەیان هەندێک جار یەک ڕستەی دەکاتە لاپەڕەیەک، ڕستە هەیە لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای کاتی ونبوودا) یەک لاپەڕە و نیوە، (مارسیل پرۆست) هونەرمەندە و (هەمنگوای)ش هونەرمەندە. ئەو پرسیارەی جەنابت یاسای بۆ دانانرێت، چیرۆکی کوردی ڕێسای

بۆ دانانرێت، وەکو چۆن شیعریش هەروا. یاسا لەئەدەبیات و هونەردا نییە، تەنیا لەناو پەرلەمان و دایرەی زەریبە و زانکۆکان و مەعەسکەرەکاندا هەیە، قانوون دەبێ هەمیشە شەقی تێ هەڵبدرێت، لە ئەدەبیات و هونەر، هەر هونەرمەندێک، چیرۆکنووسێک ئازادە لەوەی چ شێوازێک، تەکنیکێک، فۆرمێک، دیدێک، ئەزموونێکی تایبەتی خۆی هەبێت، ئازادە لەوە، پێویستە هەر هونەرمەندێک تەکنیکی تایبەتی خۆی هەبێت. هانی ئەوە بدەین کە ئەدەبیات برێتی بێت لەو ئازادییە، تاقە شوێنێک لەو کەونە، تاقە زەمەنێک کە هونەرمەند تێیدا هەست بەئازادی بکات، هونەرە تەنیا لەناو هونەردا مرۆ ئازادە، لە هەموو شوێنێکی تردا پاسەوانت هەیە.

* کاریگەربوون بەڕێبازە ئەدەبییە جیهانییەکان زۆر ئاساییە، تەنانەت سوود لێ وەرگرتنیشیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خۆمان، لێ زۆرجار بەشێوەیەک کۆپی کراوە و لاسایی کراونەتەوە، چۆن دەڕوانیتە مەسەلەی لاساییکردنەوە؟

– بە تێگەیشتنی من هەموو هونەر و ئەدەبیاتی جیهان لاساییکردنەوەیە، بەڵام هەر لاساییکردنەوەیەک ڕێژەیەک لە ڕەسەنایەتیی تێدایە. لاساییکردنەوەی واش هەیە دەقاودەق لاساییکردنەوەیەکی ئەحمەقانەیە، تەنیا یەک کەس لاساییکەرەوە نییە، لە هەموو کەون و دنیای ئەدەب و هونەر لاسایی نەکردووەتەوە ئەویش ئادەمە. ئادەم لاسایی نەکردووەتەوە یەکەم مرۆیە ئەوەی گوتوویەتی، ئەوەی کردووە کە کردوویەتی، لەوانەیە ئادەم ڕۆژێک ڕەسمێکی لەسەر دیوار کردبێ، یان قسەیەکی جوانی کردبێ، ئەمە لە گۆشەنیگایەکی دینییەوە. لە گۆشەنیگای زانستییەوە کە زانست باسی یەکەم مرۆ دەکات، تەنیا مرۆیەکانی سەرەتایی کە ڕەسمیان لەسەر دیوارەکان کردووە، ئەوانە ویستوویانە دەنگی خۆیان بنووسنەوە، پیتیان داهێنا، ئەوانەی بۆ یەکەم جار شیعریان نووسیوە تەنیا ئەوانە لاساییکەرەوە نین، لێ یورپیدس لاسایی پێش خۆی کردووەتەوە، ئەرستۆ لاسایی مامۆستاکەی پێش خۆی کردووەتەوە، بەڵام بە داهێنانەوە، ئەرستۆ هات گوتی مامۆستا ئەفلاتوون قسەکانی تۆ ڕاستە کە واقیع وێنەیەکە لە ئایدیاڵ، بەڵام ئەو واقیعە لە جووڵەدایە، مرۆ بەڕێوەی دەبا نەک ئایدیاڵ، دەبینی، خۆ ئەرستۆ قوتابیی ئەفلاتوون بووە، باوەڕی بە ئایدیاڵ هەیە لێ بەشێک لە داهێنانی خۆی خستە سەر فیکرەی ئەفلاتوون. بەهەمان شێوە جێمس جۆیس لاساییکەرەوەیەکی گەورەی پێش خۆیەتی، لێ ئەو هات ئەو تەکنیکەی داهێنا کە ڕەخنەگرەکانی پاش خۆی ناویان لێ نا (شەپۆلی هۆش)، هۆشەنگ گوڵشیری کە خۆی بە قوتابیی جێمس جۆیس دەزانێ، هەموو ئێران و ڕەخنەگرەکانی ئێران باس لە هۆشەنگ گوڵشیری دەکەن و بە قوتابیی جۆیسی دەزانن، هۆشەنگ دزێکی گەورەی جۆیسە و شانازیشی پێوە دەکا، بەڵام هۆشەنگ گوڵشیری مۆرکێکی تایبەتی خۆی لەناو چیرۆکەکانی دروست کرد. بەسوود وەرگرتن لە جۆیس. با ناوی عەتا نەهاییش بهێنین ئەویش لە (باڵندەکانی دەم با) و چیرۆکەکانی تری و ڕۆمانەکانی بەئاشکرا شوێن پەنجەی هۆشەنگ

گوڵشـیـریی پێ وەدیارە. تۆ بزانە لە جۆیسـەوە گەیشـتـە نـەهایی، بە عـەتا نەهایی و هۆشـەنگ و جۆیسەوە هـەموویان قوتابیی سێرڤانتس و چیرۆکنووسـەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەن. کاریگەری (دی. ئێچ. لۆرنس) بەسـەر شـێـرزاد حـەسـەنەوە تەمـاشـا بکە ئاشکرایە. دەمـەوێت ئەوە بڵـێم لاسـاییکردنەوە حـاڵەتێکی بەردەوامی داهێنانە، بەردەوام هونـەرمـەند تێیدا دەژی. لێ ئەو حـاڵەتی لاسـاییکردنەوە و ژیانی لاسـاییکردنـەوەیەدا هونەرمـەندی باش ئەوەیە بتوانێت خـۆی بێت، هـەموو مـرۆیەک دەژی، ملیـۆن کـەس ئاسنگەرە، نەجـارە، لێ لەناو ئەو حـەشـامـاتە ئاسنگەرە چەند دانەیەکیـان کـورسی و مێزی جوداواز دروست دەکەن. ملیـۆنێک فیـزیاوییـە، لێ لەناو ئـەو ملیۆنە ئەنشـتـاینێک دێت، ئەویش لاسـایی کـردووەتەوە لێ مـۆرکی خـۆی، ئیمـزای خـۆی لەناو زانسـتی فیـزیادا بەجێ هێشت. کـەواتە من وا تەمـاشـای لاسـاییکردنـەوە دەکەم. من لەگەڵتم ژمـارەی ئەو کەسانە زۆر کەمن کە لاسایی دەکەنەوە و هیچ داهێنانێکی تایبەتی خۆیان نییە، کە بەردەوام هـەتا دەشـمـرن لاسـایی دەکـەنـەوە، لێ هیچ ئیمـزایەک، هیچ کـەسـایەتییـەک بۆ خـۆیان دروسـت نـاکـەن، نموونەی ئەوانەش هەزارانە.

* چیرۆکـی نوێی کـوردی گـەیشـتـووەتە چ ئاسـتێک، ئاخـۆ چیرۆکی کـوردی ڕەگـەز و بنیاتی تایبەتی خۆی هـەیە، یان یاخیبوونە لە تەکنیک و ناوەڕۆکی چیرۆکی پێشتر؟

– بەسـەراحـەت وەڵامت دەدەمـەوە سـاڵانێکی یەکجار زۆرە ئاگام لە چیرۆکی نوێی کوردی نییـە، ناتوانم هەڵسەنگاندنێکی گشتی بکەم بۆ ئەوەی پێی دەڵێن چیرۆکی نوێی کوردی. نوێیەکە ئەگەر مـەبەسـتت ئەو بیست سـاڵەی دوای ڕاپەڕینە ئەوە شـتێکمـان لێ باس کرد. لـەبەرئەوەی ئاگام لەو بیست سـاڵەی چیرۆکی کوردی نییـە و نایخـوێنمـەوە. لە ڕاسـتیدا دوکـتۆراکـەم تا سـاڵی ١٩٤٩ی هێنا . زۆر بەئەنقـەست وەخـتی خـۆم نەدایتـە ئەوەی بێم بزانم چیـرۆکنووسـە کـوردەکـان ئێـسـتـا دەنووسن، چۆن دەنووسن، ئەسـڵـەن بەپێویسـتیشی نازانم، وەختی خـۆم سـەرفی ئەو شتـە قـۆڕانە ناکـەم. لـێ هـەر چیرۆکنووسـە بۆ خـۆی ئازادە چۆن دەنووسێ و چ دەکـا . خـوێندنەوەم بۆ چیرۆکی ئەمـرۆی کـوردی نیـیـە، ئاگـام لێـی نیـیـە، لێ تاک تـاک جـارجـارە شـتی تازەم دیوە و سـەرسـامی کردووم، پێم جوان بوو، دەتوانم قسـەیان لەسـەر بکەم، لێ بـەشێوەیەکی گشتی من ڕەخنەگر نیم و وەختی خۆشم بۆی تەرخان نەکردووە.

* بەگشتی لە چیرۆکـەکانتدا ویستـووتە لە چ شـتێک یاخی بیت و هـەوڵی گۆڕانکاری بدەیت؟

– پێش هـەموو شتێک لە خۆم، بتوانم لە خۆم یاخی بم، بتوانم لەو کولتووری یاخی بم کە لەناومدا ڕۆچووە. چونکو هـەموو شتێک لەناو من هـەیە بەپلەی یەکـەم لە خۆم، بتوانم چۆن لە خۆم یاخی بم. بتوانم چۆن ئەو کـەسانە بکوژم لەناو مندا هـەیە، ئەو کەسـانـە سـەرببڕم کـە لەناو مندا هـەن، دەستی

ئەو کەسانە بگرم کە لەناو مندا جوانن. ئەو کەسانە لەسەر کلی خۆم دابنێم و وەبکەم دەنگیان بەرز بکەمەوە کە خۆشم دەوێن، کە جوانن، پاکن. شەڕی من لەگەڵ خۆمە. لە ئەدەبیات شەڕی من لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە لەناو خۆمدان، لەگەڵ ئەو شتانەیە کە لەناو خۆمدان بەپلەی یەکەم. وەکو گوتم وەختی خۆم هەرگیز بەشەڕکردن لەگەڵ سەدام حوسێن سەرف ناکەم، لەگەڵ خومەینی و بەشار ئەسەد و جۆرج بوش ئەوە خەڵکی تر هەیە بۆ خۆیان وەکو سەگ تێک بەربووینە لەگەڵ یەکتری. بۆ نموونە بن لادن هات شەڕی لەگەڵ جۆرج بوش کرد، دوایی جۆرج بوش تووڕە بوو هات سەرکردەکانی عێراقی کۆ کردەوە نازانم لە بن لادنی دا و ئێستاش شەڕەکە بەردەوامە و ئەوانە بۆ خۆیان کەوتوونەتە شەڕە سەگ، من هونەرمەندێکم، چیرۆکنووسێکم ئیشی من ئەوە نییە بچمە نێو شەڕی ئەوانەوە، دەبێ من شەڕەکەم لەگەڵ خۆم بێت، دنیای خۆم هەیە شەڕی لەگەڵ بکەم. یاخیبوونی من دژی خۆمە، هونەرمەند دنیای خۆی هەیە لەناو ئەو دنیایە دەبێ بجووڵێتەوە بەپێی ئەو سیستەمە هونەرییەش کە لەناو دنیای ئەودایە دەبێ بجووڵێتەوە، هەر هونەرمەندێک چوو شەڕی لەناو هونەرەکەی مارکسیزمی دژی کەپیتالیزم کرد، شەڕی دیندارەکی دژی بێدینەک کرد، شەڕی حیزبێکی دژی حزبێکی تر کرد ئەوە هونەر نامێنێ.

* ئاخۆ نەوەیەکمان هەیە بەناوی نەوەی نوێ، ئەگەر هەیە لەناو ئەدەب ئەو نەوەیە خۆی لە چ ئاستێکدا دۆزیوەتەوە؟

– نەوەیەک هەیە ناوی نەوەی تازەیە عەقڵیەتێکی تازەی هەیە، دەیەوێ سیستەمێکی تازە بۆ بیرکردنەوە بۆ هونەر، ڕۆشنبیری بسەپێنێتە سەر جیلەکەی خۆی، بەڵێ نەوەیەکی تازە هەیە، لێ وەکو گوتم لە پەلەقاژەدایە، دروست نەبووە، هەتا لەباری سیاسیشەوە ئەها نەیتوانیوە لیستێک دروست بکات، هەر نەسلە کۆنەکەیە. ماڵەکەت هەر نەسلە کۆنەکەیە (نەوشیروان مستەفا، جەوهەر نامیق، قادر عەزیز) ئەوانەن بانگەشەی گۆڕان و ریفۆرم دەکەن، هەتا لەباری سیاسەت نەسلە تازەکە هێزی نییە. لیستێک دروست بووە ناویان لە خۆیان ناوە لیستی گەنجان ئەویش هێزی کەمە. لەناو ئەدەبیاتیش بەتێگەیشتنی من بەهەمان شێوەیە، لێ چەند دەنگێک بەرەوپێشەوە چووە، من بەختیار عەلی بەنەوەی نوێ دەزانم، بەوە نییە تەمەنی خەریکە لە ٤٠ ساڵ ڕەتی داوە، لێ نەوەیەکی نوێیە، چونکو لەدوای ڕاپەڕینەوە سەری هەڵداوە لە بواری مەعریفی (مەریوان وریا قانیع، ڕێبین هەردی، ڕێبوار سیوەیلی) ئەمانە بەنەوەیەکی نوێ تەماشا دەکەم، لێ لە مەجالی شیعر بەهەمان شێوە بۆ نموونە دلاوەر قەرەداغی، ڕێبین ئەحمەد خدر کوڕێکی گەنجە چەند پارچە شیعرێکی بڵاو کردووەتەوە، پێم وابێت یەکێک دەبێت لەوانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەورێکی باڵا و بەزەبری دەبێت لەسەر شیعری ئەمڕۆی کوردی. ئاوا نەوەیەک هەیە تازەیە، بە عەقڵییەت و سیستەم و بیرکردنەوەیەکی تازە دەجووڵێتەوە، چەند پێوەریێکی تازەی بەدەستەوەیە لە بوارە جیاجیاکان.

### ڕۆماننووسی جەزائیری "بوعلام سەنسال" خەڵاتی ئاشتیی پێشانگەی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتیی وەرگرت

# ئەگەر بمانەوێت شۆڕش بکەین، ئەوا دەبێت خۆمان و بیرە کۆنەکانمان بگۆڕین

لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



وەکو نەریتێکی بەردەوامی پێشانگەی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی بۆ کتێب، لە دوایەمین ڕۆژیدا، کە دەکاتە یەکشەمە، خەڵاتێک دەبەخشنە نووسەرێک، کە کار بۆ ئاشتی و ئازادی بکات. خەڵاتی ئاشتی پێشانگەی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتیی ئەمساڵ درایە ڕۆماننووسی جەزائیری بوعلام سەنسال. بەڕێوبەری سەندیکای بازرگانی کتێبی ئەڵمانی گۆتفرید هۆنەفێلفد Gottfried Honnefelder لە کاتی ڕاگەیاندنی خەڵاتی ئەمساڵدا گوتی: (ئەمە جێگەی شانازی ئێمەیە کە پشتگیریی ئەو کەسانە بکەین کە خەبات بۆ ئازادی و ئاشتی دەکەن). بوعلام سەنسال لە ساڵی ١٩٤٩ لە جەزائیر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٠ کۆلێجی ئەندازیاری تەوا وکردووە. لە ساڵی ١٩٩٢ وە، وەکو پسپۆڕێک لە وەزارەتی "پیشەسازی" جەزائیری کاری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٤ دوو کتێبی تەکنیکیی نووسیوە.

## یەکەمین رۆمان لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەم نووسەرە زۆر درەنگ دەستی بە نووسین کردووە. هەروەک خۆشی دەڵێت " ماوەیەکی زۆری تەمەنم هەر خەریکی خوێندنەوە بووم، برادەرەکانم زۆر هانیان دام کە رۆمان بنووسم ". بەڵام لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بڕیار دەدات و یەکەمین رۆمانی بە زمانی فرەنسی بە ناوی " barbaresn des serment Le " بنووسێت . پاشان کۆمەڵێک رۆمانی تر دەنووسێت، کە بەشی زۆرییان کراون بە ئەڵمانی. بوعلام لە ڕووی چیرۆک و رۆمانەوە، خاوەنی شێوازی تایبەت بە خۆیەتی. جێگەی گوتنە ئەم رۆماننووسە نەک لای ئێمە، بگرە جەزائیرییەکانیش نایناسن. دیارە ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی سیاسیی بوعلامەوەیە، کە یەکێکە لە نەیارانی دەسەڵات. هەر بۆیە هەموو کتێبەکانی لە جەزائیر قەدەغەن و ناهێڵن بڵاو بکرێنەوە و بفرۆشرێن

## بوعلام و سیاسەت

بوعلام تەنیا رۆماننووس نییە، بگرە بیرمەندێکی سیاسیشە و خاوەنی بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەو نووسەرە جەزائیرییە دەگمەنانەی، کە وڵاتی جێ نەهێشتووە و بە بەردەوامی ڕەخنەی خۆی لە دەسەڵات دەگرێت و دژی ڕێژیمی بوتەفلیقە دەنووسێت. بەڵام ئەمەش وای کردووە، کە نەک ژیانی خۆی بگرە ژیانی خێزانەکەشی بخاتە مەترسییەوە. بوعلام دەڵێت:

(یەکەم جار هەوڵیان دا، بۆ لای خۆیان رامبکێشن و بچمە سەنگەری ئەوانەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. هەر بۆیە دەستیان کرد بە سزادانم).

ئەوە بوو لە فەرمانبەری حکوومی دەرکراو هیچ کاری تری حکوومییان پێ نەدا . پاشان کەوتنە گیانی ژنەکەی. پێشتر ژنەکەی مامۆستای قوتابخانە بوو، بەڵام پاشان ئەمیشیان لە کارەکەی دەرکرد. کار بەوەشەوە نەوەستا، زەوییە کشتوکاڵییەکەی براکەشیان، داگیر کرد.

بوعلام دەڵێت:

(سەرانی وڵاتەکەم، خەڵکانێکی نەزان و ملهوڕن، تاکە شت کە دەیزانن دیکتاتۆری و بەکارهێنانی هێز و ئاینە).



## من سەربازێکی ئاشتیم

لەبارەی ئاشتییەوە بوعلام وتی:

(پێویستە ئێمە شۆڕش بکەین، بەڵام دەبێت بە ئاشتییانە شۆڕش بکەین، دەنا دیسانەوە دیکتاتۆرییەت دروست دەکەینەوە).

هەروەها لەبارەی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکانیش گوتی:

(پێش هەموو شتێک ئاشتی بریتییە لە پرەنسیپ، پێویستە ڕق نەمێنێت، ئینجا دەستی ئاشتییانە درێژ بکرێت. پاشان پێویستە ئەم پرۆسەیە، بەشێوەیەکی ئاشکرابێت و هەموو خەڵکی بەشداری تێدا بکەن.)

ترس لە شۆڕشی عەرەبی:

بوعلام دەڵێت: "ئێمە گەلانی باشوور، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانمان دەدەین". بەڵام بوعلام هێندە گەشبین نییە بەم شۆڕشانە:

(راستە ئەمڕۆ قۆناخێکی نوێ هاتە کایەوە، لە هەمان کاتیشدا راستە دیکتاتۆرەکان لەسەر تەخت لابران یان شاربەدەر کران. بەڵام هێشتا ڕۆڵی سووپا و ئاین هەر ماوە.)

## گۆڕان یان شۆڕش

بوعلام دەڵێت:

(ئەگەر ئێمە بمانەوێت شۆڕش بکەین، ئەوا دەبێت خۆمان و بیرە کۆنەکانمان بگۆڕین. راستە ئەمڕۆ شۆڕش کراوە، بەڵام خۆ هێشتا پیاوان لە ماڵەوە ژنەکانیان دەچەوسێننەوە، خێڵەکان ئەندامانی خێڵەکانیان دەچەوسێننەوە. هەتاوەکو ئێمە خۆمان لە داوونەریتە کۆنەکانی خۆمان رزگار نەکەین، ناتوانین سەربکەوین.)

بوعلام پێی وایە بیری کۆنەپەرستی و ئاینگەری، گەورەترین رێگرن لە پێشکەوتنی ئەم وڵاتانە.

هەتاوەکو ئێستا ئەم کتێبانەی چاپ کردووە:

- Le serment des barbares, Roman, Paris 1999.

- L,enfant fou de l,arbre creux, Roman, Paris

- Journal intime et politique, Algérie 40 ans après

- Dis-moi le paradis.Roman.Paris.

- Harraga, Roman.Paris 2005

- Poste restante : Alger : Lettre de colère et d,espoir à mes compatriotes. Paris 2006.

-Petit éloge de la mémoire, Gallimard 2007.

-Le village de l,allemand ou Le journal des frères Schiller, Gallimard 2008.

-Rue Darwin, Gallimard 2011

جێگەی ئاماژەیە ئەمە سێیەمین خەڵاتە کە ئەم نووسەرە وەری دەگرێت، پێشتر دوو خەڵاتی تری لە فرەنسا وەرگرتووە.

سەرچاوە:

www.Ard.De.Friedenspreis für Boualem Sansal.16.10.2011

شیعر

حەمە کاکەڕەش

# مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر



هەمیشە ڕوومان لە ژیانە و پشتمان لە مردنە
هەمیشە دڵمان لای ژیانە و جار جارێک بە تیلەی چاوێک
وەک نیگاکردن بۆ شۆخەکچێکی دراوسێ لە مردن دەڕوانین
هەمیشە خۆمان بە ئەهلی ژیان دەزانین و
کەچی دوایین دۆستمان مردنە
هەمیشە لە ڕۆژگارە دژوارەکاندا ژوانمان - لەگەڵ ژیاندا هەیە و
مردنمان فەرامۆش کردووە
کەچی مردن هەموو ژوانەکانی بۆ ئێمە ڕێک دەخات
مردن تۆ ژیانت باشترە، لەوەی شووشەی ئەو هەموو دڵە دەشکێنی
ژیانت
باشترە، لەوەی ئەو هەموو پشکۆیە سارد دەکەیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی هەنگاو لە پێ و فڕین لە باڵ و ڕوانین لە چاو دەسێنیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی لێوەکان پڕ دەکەیت لە باری غەم

زەردەخەنە پڕ دەکەیت لە گریان و ڕەنگەکان پڕ دەکەیت - لە بێڕەنگی
دەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێدەنگی
مردن تۆ دڵت بە چی خۆشە
مردنی من چییە؟ لە هەڵوەرینی هەناسەیەک زیاتر
مردنی من چییە؟ ئیدی بۆ هەتا هەتایە هاوسەرەکەم لە وێنەیەکا لە تەنیشتمەوە ناوەستێ
منداڵەکانم هەست بە بۆنی وشەی باوە ناکەن
مردنی من چییە؟ من چیم لە تۆپەڵێک بەفر زیاتر لە چنگە گەرمەکانی تۆیا
من چیم؟ لە بەدبەختێک زیاتر لە سەرگەردانێک زیاتر لە ڕێگاکانی ژیاندا
من چیم؟ لە دڵۆپێک ئاوی سەرگەردان زیاتر لە بیابانەکانی ژیاندا.
من چیم؟ لە گەڵایەکی ڕەنگپەڕیو زیاتر لە گێژاوی ڕەشەباکانی ژیاندا.
من ناتوانم گوڵەکانی عەشق ئاو دەم
من ناتوانم پەنجەرەکانی ژیان بسڕمەوە تا فڕینی باڵندەکان ببینم.
چۆن لە تەپوتۆزی گەردەلوولەکانی تۆیا ڕێ دەردەکەم
من بەشی گریانەکانی ژیان پێکەنینم پێ نییە.
چۆن خامۆشیی گۆڕستانەکانم پێ ئاوەدان دەکرێتەوە
مردن پیاوی باش بە
مردنی من چییە؟ لە کەوتنی ناوێک زیاتر لە کاڵبوونەوەی دەنگێک زیاتر
مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر.




***

پیاوێکی بێهوودە
تۆ وەک شەو دەدرەوشێیتەوە
با لە هەناسەت ئاڵاوە
ئاگر لە دەستەکانت دەڕژێ
چاوەکانت  دوو ئەستێرەن لە تەم
- خۆڵ ڕوانینەکانت دادەپۆشێ
- چۆن وانەبم
باوکم لەسەر بەرماڵێک نوێژی دەکرد گوڵێکی لێ نەڕوا

دایکم تەمەنی بە تەنیایی بەخشی و
تەنیایش چاوەڕوانی لێ سەوز بوو
چاوەڕوانیش چاوەکانی کاڵ کردەوە
قیبلەیەکم نییە
لە کتێبەکانی خواوەندا
چیمەنی خەیاڵێک نابینم
بۆ نیشتنەوەی کۆترەکانی بێ ئارامی
ڕۆژێک شک نابەم بتبینمەوە و
برینێکی دڵم بە ڕۆژباشێکی تۆ ببەستم
ئیمانێکم نییە بۆی بژیم
خواوەندێک شک نابەم لە ڕەنگی لێوەکانت تا بیپەرستم.



شیعر

مەهدی زریان

# تریفەی هێشووەکانی هزر

بالای شەکەتی وەرزێکم
هەڵاتوو لە خەسڵەتی باوی ساڵ
مەوسمێک هەمیشە بە ئاراستەی ...
ئەودیوی بیندراوەکاندا تێ دەپەڕێت
بێ ئاوڕدانەوە لە خوێن ڕشتنی کات و
دارژانی هێشووی خەونەکانی تەمەن!
میلی چەماوەی کاتژمێرێکم
ترازاو لە ژمارە بازنەیەکانی زەمەن
رەها لە زنجیرەکانی
دوازدەی نائومێدی و
بیست و چواری بەدبەختی!
تەمومژی جەمسەرە تێکشکاوەکانی گەردوونم
وا بە لووتکەی توانەوەی بێدەنگیدا هەڵدەکشێم
لە پاڵ شکۆی بێدەنگییەوە
ئەو چیرۆکانە دەخوێنمەوە

له هیچ سەردەمێکدا باس نەکراون
ئەو بەسەرهاتانەی ...
شەپۆلە تووڕەکانی دەریا و
نمەی باران و شنەی شێتانەی - با -
دەیاننووسێتەوە
ئەو وشە شێدارانەی...
دەبنە هەڵمی پڕ لە نووری گەرمی هەتاو!
وا لە پشتی تاریکییەوە سێبەرێکم فرە رەهەند...
لەگەڵ خۆمی باڵای خۆمدا
دوو پێک شەراب لەو رەنگانە دەخۆمەوە
کە لە دەرەوەی پێناسەن!
لەسەر باڵی ناسکی شەمشەمەکوێرەیەک
دڵۆپێک لە وردە تەرزەی ئەستێرە و
قومێک لە ئاو هەڵدێری تریفە هەڵدەمژم!
من سەرێکی بڕاوم...
چاوانم وێڵە بەدوای لاشەیەکدا
لە فۆرمی رووخسارم بچێت!
لە ڕەگەزی ئەو پەپوولانە نیم
بڵێسەی ئەزموونێکی لەحزەیی دام بگیرسێنێ!
فرمێسکی گەرمی ئەو مۆمە نابم...
لە بۆنەیەکی بێ بۆنەدا
بێ ئاگایی بیتوێنێتەوە!
بارانێکم پاش بارینم...
جارێکی تر لەگەڵ بۆشاییی ئاسماندا
نابم بە دۆست!
هەڵمی شادەماری گوڵم...
هەزاران جار گوێم داوەتە ترپەی ماندووی

دڵی هەنگ و پەپوولەکان
برینی کۆنی زەمەنێکی پارچەپارچە و
چریکەی خنکاوی کەنارییەکی تەنیا بووم
تەنیاتر لە تەنیایی!
بەسەر چڵی نائومێدییەوە هەڵفڕیم
بەرەو ناخی جاویدانی
گەڕانەوەم بۆ سەر ئەم زەوییە بچووکە
زۆر مەحاڵە...
مەحاڵتر لە مەحاڵ!!



شیعر

عومەر جەلال

# بە سادەیی...

بە ئەندازەی یەکەمین پێڵاوەکانی منداڵیم،
خۆشم دەوێی!

لە باخەکاندا،
بەدوای ئەو درەختانەدا دەگەڕێم،
کە لەشێوەی یەکەم پیتی ناوی تۆیە،
باوەشیان پێدا دەکەم و وێنەیان لەگەڵ دەگرم!

لە شەو و ڕۆژێکدا،
٢٥ کاتژمێر بیرت لێ دەکەمەوە
ئاه، کە بیریشت لێ دەکەمەوە دەگریم!
بەوەدا دەزانم منت زۆر خۆش دەوێت،
ئارەزوو دەکەی تاهەتایە
من نەبینیتەوە!

غەمگینییەکانت و
تووڕەبوونەکانت و
پێڵاوەکانت و
شتە خراپەکانیشتم
خۆش دەوێت!
چاوەکانت، بە ئەندازەیەک گەورەن
هەموو شتێک دەبینن، هەموو شتێک
بەتەنیا من نەبێت!

ئەگەر تۆ نەبایتایە،
تەنیاییم، تەنیاییەکی رەها دەبوو
خواش ئەمەی پەسند نەدەکرد
ئەشێ هۆی ئەوە بێت، تۆی دروست کرد!

بیرکردنەوە لە تۆ،
تک ، تک، تک
فرمێسک لە چاوانم دەڕژێت بەرەو ئاسمان
نەوەک زەوی!

حەز دەکەم بەیانییەک خەبەرم بێتەوە، ببینم خەبەرم نەبووەتەوە!

لەوەتەی یادم بێت،
هەر چی شتێکم نووسیبێت
لە دواییدا هەر لێی پەشیمان بووم
بەتەنیا، لەم نووسینە نەبێت!

تەرمێک لە ناوەوەمدا کەوتووە،
ناهێڵێت بۆ هیچ کوێ بڕۆم
لە هیچ شوێنێکیش جێگیرم ناکات،
ئەشێ ئەو تەرمە خۆم بم،

ئێستا زانیم،
لە ناوەوە زۆر قووڵم
ڕۆژانێکە کەسێک کەوتووەتە ناوەوەم
تا ئێستاش بەئاسمانەوەیە،
نەکەوتووەتە سەر زەویم!

شیعر

خالید باشبلاخی

# بۆ شۆخێکی سرک

ئەم بەیانییە، شنەیەک
تێپەڕ ببوو.. بەلای تۆیا..!.
بۆنی عەتری هەناسەتی
هێنابوو بۆم.. لەگەڵ خۆیا!!
***
بیابان، چەند تینووی ئاوە؟
من، هەزارهێندە تینووی تۆم
ئەشکی چاوانم ڕێ دەکات،
دەڵێی سیروان و تانجەرۆم..!!
***
لاولاوی ڕۆحم.. هەڵزنا،
بەبەژنی سنەوبەرتەوە..!
حەیف؛ شووشەی دڵت شکاندم
کردت.. بەسەدان کەرتەوە..!!
***
تاڵێ لە قژتم.. بدەرێ،
بەدیاری.. لەگەڵ خۆم بیبەم!
خۆ من بۆ تۆ دەڵێی"نالی"م؛
بۆ وا سرکیت؟ ئەی"حەبیبە"م؟!



شیعری وەرگێڕاو

شێللی

# سترانێک بۆ ڕەشەبای ڕۆژئاوا

لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

١

ڕەشەبای ڕۆژئاوای کێوی، هەناسەی تەمەنی خەزان
لە بەردەمی هێزی ونتا گەڵای مردوو وەک تارمایی
ڕاست جادووگەر ملکەچ دەکا و باروبنە دەپێچینەوە،

گەڵای بابردەڵەی زەرد و ڕەش و سیس و ئەرخەوانی
لە پەیتوونی تیژڕەوتا بەرەو نوێنی ناو تاریکی
شەوی زستان لێژ دەبنەوە،

ئەی تۆوی باڵدار، هەریەکەتان چەشنی کەلاش
لەنێو گۆڕی نزم و سارددان، تا ئەو کاتەی
خوشکی بەهاری شین ڕەنگت[١] دێ و هەڵدەکا و،

شەیپوور بە نێو گوێی زەمینێکی خەوتوو لێ دەدا،
(چرۆکان مێگەل - ئاسا بەرەو سەوزاییی داژوا و)
ڕەنگی گەش و بەرامەی خۆش بەسەر دەشت و گردۆلکەکان پەخش دەکا.

گیانی کێوی، تۆ لە گشت شوێن لە هاتوچۆی

ئەی لە ناوبەر و پارێزەر دە گوێت لێم بێ، دە گوێت لێم بێ!

٢

لەسەر تەوژمی بەگوڕتا، لە کەشکەڵانی ئاسمانا
هەوری وێڵیش گەلائاسا تووڕ دراون، دەڵێی لە لقی
تێک چڕژاوی ئاسمان یا دەریالوش وەشێنراون،

فریشتەی برووسک و باران لەسەر پەردەی
شینی شەپۆلی وروژاوت نیشتوونەوە و
کە وەک قژی تێکچڕژاوی مینیادی شێت(٢) بەرەو ئاسمان

کۆپلە بووە، هەر لەوپەڕی ئاسۆوە
تا کەشکەڵانی ئاسمان کەزیی زریانی هەڵکردوو
دەخوڵقێنن، هێلانەیان تیا کردووە.

ئەی سەردوولکەی ساڵی مردوو، تۆ ئەم شەو
دەبیتە گومەزی ئەو گۆڕە بەرینەی کە گشت
هێزی کۆکراوەی هەڵم و تەمت لە پێناویا خستووەتە کار،

لەناو هەوای بە گورژمت بارانی ڕەش، ئاگر، تەرزە
دەتەقنەوە، دە گوێت لێم بێ، ڕەشەبای شێت!

٣

تۆ کە (دەریای ناوەڕاستی) ڕەنگ ئاسمانیت لە خەوی
هاوینەی قورسا واگا هێنا، ئەو دەریایەی رووبارە
بلورینە لوول خواردووەکانیان لایەلایەیان بۆ دەگوت

لە تەنیشت دوورگۆکەی مەڕمەڕی کەنداوی بەی(٣)
لە خەوتا قەڵا و کۆشکی کۆنت دەدی
لە بەردەم شەپۆلی رۆژی تەنگانە هەڵدەلەرزین،

دەتدی هەمووان بە قەوزە و گوڵی شینی جوان داپۆشراون،
ئەوەندە جوان تا هەست لە بەردەم دیمەنیان مەدهۆش دەبێ!

تۆ ئەی ئەوەی لە بەردەمتا هێزی پتەوی ئەتلەنتیک خۆ شەق دەکا،

لە کاتێکا لەبن دەریا گژوگیا نەرمۆکەکان
گەرچی دەریا بەرگی ئەستووری دەبەر کردوون،
یەکسەر دەنگت دەناسنەوە و لە ترسان ڕەش دادەگەڕێن و

دەلەرزن و پەڕ لە خۆیان دەوەرێنن.
دە گوێت لێم بێ، سەرشێتەکە!

٤
بهاتبا گەڵایەک بوام بابردەڵە و هەڵت گرتام؛
بهاتبا گەواڵەک بوام بتبردبام؛
شەپۆلێک بوام لەبن دەستتا بناڵیبوام و بەشداریی

ڕەوتی هێزتم بکردابا، تەنها کەمێک لە تۆ کەمتر ئازاد بوام،
لە تۆ ئەی هێزی نەگیراو! بهاتبا تەنها وەک منداڵیم بوام و
بمتوانیایە هاوڕێت بوام لە گەشتی ئاسمانەتا،

بهاتبا بە پێش خێراییی ئاسمانیت کەوتمایە،
دەگمەن تۆ لام شەبەنگ دەبووی،
هەرگیز ئاوا لەو ناچارییە پڕ ئازارەم

لەبەرت نەدەکەوتمە نزا. دە لەگەڵ خۆت
هەڵم گرە وەکو شەپۆل، گەڵا، هەور!
دەکەومە سەر کێڵگەی چقڵ! زامدار دەبم!

قورساییی کات تەنانەت یەکێکی وەک تۆ کێوی و
خێرا و لەخۆباییش ملکەچ دەکا، پەلبەست دەکات.

٥
بمکە چەنگی[٤] خۆت، چۆن دارستان بۆت وایە:
چ دەبوو گەر گەڵاکانم وەک ئەو وەریبووان!
هەراوهۆریای هارمۆنیا بەهێزەکەت

له قووڵایی و ناخی گەرووی خەزانەوە
دەنگێکی خۆش گەرچی غەمگین پێک دەهێنی.
دە تۆ ئەی گیانە هارەکە ببە رۆحم! دە ببە من ، تۆ ئەی بزۆز!

بیری مردووم وەکو گەڵا وەریوەکان بەسەر گەردوون بپرژێنە،
تا گیانێکی نوێ لە دایک ببێ!
لەگەڵ ئەفسوونی ئەم سترانەم

مشکی و پۆلو وەک هی ئاگردانێکی نەکوژاوە بپرژێنە
وشەکانم بەنێو جیهانی مرۆڤدا بڵاو بکەوە!
لەنێو لێوەکانما بژی بۆ زەمینێکی خەواڵوو.

تۆ ئەی شەیپووری پێشبینی! دە هەڵکە دەی ئەی ڕەشەبا!
کە زستان بێ ئاخۆ بەهار خۆ دوا دەخا؟

پەڕاوێزەکان:

١- خوشکی بەهار: مەبەستی شێللی لەمە بای دار پشکێوە کە وا دار و درەخت دەکات چرۆ دەربکات. (وەرگێڕ).

٢- مینیاد: خواوەندی بادە و (مەی)ی گریکەکانە. (وەرگێڕ).

٣- بەی: ناوی کەنداوێکە. (وەرگێڕ).

٤- چەنگ: جۆرە ئامێرێکی موسیقایە. (وەرگێڕ).

* شێللی بیرۆکەی ئەم سترانەی لە دارستانێکی لاپەڕی (ئارنۆ) لە نزیک فلۆرنسە لە ڕۆژێکی بە با و بۆران بۆ هات، کاتێک بایەکە لە سەرەتادا بە نەرمی هەڵی دەکرد و هەڵمی خۆ کۆ دەکردەوە تا بارانێکی پایزە دابکات. ئەو ڕەشەبایە، کە من بینیم (وەک شێللی دەڵێ) لە کاتی زەردەپەڕ دەستی پێ کرد لەگەڵ زریان و تەرزەبارینداو، هەورەتریشقە و گۆڵەگۆڵ دەستی پێ کرد، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە لە ناوچەکانی (کیسالپین). ئەو دیاردەیەی لە کۆتایی بڕگەی سێیەمدا پەنجەی بۆ کێشراوە شتێکی ئاساییە لای سروشتخوازەکان. لە کاتی وەرزگۆڕاندا گژوگیای بنی دەریا یا ڕووبار یا دەریاچە لەگەڵ ئەوانەی وشکانی هاوکار و هاوپەیمانن. لە کۆتاییشدا ئەو بایەی ئەمە ڕادەگەیەنێ کاریان تێ دەکات. (تێبینیی شێللی خۆی).

چیرۆک

سواره نەجمەدین

# گەڕانەوە بۆ کەرکووک
# بنیاتنانی زەردەخەنە، چیمەنی پێکەنین

کە لە دەوام تەواو بووم، لەگەڵ چەند ئەندامێکی خێزانەکەمدا بەرەو کەرکووک بەڕێ کەوتین، ڕۆژی پێنجشەممووانم ڕۆژی گەڕانەوەیە بۆ زێد، هەر لە سەرەتای هەفتەوە خۆم بۆ کەشێکی خەمئامێزی کۆتاییی هەفتە ئامادە دەکەم، دەزانم دەبێت لەو پشووەدا سەردانی گۆڕستان و نەخۆشخانە و چەندان جێگەی تر بکەم، بە پێچەوانەی یەکەم جاری گەڕانەوە ناترسم، ئەم جۆرە گەڕانەوەیە دەلالەتی تاوانباری نییە، بگرە گەورەییشە، بەڵام خەم سەراپام دەتەنێت، هەر لەو جێگەیەوە یەکەم هەنگاوی ناو ئەو شارە دەنێم جاڕس و بێواز بیر لە گەڕانەوە دەکەمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە ئەو شەو و ڕۆژە چۆن تێ پەڕێنم، نزا دەکەم پێشهاتێکی ناقۆڵا بەرۆکم نەگرێت و ناچار نەبم زیاتر بمێنمەوە.



خەڵکی ئەم شارەم، ڕەچەڵەکم دەچێتەوە بنەماڵەیەک کە خۆیان بە فیداکەر و خاوەنی ئەم شارە دەزانن، باوکم تەواوی ناوچەکان و ناودارەکان دەناسێت، پێویستم بەوە نییە لە هیچ جێگەیەک ناوی خۆم بڵێم، تەنیا ئەوەندەیە "من کوڕی حاجی نەجمەدین خەیاتم" کێ سوارە دەناسێت! مەگەر ئەوانە نەبێت ئالوودەی مۆرفینی نووسینبن، زۆربەی کات بیر لەوە دەکەمەوە کە کەی بوو دواین جار ئەم شارەم جێ هێشت؟ هەموو کونجەکانی زەینم بۆ بیرەوەرییەکی ئەو شارە دەگەڕێم و هیچم وە چنگ ناکەوێت، ناچارم بگەڕێمەوە بۆ ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار گەڕامەوە بۆ ئەو شارە، ئەم هەقیقەتەی من دروست بۆ چیرۆکەکانی بۆرخیس دەشێت



"پیاوێک له بیرەوەریدا کەی له شارەکەی هاتووەته دەرەوە، بیرەوەری لەگەڵ شوێنی لەدایکبوونیدا له حەڤدە ساڵییەوە دەست پێ دەکات" زۆرجار له خۆم دەپرسم تۆ بڵێی منیش پاڵەوانی چیرۆکێک نەبم و له نووسەرەکەم یاخیبووبێتم! ئاخر ئەو واقیعەی من زیاتر له فانتازیاوە نزیکه وەک له ژیانێکی بەرجەستەکراو.

کاتێک بەعس لەلایەن ئەمەریکاوە رووخێنرا، بۆ من تەنیا ئەوەندە نەبوو له دەست داگیرکەرێکی خوێنڕێژەوە کەوتمە دەست داگیرکەرێکی بازرگان، گەڕانەوە بوو بۆ جێگەیەک که بەجێهێشتنی له بیرەوەریمدا نەبوو، بۆیه ئەو پرۆسەیه بۆ من رزگارکردن نەبوو بگره دۆزینەوەی ئەو شاره وەهمییه بوو که بۆ حەڤدە ساڵ تەنیا گوێم له ناوی دەبوو. ئەو رۆژەی له بەغدا پەیکەره گەورەکەی دیکتاتۆریان رووخاند هێشتا کەرکووک تامی ئازادیی نەکردبوو، بەیانیی رۆژی دواتر من و سێ برا به نیسانێکی دەبڵی مۆدێل هەشتا و نۆ بەڕێ کەوتین، تا له چەمچەماڵیش دەرچووین هیچ هەستێکی جیاواز دای نەگرتم، بەڵام لەو جێگەیەوە که برا گەورەکەم ئیشارەتی بۆ کرد"ئەوە سەیتەرەکەی مەقان بوو" لەو جێگەیەوە چاوم له جامی تەنیشت خۆم نەدەترووکاند، گەرچی هەر چۆڵەوانی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بڕیاری پێش وەختم دابوو، چێژێکی تری پێ دەبەخشیم، لەو کاتەدا گەڕامەوە بۆ چەند ساڵێ پێشتر، ئەو کاتەی له کۆڵان یاریمان دەکرد، من وەک هەموو کات کوڕی ماڵە کەرکووکییەکە بووم، ئەوان منیان به پله دوو دەزانی، خۆشم هەر وا، نەک لەبەرئەوەی غەریبه بووم، بگره لەبەرئەوەی تا ئەو خولەکەی له سەیتەرەکەی مەقان تێ پەڕین کەرکووک لای من جگه له (ناو) هیچی تر نەبوو، هەموو جارێکیش که منداڵان زۆریان بۆ دەهێنام، له ماڵەوە به باوکم دەوت "بۆ ناچینەوە بۆ شارەکەی خۆمان!" وەڵامی باوکم "ئەڕۆین کوڕم، با سەدام نەمێنێ" پرسیاری سەدام کەی نامێنێ بۆ ئەو کاته نەک هەر لای منی منداڵ بگره لای بەساڵاچووەکانیش خەیاڵ بوو، هەر لەم جۆره شتانەشەوە بوو، تێگەیشتم مەحاڵه شتێک نییه تا سەر بێت.

من له جامی سەیارەکەوە هەر سەیری دەشت و زەویی رووتەنم دەکرد، له هەندێ جێگه ئاگر بەرز بووبووەوە و له هەندێ شوێندا وەک گریس زەوییەکەی پێ رەش کرابوو، گوێم لێ بوو برایان لەنێو خۆیاندا باسی ئەو نەوتەیان دەکرد، که من وەک ئاگر و گریس دەمبینی، ئەوەندەم زانی گەیشتینه ریزه خانوو، که پرسیارم کرد، وام زانی وەک چۆن پێشتر وتی ئەوە قەرەهەنجیره، ناوی ناوچەیەکی تر دەڵێت، وام دەزانی چۆن که دێته سلێمانییەوە پێشتر ئامادەسازیی بۆ دەکرێت و دەروازەی هەیه، ئێرەش هەر وایه، بەڵام وەک گۆم راستەوخۆ کەوتینه شارەوە. هەموو ماڵێک، خانوویەک، گەراجێک، کارگەیەک، پارکێک، باخچەیەک، تەنانەت خێمەیەک دەروازەیەکی هەیه بۆ ئەوەی لێوەی بچیته ژوورەوە، سنوورێکی هەیه بۆ ئەوەی نەبەزێندرێت، دەروازه و سنوور مانای خاوەندارێتییه، کەچی ئەم شارەی ئێمه راستەوخۆ دەچیته ژوورەوە.



ئێستا ناتوانم باس لە وردەکاریی ئەو رۆژە بکەم، ناتوانم دەری ببڕم بۆ یەکەمین جار چۆن شارە راستەقینەکەی خۆمم بینی، لە سیمای براکانمدا لە یەک کاتدا بەختەوەری و تاسانم دەبینی، چاویان پڕ بوو لە بیرەوەری، رابردوو زۆری بۆ هێنابوون، کە بێ دەنگ بوون دەمزانی ئەوکیان بە گریان گیراوە، منیش دەتگوت لە ئاسمانەوە فڕێ دراوم، وەک ئەوەی بە حەقدە سالی لەدایک بووبێتم، ئەو رۆژە چووینە مالە کۆنەکەمان و چەند مالە خزمێکی تر، ئەو کابرایەی کە لە خانووەکەماندا بوو، دەسبەجێ وتی هەفتەی داهاتوو بۆتان چۆل دەکەم، وێنەیەک کە بیرم ناچێتەوە، ئەو دیمەنە بوو کە چووینە نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەکەی کاکم "موعتەسەم نەجمەدین" جگە لە پارچە مەکتەبەیەکی شکاو و نیوەفەردەیەن کتێبی زەردەوەبوو و دڕاو هیچی تری لێ نەبوو، کە بینی دلی پڕ بوو، هەر ئەوەندەی وت "کە رامان کرد حەوت فەردەی پڕ بوو."، پێشتر باوکم و خوشکەکانم باسی کتێبخانە گەورەکەی کاکمیان بۆ کردبووم، باسی کتێبخانەی ناو دیوار و شاردنەوەی کتێبی قەدەغەکراو نووسینەوەی کتێبی دەگمەن، کە نەدەکرا ببرێتە چاپخانە و بە ئاشکرا کۆپی بکرێت، هەموو ئەمانە بەر لە چەند رۆژێک لە رەشبگیرییەکانی بەعس دەکرێنە فەردەوە و دەرگەی ژوورەکە مەحکەم کلۆم دەدەن، ئەمەش بە خاتری دوو هۆ، ئەو کتێبانە لە فەوتان بپارێزرێت و لە کاتی هەلکوتانە سەر مالمان هیچ شتێک نەدۆزنەوە ئاسەواری ئەوەی پێوە بێت کە ئەم مالە کوڕیان هەیە و خەریکی ئەو کتێبانەیە. تا ئێستاش کە ئێواران دەگەڕێمە مالەوە کتێبم بە دەستەوە بێت، پێم دەلێن: چی کۆ دەکەیتەوە تۆش رۆژێ وەک موعتەسەم جێی دەهێلێت.

تاکو دوای عەسر ئەو جێگەیانەی ویستمان رۆیشتین، ئەو کەسانەی ویستمان بینیمانن، لە گەڕانەوەدا رێگە قەرەبالغ بوو، سەیارە هەمووی بە بارەوە، پیادە بە کۆلەوە، وەک مال بەشکردن هەر کەسە و کۆلی خۆی توند کردبوو، کەس نەبوو بلێ بۆ کوێی دەبەن، کە لە شار دەرچووین نزیک سەیتەرە کۆنەکە، سەیارەکان هەمووی قوفل بوو، لەو ماوەیەی وەستا بووین، هەر فریای ئەوە دەکەوتین نەیەلین کەس بارەکەی بکاتە پشتی سەیارەکەمانەوە، هەندێ کەس کە ئێمەی دەبینی دەبلێکمان پێیە و هیچمان نەهێناوە، تەریق دەبووەوە هەندێکیش گالتەی پێ دەکردین، کابرایەک کە تاکە شەڕوالێک و قەمسەلەیەکی لە بەرابوو، گەر بە شێوە بریارم لەسەر بدایە، هەر بە شڕەخۆر دەچوو، کەچی دەرگەی سەیارەکەی کردبووەوە، هاواری دەکرد "دزییە دزی بۆ کوێی دەبەن!" ئەو هەر هاواری دەکرد و کەس نەیدەبیست، بەداخەوە لە گەڕانەوەیدا ئەو جۆرە کەسانە نەیاندەهێشت وەک هاتن سەیری دیمەنی رێگەکە بکەم، نەیانهێشت جوانییەکانی شارەکەم ببینم، هەر لە بیری ئەوەدا بووم، کە هەموو کات باوکم ئەیوت عەرەب مالی ئێمەی تالان کردووە، کەچی من کوردم دەبینی مالی بە کۆلەوە بوو.

رەنگە هەلە نەبم گەر بلێم کەرکووک غەدرلێکراوترین شارێکە کە من تاکو ئێستا دیبێتم، راستە بازنەی بینینی من تەسکە و سنووری هەرێمم تێ نەپەڕاندووە، رێگە بدەن بلێم کەرکووک بێ



بەشترین شارێکیشە کە من بیستبێتم، نامەوێت نووسینەکەم بە رستە و دەربڕینی دووبارە درێژ بکەمەوە، چونکە لەبارەی زەلیلی و کەم بایەخی ئەم شارە فرە وتراوە، هاوکات و بێ بایەخی و دورشمبازی هەندێک سەرکردە ئەوەندەی ئازارم دەدات نیو هێندە جێگەی ئومێد نییە.

ئێوارەی ئەو پێنجشەمووە، نزیکەی هەشت ساڵ بەسەر یەکەمین گەڕانەوەمدا تێپەڕیبوو، ئێستا باوکم نەخۆشە و دەبێت سەری لێ بدەم، خوشکەکەم نەشتەرکاریی چاوی بۆ کراوە و دەبێت بچمە لای، براکەم لەژێر خۆڵەکەوە چاوەڕێی فاتیحای ئێمەیە، دایکی برازاکەم ئێستا چاوەڕێی ئێمەیە، چاوی برسییەتی بۆ دیقەتی سیمای مێردەکەی، نازانم ئەم هەینییە کام ناسیاو پرسەی هەبووە و فریا نەکەوتووین، با سەرێک لە ماڵیان بدەین، تەقینەوە چەند بریندارێ لە نەخۆشخانە خستووە و کامیان دەناسین، هەر فریای ئەوە دەکەوین سەردانی نزیکەکەیان بکەین، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە هاوڕێیەکی ئازیز پێوەندیم پێوە دەکات و پێی خۆشە سەردانێکیان بکەم، مەحموود "مەحموود نەجمەدین"ی برام دەڵێ چ کاتێ دەرفەت دەبێت بچینە یەکەتیی نووسەران، ئەو ئازیزانە پێیان خۆشە بمانبینن... لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا چەندان جار گەڕاومەتەوە، هەردەم وێنەکان دووبارە بوونەتەوە، مردن، پرسە، خوێن، بریندار، نەخۆشخانە، ماتەم، دۆشدامان،... وێنەگەلێک کە وەک پارچەی میکانۆیەک نەخشی شارێکی خەمبارم بۆ دەکێشن، کە دەیان وڵات لەسەری دڵخۆشن.

چوونەوەی ئەمجارە وێنەیەکی تری زیاد کردبوو، وێنەی هەڵکۆڵینی شەقامەکان و بنیاتنانەوە، من نازانم ئەوەی دەکرێت بە راستی دەگاتە کوێ، بەڵام لەوە دڵنیام کە هەرچەند پرۆژەیەکی زیندوو بێت و بە هەر ئەنجامێکی باڵا بگات، گەر شان لە شانی هەموو شارە جوانەکانی دنیا بدات، هێشتا پرۆژەیەکی کاڵ نییە و خاڵە جەوهەرییەکە لە بیر کراوە، کە دەڵێم خاڵە جەوهەرییەکە مەبەستمە بڵێم ئەم شارە پێویستی بە گەڕانەوەی زەردەخەنەدیە، پێویستی بە بنیاتنانەوەی پێکەنین هەیە، چیمەنی دڵنیایی و تۆوی خۆشبەختی، بەڵێ ئەم شارە بەر لەوەی پێویستی بە باڵەخانە هەبێت پێویستی بە بنیاتنانەوەی بزە هەیە، بەر لەوەی قیری شەقامەکان رەش بکرێتەوە دەبێت درەختەکان سەوز بێنەوە، ببوورن دەبێت پەیکەری شەهیدەکان ببەین بۆ مۆزەخانەیەکی تایبەت و لە شوێنیان گۆرانیی شاد دابنێین، لە بریی ئەوەی ناوی ناوچەکان بە بیرەوەریی شەڕەوە بێت، باشترە شیعر بیری هاووڵاتییان بخرێتەوە، لە بریی ناوی شەهیدەکان بوترێت ست فاتیمە، هەڵبەت ئەم قسانەم هیچ لە پیرۆزیی شەهید و سەرکەوتنەکان کەم ناکاتەوە، بگرە رێزگرتنیانە، ناڵێم وەلایان نێن، دەڵێم بیانپارێزن ئەوانە مێژووی ئێمەن، نەک ئێستامان، چونکە بەعس بەر لەوەی خوێنمانی بردبێت پێکەنینەکانمانی برد، با دوای هەشت ساڵ رۆیشتن هەر حوکممان نەکات، ئیدی سەرەی ژیانە.

چیرۆک

زەینەب یوسفی

# پەیتاپەیتا ئەستێرەکان

پیاوێکی مەزن و خاوەن هزر و ژنێکی ناسک و خاوەن جوانییێکی تایبەت، پێکەوە دەژین و زۆریش یەکیان خۆش دەوێت.

ژن سەرەڕای ناسکی وجوانییە لە ڕادەبەدەرەکەی، هەستێکی منداڵانەی ئێجگار بەقوەتیشی پێیە.

پیاوی خاوەن هزر و جیدی، زۆری حەز لە ئەو هەستە جوانەی ژنەکەیەتی.

شەوێکیان ژن، خەوێکی سەرسووڕهێنەر دەبینێت و بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێت، هەست دەکات بەنیازی یاریکردنە و پڕاوپڕە لە هەستە منداڵانەکەی.

ڕوو لە پیاو دەکات و دەڵێت ":دەمەوێت یاری بکەم."

پیاوەکە ژنەکەی زۆر خۆش دەوێت و لە هەست و نەستی ژنە باش تێ دەگات، لە ئامێزی دەگرێت و ماچی دەکات و دەڵێت: "قوربانت بم، باشە، ئەمڕۆ دەتبەم بۆ باخ و دەشت، بەدڵی خۆت یاری بکە."

لەو کاتانە، ئەو پیاوە بەتەمەن سی و شەش ساڵانە، هەست دەکات کیژۆڵەیێکی بەناز و بەتەمەن پێنج ساڵانی لە ئامێزدایە و بەردەوامیش لەو هەستەی خۆی دەگەشێتەوە.

ئەو دوو کەسە، ڕۆژێک چەند جار ماچی یەکتر دەکەنەوە و لە ئەوینی خۆیاندا گەرمتر و گەرمتر بەردەوامن و پێیان وایە کە ماچ، باشترین ئامرازی نەمریی هەموو مرۆڤێکە لە جیهاندا. پیاوی مەزن، دەزانێت، لە سەردەمی منداڵییەوە، لە ماچی دایک و باوکی بێوەری بووە و باشیش دەزانێت

کە لە قاموووسی بنەماڵەی ئەواندا، فەرهەنگی ماچکردنەوە باو نەبووە، بۆیە بەردەوام، هەستی بەپیریی کردووە. هەست دەکات ئێستاکە بەهۆی ژنە جوانەکەیەوە دەتوانێت، سەرلەنوێ، خۆی زیندوو بکاتەوە لە داوی مەرگ دەرباز ببێت.

ژنە لە خۆشیی بڕیاری پیاوە مەزنەکە، ئاوێزانی ئەو دەبێت و لە پەسا ماچی دەکاتەوە. پاش نیوەڕۆ، پیاو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئامادە دەکات و کورسییەکانی تایبەت بەسەیرانەکانیان، لە سندووقی ئۆتۆمۆبێل دادەنێت و دەڕوات و دیسان ماچی ژنە دەکاتەوە و دەڵێت: "وەرە با بتبەم بۆ یاری. "

پیاوی مەزن، فێر بووە کە ژنەکەی بەبۆنەی ئەو هەستە منداڵانەوە، کە زۆرجار لە دەروونیدا هەڵدەقووڵێتەوە، سەرکۆنە نەکات و تەنانەت حەزیشی لێیە کە ژنە جوانەکەی لەو هەستە خاوێنەدا بەردەوام بێت.

ژن کە خۆی بەباشی خەملاندووە، بەخۆشییەوە، سەردەکەوێتە ناو ئۆتۆمێلەکە و پیاو لێی دەخوڕێت. پێش لە ئێوارە دەگەنە باخێکی سەر سەوز و خۆش. ژن وەکو منداڵێکی ڕوح سووک و ناسک، دادەبەزێت و بەرەو نێوان باخ ڕادەکات.

دەموچاوی پیاوی مەزن، تەژی دەبێت لە پێکەنین و شادمانی. دەڵێی لە هەردوو چاویدا، دوو گڵۆپی گەشیان هەڵکردووە. پیاو گوریسەکە لە سندووق دەردێنێت و لە دووی ژندا ڕادەکات.

ژن دارێکی بەرزی دۆزیوەتەوە و بەپێکەنینەوە هاوار دەکات " وەرە حەیاتم وەرە، ئەم دارە باشە، گوریسەکە لێرەدا هەڵبخە. "

پیاو لە بازنەی شادمانییەکەی خۆیدا بەردەوامە و وەڵام ناداتەوە و لە نێوان دارەکاندا لە سووڕاندایە و لە دووی دارێکی مەزنتر و ئەستوورتردا دەگەڕێت.

دوو گڵۆپە گەشەکانی چاوانی پیاو، لە گەشانەوەتردان. هەوا بەرەو لێڵی دەڕوات.

ژنە هەر دارێک کە هەڵدەبژێرێت، پیاو بیانوویەکی پێدا دەپێچێنێت و دیسان لە دووی دارێکی ئەستوورتر و بەرزتردا دەگەڕێت. ژن ماندوو دەبێت و لە شوێنێکدا دادەنیشێت و بەشەکەتییەکی ئێجگار زۆرەوە ئاخێکی قووڵ هەڵدەکشێت.

لە پڕ پیاو ئەو دارە کە مەبەستییەتی، دەدۆزێتەوە. هەوا لێڵ بووە و ژنە حەزی لە تاریکایی نییە و لە ئەو باخە لێڵە ڕادەمێنێت و تۆزێ بزەی سەر لێوەکانی کەمرەنگ دەبێتەوە.

پیاو هاوار دەکات: "ئەمە های... ئەمە باشە... "

پیاو گوریس لە لقێکی ئەستووری ئەو دارە بەرزە، هەڵدەخات و هەلۆرکێ دادەمەزرێنێت. ژنە حەزی لە تاریکایی نییە، هەستە منداڵانەکەی ڕەنگ دەگۆڕێنێت و ترسێکی کەمرەنگ دەکەوێتە دڵیەوە. پیاو لەو هەستە تێ ناگات چونکە ئەو تەنیا بەنیازی هەستی یاریکردنی ژنەکەیەتی و بەخۆشی و سادییەوە لە دەوروبەری ژنە و داردا دەسووڕێتەوە و کۆتەکەی دەخاتە سەر هەلۆرکەکە و جوان ڕێکوپێکی دەکات.

هەوا لێڵتر دەبێت و تاریکایی لە دوورەوە هێدی، هێدی خەریکە باخ بتەنێت. ڕادەی ترسی ژنە زۆر دەکات. ژنە بەرەو پیاو دەڕوات و دەستی دەگرێت و بەرەو لای خۆی دەیسووڕێنێتەوە و دەڵێت: "ئیدی درەنگە... یاری ناکەم... ئەمانە کە سازت کردووە وەکو خۆیان دایان بنێ و بڕۆین، بەیانی دەگەڕێینەوە و یاری دەکەین... وەرە با بڕۆین. "

پیاو لە ئەو تێ ناگات و نیگای دوو چاوی گەش و شادمانی لە هەلۆرکەیە و قاقا دەکێشێت و دەڵێت: "هەلۆرک ئامادەیە هەناسەکەم ... وەرە.. وەرە سەرکەوە". دەستەکانی دەئاڵێنێتە ناوقەدی ژنە و لە هەلۆرک سەری دەخات. ژنە حەزی لە ئەو هەڵسوکەوتەیە و بەم بۆنەوە پێ دەکەنێت وسەرلەنوێ هەستە منداڵانەکەی تێدا دەورووژێتەوە و حەزی یاریکردن و پێکەنین، جێگری ترسی چەند چرکەکەی پێشی دەبێت.

ژنە قاقا دەکێشێت و دیسان دەبێتە منداڵە پێنج ساڵانەکەی پێشوو. پیاو کە شاهیدی ئەو گۆڕانە جوانەیە، زۆرتر دەگەشێتەوە و چاوەکانی وەکو گڕی دوو مۆمی مەزن لە شەماڵەدان.

ئەوەی پیاوە مەزنە، کە زۆرترین کاتەکانی ژیانی لە دۆخێکی جیدیدا تێ پەڕاندووە، لەو کاتانە، بێ ئەو خۆی هەستی پێی بکات، لە ئامێزی هەستی ژنەکەیدا، دەبێتە خاوەن هەستێکی ئێجگار منداڵانەتر. لە ئەویش بچووک و بچووکتر دەبێتەوە، لەوانەیە بووەتە منداڵێکی شیرینی یەک ساڵان.

ژنە پێ دەکەنێت و لە دوورەوە ماچ بۆ پیاو دەنێرێت و لە تاو خۆشییەکەیدا دەقیژێنێت و هەرا و هوورایەتی. پیاویش قاقا دەکێشێت و تیشکەکانی خۆشی و شادمانی لە هەموو ئەندامەکانی جەستەیەوە بڵاو دەبێتەوە و بێ ئەوە خۆی تێی بگات هەلۆرک بەرزتر بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێنێت.

قیژەی خۆشی و مەستیی ژنە باخی تەنیوە و پیاو تەژی لە هەستی بەکەیفی منداڵانە، قاقا دەکێشێت و بە هەردوو دەستی ژن بەرز و بەرزتر بەرەو بەرزاییی دارەکان هەڵدەفڕێنێت.

پیاو لە چەشنی شووشەی لێ هاتووە. هەوا تاریک و تاریکتر دەبێتەوە و پەیتاپەیتا ئەستێرە گەشەکانن کە بەرەو داوێنی ئاسمان بەردەبنەوە.

ئەو دوو کەسە ئاگایان لە خۆیان و دەوروبەریان نەماوە، قیژە و قیڕەی خۆشی و سەرمەستییان هەناسەی لە بوونەوەرەکانی باخ بڕیوە.

بەرزتر... بەرزتر هەناسەکەم...

بەرەو ئاسمان ... بەرەو ئاسمان حەیاتم...

پیاو بەهەموو هێزیەوە هەلۆرک بەرەو سەر لقی دارەکان هەڵدەفڕێنێت. دەڵێی، ژنە، دوو باڵی دەرهێناوە دەستەکانی بەرەوپێش درێژ کردووەتەوە. دەڵێی دەیەوێت ئەستێرەیێک لە داوێنی ئاسمان بچنێت.

پیاو هاوار دەکات: "بەرزتر... بەرزتر... "

چریکە لە مەل، خشە لە حەیوانەکانی باخ بڕاوە. ئەستێرە بەردینەیێکی بچووک دەکەوێتە نێوان

یەکێ لە دەستەکانی ژنەوە کە بەرەوپێش خۆی درێژی کردووەتەوە.

ئەستێرە بەردینە، داوێنی ئاسمان کون دەکات و دەکەوێتە نێوان لەپی ژنەوە. ئەو، قامکەکانی دێنێتە یەکدا و قیژەی ژان و سووتانی لێ بەرزەوە دەبێت: "دەستم... ئای دەستم"

پیاو بەرزتر هەڵی دەفڕێنێت... قامکەکانی لەیەک ناکرێنەوە و ئەستێرە بەردینە لە سووتاندنی پێست و گۆشتی قامک و نێولەپی ژنە بەردەوامە... دەستم... دەستم سووتا... پیاو نوقمی جیهانی منداڵییەتیی خۆیەتی و نوقمی زەریای پێکەنین و تیشکەکانی جەستە شووشەییەکەیە و ئاگای لەو کارەساتە نییە... دەستم... دەستم سووتا... بەسییە... بەسییەتی ئیدی... پیاو بەرزتر و بەرزتر هەلۆرک هەڵدەفڕێنێت و قامکەکانی ژنە لەیەک ناکرێنەوە.

ژن لە بارودۆخی پیاو تێ گەیشتووە و هەرکە هەلۆرک دەگاتەوە نزیکی زەوین، خۆی تووڕ دەداتە خوارەوە و تل دەخوات و دەکەوێتە تەنیشتی نەمایکی ناسکەوە.

هەناسەی بوونەوەران بڕاوە و گوێیان بۆ ئەو هەموو دەنگ و هەرایە هەڵخستووە.

پیاوی نوقمی دنیای منداڵیکی یەک ساڵان، قەت لەو کارەساتە تێی نەگەیشتووە و بووەتە گلۆڵەی ئاگر و تیشک و خۆشی. ژن دەسووڕێتەوە و بۆ پیاو دەڕوانێت و ژانی سووتانی نێوان لەپی لە بیر دەکاتەوە و حەپەساو سەیری ئەو منداڵە شووشەیی و ناحاڵییە دەکات کە لە فڕاندنی هەلۆرک بەردەوامە و هێشتاکە تێی نەگەیشتووە ئیدی کەسێکی لێی سوار نییە: بەرزتر... بەرزتر... ئەستێرەیێکم بۆ بچنە حەیاتم... ئەستێرەیێکم بۆ بدزە هەناسەکەم ... لە دەورت گەڕێم... حەزت لێیە؟ ها؟... بەرزتر... بەرزتر...

ئەستێرە بەردینە لە نێوان لەپی ژنەدا، ئارامی گرتووە و سارد هەڵگەڕاوە و ژن ژان و ئێشی سووتانەکەی لە بیر چووەتەوە و تەنیا لەو پیاوە منداڵە ڕاماوە.

پیاو بەهەموو هێزیەوە، هەلۆرکی چۆڵ و هۆڵ بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێنێت و خۆیشی پێیەوە هەڵواسیوە. بێ ئەوەی هەست بکات هەلۆرک خاڵییە و ژنە جوانەکەی داکەوتووە.

لە کاتی فڕین بەرەو ئەستێرەکانی ئاسمان، پیاو بەدەم قاقا کێشانەکەیەوە هاوار دەکات: ناسکە گیان ئاسمانت پێ خۆشە؟... حەزت لێیە؟... سەیری ئەو ئەستێرەیە بکە... ئەها ها ها... ئەوە دەڵێم.. ئەو ئەستێرەیە... ئەوە...

ژن ئیدی دەنگی شادمانییەکانی پیاو نابیسێت و هەلۆرک ئیدی ناگەڕێتەوە و قامکەکانی ژنە دەکرێنەوە و لە نێوان زام و سووتاندا بەردێکی بچووک و سارد دادەکەوێت و ئیدی پیاو و هەلۆرک ون دەبن و ئیدی پەیتاپەیتا هەستی منداڵانەی ژنە ڕەنگ دەگۆڕێنێت و ئیدی ترسێکی ڕەش و ئێجگار تۆخ جێگری هەستی یاری و پێکەنینەکەی دەبێت و ئیدی هەلۆرک ناگەڕێتەوە و ئیدی ژنی گەنج و جوان لە باخەکە لەگەڵ هەستێکی پێنج ساڵانەدا بەردەوام تەنیا دەکەوێت.

چیرۆک

هاوڕێ ئەحمەد

# لە سێبەری بێدەنگیدا



ئەو کە هاتەوە چاوەکانی سوور بووبوو هێندە گریابوو، هاتەوە بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی تر، لە یەکێک لە کافێیەکانی شاردا یەکمان بینی، ئەو ویستی سڵاو بکات بەڵام بێدەنگ بوو، من ویستم وەڵامی سڵاو بدەمەوە بەڵام بێدەنگ بووم، بێدەنگ، ئەو بێدەنگ، منیش هەر بێدەنگ....، ویستم پێی بڵێم، بۆ ئەتەوێت فریشتەیەک شەهید بکەیت کە بەشێک لە تەمەنی خۆی لە دروستکردنی تۆدا بە فیڕۆ داوە، بۆ دەهێڵێت بەدەم خوێندنی سورەتی تەوبەوە هەمان شمشێری سەردەمی جەهالەت بە ملی منی هەزاران جار ماچکردووتدا بهێنیتەوە، ئەم ئایەتی دینی عیشقە شایانی زۆر لەوە زیاترە بە هەمان خەنجەری کۆن دووبارە بیکەیتەوە بە قوربانی و وەکو سۆفییەکی مودمین بە حەشیشە جارناجارێک بە خوێنی قوربانییەکان خۆت پاک بکەیتەوە، بۆ بەهەمان خاچ هەمان مەسیح لە هەمان شوێندا و دوای عەیامێک بەهەمان رقەوە لە خاچ دەدەیتەوە و قومێک هەستیش لە مەرجانەی رۆحی خۆت ناکەیتە شەراب بۆ دوا دیدار، بۆ ئەتەوێ بەرسیلەکانی تەمەنی لاوێتم هەر بەلاوی بکەیتە شەراب و رێگە نادەیت ببێتە ترێ و لەگەڵ گێلاسێکدا سەفەر بکات، ویتسم پێی بڵێم، هاورێم بۆ دەمکەیت بە مردووشۆرێکی هەژاری خاوەنی دوو گیرفانی کون کە هەرچی سۆز هەیە پێم ببەخشیت لە کونی گیرفانەکانمەوە بەردەبێتەوەو ناگاتە ماڵێ و وردەمنداڵی گەڕەکیش بۆم ناهێننەوە، ویستم پێی بڵێم بۆ دەتەوێت هەر بۆ ئەوەی بە ئازارەوە بمرم هەزاران جار لە جەلاد و کۆنە مەعشوقەکانی خۆت دەپارێیتەوە کە بەرقەوە بمکوژن و دواجار پارانەوەکانیشت لە جەلاد بۆ کردم بە پریاسکەی وشە و رستە و لە دوو توێی شیعرێکدا نۆشت دام، بۆ دەتەوێ دیسانەوە رۆح بەبەری ئەم تاریکییەدا بکەیتەوە و بیکوژیتەوە؟ ماچ بۆ ئەم بیاوانە بهێنیتەوە و لەداری بدەیتەوە؟ هاورێم بۆ دەتەوێ دیسانەوە بەگریانمدا خەبەرم ببێتەوە و پێ بکەنم، بە پێکەنینەکانمدا لە خەو رابم و بگریم؟ هاورێم بۆ دەتەوێ هەر بە داری جەڵدی ئەم عەتفە عەزابی گومراکان بچێژم و هەر خۆت تەڵقین و یاسینی ئەم عیشقی ئەزەلیە بخوێنیت؟ بۆ ئارەزووتە ئیمان تا دوا سنووری رق بەریت و هەر بە تەوری رقیش سەری قڵیش بکەیت، هاورێم بۆ دەتەوێ بۆ؟ هاورێم بۆ پێت خۆشە بەماسکی فریشتەوە لەم جەنگەڵە جەنجاڵەدا ژیانم تا بینەقاقای مردن بەریت، بۆ پێت خۆشە هاورێم بۆ؟

من زوو پەشیمان بوومەوە و هیچم نەگوت.

ئەو هەناسەیەکی درێژی وەکو ملوانکەکەی ملی خۆی درێژ هەڵمژی و درێژەی بە بێدەنگییەکە دا.

من هەر بێدەنگ.

ئەو ویستی ماڵئاوایی بکات، بەڵام بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت و رۆیشت.

من ویستم بەخێرهێنانی بکەم، بەڵام بێدەنگ بووم و هیچم نەگوت و دانیشتم.

چیرۆک

دابان بەرزنجی

# کامۆکانی تر

## دەبووایە ئێوە ڕزگارکەری کۆمەڵگەبن
## نەوەک بکوژی خۆتان



* پێشکێشە بە ڕێبین ئەحمەد خدر و کلارا کە دوو کاراکتەرن لە شانۆی ئەو خوایەی من باوەڕم پێیەتی

یەکێکیان پرسیارێکی زۆر سەیری لێ کردم چەند جار هەوڵی خۆکوشتنت داوە؟ لە حاڵەتێکدا ئەو پرسیارەی کرد کە دەموچاوی ئەوپەڕی سادەیی لێ دەخوێندرایەوە! ئەو مانا قووڵ و ترسناکە چۆن وا بەسادەیی؟ دواتر بۆم دەرکەوت بۆچی وا بەئاسانی پرسیارێکی وا دەکرێت! ئەمن بەخۆم زمانی قسەکردنم باش نییە پرسیارەکی ئەوها وا بەسادەیی وەلام بدەمەوە! زۆرجار لە کاتی قسەکردندا شڵەژانێک ڕووم تێ دەکات نازانم چییە، هەر بۆیە قسەم پێش عەقڵم دەکەوێ. گوتم "ئەوەی ڕاستی بێ شتەک لە ناوەوەم داوای ئەو شتەم لێ دەکات، بەلام ناهێڵم قەت ئەو شتە ڕوو بدات. کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو، لە خۆشیدا گەشایەوە و ڕووی لە برادەرەکەی من کرد کە یەکێک بوو لەوانەی دژی خۆکوشتن گوتی"گێت لێیە چ دەرێ! برادەرەکەم گوتی"بەرێ دەزانم چ دەرێ ئەی ئەوەنییە دەرێ ناهێڵم قەت ئەوە ڕوو بدات. سەیرم پێ دەهات لە کاتەکدا ئەو کەسەی پرسیارەکەی لە من کرد چیرۆکێکی منی خوێندبووەوە کە باسم لە کوڕێک دەکرد لە خۆکوشتن ڕزگاری دەبێ و دەچێتەوە ناو ژیانێکی ئاسایی. لە چیرۆکەکەدا خۆکوژیم بەدۆڕان لە قەڵەم دابوو، دەربازبوونیش لە بیری خۆکوژی... ئەدی بۆچی ئەو پرسیارەی لە من کرد؟ ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە ویستیتی پرسیارەکی ترم لێ بکات، یان ڕاستتر بڵێم ویستی ئاشکراکردنی پرسیارێکی تری هەبووە بەڕێگەیەک کە من تێی نەگەم پرسیارەکەش ئەوە بووە: دابان چەندە زیرەکە؟ چەندە نووسەرە؟ بەس باشە نووسین چ پێوەندییەکی بە خۆکوژییەوە هەیە؟ بەدرێژاییی ڕێگە ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، بۆیە دەڵێم لە خۆم دەکرد چونکە ئەو کاتی لەوان جیا بووبوومەوە و بەتەنێ مابومەوە. با پێشتان بڵێم لە کاتی ئەو پرسیارە ئەمە پێنج کەس بووین برادەرەکەم منی بەو سیانە ناساندبوو، هەرسێکیان شیعریان دەنووسی ئەوەی زیاتر منی کێش کردبوو بۆ ناسینیان ئەوە نەبوو کە شاعیرێکی باشن بگرە زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە خوێنەرێکی باش بوون، لەبەرئەوەی تەنانەت یەک شیعری ئەوانم نەخوێندبووەوە... دواتر بۆتان دەردەکەوێ کە ئەو ناساندنەیان سوودی خۆی هەیە. هەقی خۆم بوو لە ماڵێ قەڵەم و کاغەزێک هەڵگرم و خەریکی لێکدانەوەی بیری خۆکوژی بم"باشە چیرۆکەکەی من بیری خۆکوژی چارەسەر ناکات؟ (ئاخۆ چیرۆکنووس دوکتۆرە؟) ئەی بۆچی نووسیم؟ دەستم کرد بە داڕشتنەوەی چیرۆکەکە ئەو جارەیان بەپێچەوانەی ئەوەی پێشوو: یەکێک لە ژوورەکەیدا دانیشتبوو لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەکی پێنج نهۆمی، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد کە بەسەر شەقامێکی گەورەدا دەیڕوانی چاوەکانی چووە سەر گازینۆیەک کە لەوبەرەوە بوو. پازدەی بنووسە. کوڕی کەر پازدەی چی، ئەوە چاردەیە...

– دارەکەی وەرگرەوە و پەرچی کە... "کورە پەرچی چی پەنجا خاڵیشی دەدەمێ ئەوجاش هەر تێی دەنێم.. " کوڕە لەگەر کێتە... " لەگەر توومە کوڕی نازانم چی.. ها،، ها،، لەولاترەوە کچێک

لەگەر دووکاندارێک مامەڵەی دەکرد، باشە ئەوە مامەڵە لەسەر جلوبەرگ دەکات یان گۆشت؟ کچەکە زۆرجوان بوو، بەڵام بۆنە پیسەکەی زۆر.. زۆر.. پیاوەکە بەبێزەوە وەکی ئەوەی مامەڵە لەسەر گۆشتی سەگ بکات.. جێشتان هەیە؟.. باشە ئەو لەودیو پەنجەرەکەوە چۆن گوێی لەو قسانە دەبوو؟ نازانم لەوانەیە گوێی لێ نەبووبێ تەنیا پێشبینی کردبێ! تفێکی بەرەو ڕووی پەنجەرەکە هەڵدا و گوتی " تف لە مرۆڤی پیس، تف لە کۆمەڵگەی داڕزاو، تف لە منی بۆگەن کردوو... دەمانچەیەکی لەبن سیسەمەکە دەرهێنا و لەبن کراسەکەی شاردیەوە. سیزیفی ئەلبر کامۆ و کتێبێکی شۆپنهاوەری بەیەکەوە جووت کرد و بەسنگی خۆیەوە ناو بۆ سەرەوە بەقادرمەکاندا سەرکەوت.. لە کاتی نووسینی ئەو نووسینەدا پرسیارێکم لە خۆم کرد: باشە شۆپنهاوەر بۆچی هاتە ناو ئەو نووسینە خۆ من یەک کتابی شۆپنهاوەرم نە خوێندووەتەوە! تەنیا هەندێکم لەسەر بیستووە، لەوانەیە ویستبێتم لە پشت پەردەی نووسینەوە فێڵ لە خوێنەر بکەم و خۆم بە زیرەک و خوێنەرێکی فەلسەفی پێشان بدەم! لەوانەشە هۆیەکی تریشی هەبووبێ ئەویش دێرێک بوو کە پێشتر خوێندبوومەوە هەرچەندە نەشمدەزانی هی شۆپنهاوەرە یان هی کێ؟ دێرەکەش: شەوێک لەلای سیدۆ بووم هەندەک کتێب لەو ناوەی داندرابوون لەو کتێبانە بوون کە خۆی وەریانی گێڕابووە سەر زمانی کوردی لەسەر یەکێک لە کتێبەکانی شۆپنهاوەر کە دیاربوو پێشکێشی برادەرەکی کردبوو،کە لە ژوورەوە لەگەڵی بوو. لەپەڕەی یەکەم بەلاری نووسیبووی (یان دەبێ بمرم یان جوانی بدەمێ) ئەوە قسەکە بوو نەمزانی هی کێیە. پێ دەچوو هی شۆپنهاوەر بووبێ. بەلامەوە قسەیەکی سەیر بوو! هەرچۆنێ بێ دەستم بەنووسین کردەوە.. کتێبەکانی لە باوەش کرد و بۆ سەرەوە سەرکەوت لەسەر بیناکە وەستابوو سەیری ئەو مرۆڤانەی دەکرد کە ئەو بەگێل و وەحشی دەزانین. هاواری کرد ئەگەر بڕیارە وەکو ئێوە بە گێلی بژیم مردن هەڵدەبژێرم. من ناتوانم ئێوەی نەزان ببینم هەناسەتان بۆنی قەحپەی لێ دێ، دەستتان بەچکەی دزییەوە. دەرپێتان وەکو لیکاوی سەگ گلاو بووە! من لەو بۆگەنییەدا ناژیم، چاوی بڕییە ئاسۆ و لوولەی دەمانچەکەی ئاراستەی کەللەی خۆی کرد. هاواری کرد بەرەو ڕزگاربوون لە پیسەکا... کاتێک ئەو دێرانەم نووسی وەخۆ هاتمەوە ، باشە ئەوە ئەمن چ دەکەم؟ باشە ئەگەر بنووسم خۆی کوشت ئەوا چارەی کەسایەتییەکی ناو چیرۆکەکەم ڕەش دەکەم. باشە وا نووسیم خۆی کوشت چ سوودێک بە خوێنەر دەگەیەنێ، لە پیسکردنی عەقڵی زیاتر (ئاخۆ ئەدەب فشەفشە؟). لەو کاتەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات باشتر بوو لە خۆکوژی. (هەردەم ڕێگەیەکی باشتر هەیە لە خۆکوژی). وا نەزانن دەمەوێ وتار و ئامۆژگاری بنووسم. من تەنیا ئەوە دەنووسم کە وا دەزانم پێویستە بنووسرێت یاساکانی ئەدەبیات و چیرۆکیش بۆ گۆڕستان.. ئێ؟ .. دوای ئەوە نووسیم: لەو کاتەی لوولەی دەمانچەکە بەر سەری کەوت سەری بەگێژدا هات و... دوای چەند ڕۆژ بێهۆشبوون، چاوی هەڵهێنا، دوای چەند ڕۆژی تر بەرەبەرە بەرەو چاکبوونەوە دەچوو تەنیا کەسێکی لەودیو پەنجەرەکەوە دەبینی، بۆی ئاشنابوو. هەمان ئەو پیاوەی لە دووکانەکەدا مامەڵەی لەگەڵ کچەکەدا دەکرد.. دوای ئەوە پیاوەکە بۆی

گێڕایەوە "هەر ئەوەندەم بینی وا کەسێک خەریکە خۆی بەردەداتەوە. خۆم بۆنەگیراو بەڕاکردن.. هەتا من گەیشتم بەربووبوویەوە. هەر خێرا بەتاکسییەک گەیاندمیە ئێرە.. ئێستاش باوەڕ ناکەم چۆن نەمردی.. (پیاوەکە بێئاگابوو لەوەی نووسرابوو چاک دەبێتەوە). کاتێک خۆکوژەکە گوێی لەو قسانەبوو بێزی لە خۆی بووەوە! ویستی قسان بکات، پیاوەکە قسەکانی پێ بڕی و گوتی هیچ خەمیشت نەبێت دەمانچەکەشم شاردووەتەوە و نەمهێشتووە کەسێک بزانێت دەمانچەیەک لە ئارادایە، کتێبەکانیش... خۆکوژ هاواری کرد بیانسووتێنە... پیاوەکە بەنەرمییەکی زۆر ترسێنەرەوە کتێب بۆ سووتاندن دروست نەبووە. ئەو قسەیەی گورزەیەک بوو لە تۆقی سەری خۆکوژەکەی دا و هاوار و گریان ئەو ناوەی هەژاند، هاوار لەگەڵ قیژەی ئامێری دڵەکە تێکەڵ بوو... پیاوەکە لەسەر قەبری خۆکوژەکە، ئێستا پێی ناڵێم خۆکوژ چونکە ئەو پەشیمان بووەوە خۆی بکوژێت. لەمەودوا بە کەسەکە ناوی دێنم.. وەک ئامۆژگاریکارێک وەستابوو قسەی بۆ قەبرەکە دەکرد دەیگوت"کتێب هەموو شتێکە. تەنانەت کتێب چارەی ئێمەشی لە دەستە. لەوانەیە ئێستا لێرەم کاراکتەری ناو چیرۆکێک بم نووسەرەکەی دەزانێ لە کۆتاییەکەی چیم لێ بەسەر دێت. سەرم سووڕما لەو قسەیەی! ئەو چۆن زانی کاراکتەرێکە؟ لەبەرئەوەی من دەنووسمەوە هەر خۆم نووسیومە (فێڵێکی خۆمە). دەکا خۆم فێرم کردووە؟ باوەڕ ناکرێ! دەستم بەنووسینەوە کردەوە.. چیم لێ دێت! کتێب بۆ سووتان نییە کتێب هەموو شتێکە، ئەوە ئێمەین کە کتێبەکان بەخراپی بەکار دەبەین نەوەک خراپی کتێبەکان. کاتێک گەورەکان باسی نائومێدی دەکەن مانای ئەوە نییە کە نائومێدی گەورەیە. گەورەیی لە خۆکوژیدا نییە. دەبووایە تۆ ڕزگارکەری کۆمەڵگەبی نەوەک بکوژی خۆت. ئەوە ئەو پیاوەبوو کوڕەکە بە پیاوێکی پیس تێی گەیشتبوو. چەند ئەگەر هەیە کە ئێمە ڕاست بین ئەوەندەش ئەگەر هەیە هەڵەبین، لە پێشبینیەکانماندا. کاتێک چیرۆکەکەم تەواو کرد هەر بیرم لەلای پرسیارەکە بوو. باشە ئەو شتە چییە لە ناوەمندا هانم دەدا بۆ خۆکوژی؟ زۆر لەو شتەم کۆڵییەوە گەیشتمە ئەوەی ئازارێکە، ڕاستر بڵێم جولە جولی مارێکە لەناو سینگمدا!! لە کاتی نووسیندا قسەیەکی نەتالی ساروتی چیرۆکنووسم بەبیر هاتەوە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا کردبووی: ئازاری نووسین وەکو ئازاری منداڵبوون وایە خۆشیی لەدایک بوونیش لە دوای تەواوبوونی نووسین... لەوانەیە قسەکەم بەجوانی لە بیر نەمابێ بەڵام بەکورتی ئەوە ماناکەی بوو.. بەڵێ زۆر ڕاستە کاتێک ئەو قسەیەم خوێندەوە، بیرۆکەی چیرۆکێکم بۆ دروست بوو. لە چیرۆکەکەدا جیاوازی لە نێوان لەدایکبوونی منداڵێک و لەدایکبوونی نووسینێکدا دەکرێ. هەرچەندە نەدەبوو ئەو بیرۆکەیە لێرەدا باس بکەم چونکە لەوانەیە بمکاتە قاتلی چیرۆکەکە و نەتوانم بینووسم و چیرۆکەکە لەدایک بێت. ئێستاش نازانم بۆچی لێرەدا باسم کرد... هەرچۆنێک بێ بۆم دەرکەوت ژانێک هەیە لە کاتی نووسین و لە کاتی لەدایکبوون. بەڵام ئەگەر دایکەکان لە کاتی ژانگرتندا خۆیان بکوژن چی دەبێ؟ ئەوەی ئادەم دەبڕێتەوە. ئەی نووسین چی؟ گەورەیی لە شیری نائومێدی و خۆکوژیدا نییە. ئەوە شتێکی زۆر هەزەلییە! ئەگەر وابێ دەبێ دەورەیەک بۆ

نووسـەرەكـان بكرێتـەوە لەلایەن بازاڕییەكـانەوە تاوەكو فێری ژیانیـان بكەن. نەوەكو نووسـەرەكـان ڕێنیـشـاندەری ئەوان بن. چیرۆكـەكـەم هـەر لە ئـەوەڵەوە هەڵە بوو وەكـو بیـری نووسـەرەكـانمان.. دەبوایە لە قـادرمـەكـان بێـتـە خـوارەوە و خـەڵكەكـەی فـێرکـردبا (هـەروەكـو هـاتـنە خـوارەوەی پەیامبـەرەكان لە چیاكانەوە بۆ ناو خـەڵك)، نەوەكو سـەركەوێ بۆ بەربوونەوە و ڕزگـاركردنی لەلایەن یەكێك لە بازاڕییەكانەوە. شتێك وای لە من كرد ئەو نووسینە بنووسم كە نەچیرۆكە و نەوتارە و نەئامـۆژگـاری و نەسـەرزەنشـتـە بەپێی یاسـاكـانی گـۆڕسـتـان... ئەویش گـوێ لێبـوونی ئەو جـۆرە پرسیارانەیە. بەڕاستی نووسـەرەكانمان ئەوانەی دوو با دووسـەت بێ كتێبیان خوێندووەتەوە... سێ باسـێـسـەت بێ شـیـعـریان نووسـیـوە. خـۆیـان لێ ون بووە و بە بیر و جـەسـتـە و فیكریش كـامـۆ و شـۆپنهاوەر و... لە جێی ئەوان دەژیان. بەڕاستی من قەشـمـەرم كە خـۆم لێ ببێت بەسوقـڕات.. من ناڵێم ئەو گەورەترە یان... بگرە دەڵێم ئێـمـە تەنیـا چەند كـتـێـبـێـكمـان خـوێندووەتەوە تەنیـا یەك زمـانیش دەزانین خـاوەنی فـەلسـەفـەیەك نین. كـەچـی خـۆمـان لێ بووە بە فـەیلەسـووف و فشـەمـان بەخـەڵكی تـر دێت (مـەبەسـتم ئەو خـەڵكەیە لە ئێمـە باشـتـر لە ژیان گـەیشـتـوون).. لە جێی ئەوەی پرسـیـار بكەین چی بكەین بـاشـە؟ پرسـیـار دەكـەین چەند زانای؟ وا بەسـادەیـی پرسـیـارێكی وا ترسنـاك بكەین. دەیسـەلمێنێ ئێـمـە چەند قـسـەیەكی كـتـێـبـەكـانمان لەبەر كـردووە و دووبارەی دەكەینەوە.. ئەوە ئـەو مـرۆڤـانەن بوون بەكتێب و هەست بەمرۆڤبـوون و جیـاوازی نێوان مـرۆڤ و كتێب ناكەن! داوای لێبـووردنیش لەو كـەسـانە ناكـەم. كە هـەر لۆ فشـەی نا.. بگرە بۆ ڕاكێشـانی سـەرنجی خەڵكان باسی خۆكوژی دەكـەن یا وەكو خۆیان دەكوژن.. (كوره ئەگەر خۆم بكوژم گوو بەو نـاوبانگەی). ئـەو قـسـانە نە ئـامـۆژگـاری و نەسـەرزەنشـتـە.. بۆیە داوای لێـبـووردن نـاكـەم پێنووسەكەم لەدەست خۆمە و، دەتوانم نەنووسم ئەگەر نووسیشم بڵاوی نەكەمەوە و بۆ هـەتاهـەتایی شوێن بزری كەم بەگڕێك، بەڵام نا پێویستە بڵێم" دەبوایە ئێوە ڕزگاركەری كۆمـەڵە "گا"بن نەوەك بكوژی خۆتان".

تێبینی/چیرۆكە بەبڕوای خۆم نەوەك، بەپێی یاساكانی چیرۆك، لەبەرئەوەی بەبڕوای من یاسای ئەدەبی تا كاتێك باشە نەبێتە بەندیخانە.

چیرۆک

ئیسماعیل سلیمان هاجانێ

# شەمامێ بووکێ

ئەو حەفتیا ئێکێ بوو کەڤتیمە دبێنڤێژیێ دە و پێسیرا من بۆ جارا ئێکێ شلبووێ. سێ رۆژێن پێشیێ گێژبووم و ژ ترسا من ئاگەهەک ژ سەر ئێشیێ و ژانێن زک و پشتێ نەمان، من نەدوێرا بێژم دایکا خوە تشتەکێ هوسا یێ لنک من پەیدا بووێ. هندێ من هزرێن خوە کرن، من چ لاو ژ دوورڤە ژێ نەدیتێ نە. ئەز ب سەر چ کەلەماندە نەکەتیمە، ئەو هەیامەک بوو دەیکا من دگۆتە من هشیارێ دوخینا خوە بە.. ها، پاشێ تو نە ژ کنێ چێترێ، تو یا فامابووێ هشیاربە لنگێن خوە دکەرێ دە نەدانە هەکە تو سوار دبێ عەرەبکێ سواربە لنگێن خوە هەردو کان دلایەکێ دە شوور بکە. دەما ناڤێ کنێ دهاتە بیرامن، تەژێ گیانێ من ترس دبوو، و دلەرزیم. چنکو هندا دگۆت کنو پەزکێ دبن گوهانرە سەرژێکرن، و هندا دگۆت دچیایدە هاڤێتن و دەهبا کەلەخێ وێ خوار، لەوراکەس نزانت گوراوێ لکیڤە یە. ئەڤ ترسە نەتنێ دمێژکێ مندا بوو بەلکو دسەرێ هەموو قیزکێن گوندێ مە دا بوو. ئەز نەخوەشبووم، کەتم ناڤ نڤینا. بابێ من گۆتە دایکا من ئەڤە پزێ خێرە چ جارا هولێ نەهاتێ یە، ئەزێ چمە گوندێ ژێرێ و لنک مەلاێ دەزیەکێ تابێ بو برم. پشتێ بابێ من ژمال دەرکەتێ دایکا من ب زمانێ خوەێ دلوڤان رونشتە بەر سەرێ من و چەند پرس کرن و داوییێ گۆت: نەکو تو کەفتێ یە دبێنڤێژیێ دە ؟ هێژ ئەڤ پرسە ژ دەڤێ دەرنەکتێ، ئەز گریم و دخریکێن چووم، ب هەموو پێغەمبەرو مسحەفان سوند خوار من چ لاو ژدوورڤەژێ نەدیتێ نە و ل کەریژێ سوارنەبوومە، ب سەر چ کەلەماندە نەکەتیمە، بەس پێسیرامن شل بوویە. ترسێ ل من زور کر من هزردکر بەرێ هاتنا بابێ من دایکا من دێ چنگلێ من کێشیتە بەر کۆچکێ و ئاگرێ بەردتە بەدەنامن من. دلەرزیم و ئەڤ راستێ یە ژ دایکا خوە رە گۆت.

دەیکا من رووییّ و یّ گەش بوو و بشکۆریّ ئەز کێشامە بەر سینگیّ خوە و رووییّ من ماچکر و گۆت: هلو دایّ قۆربان تە ئەز بزداندم من ژ خوە دگۆت نەکو ئێشا زراڤبت تو هوسا تەمریّ ئەڤە چەند رۆژن ژ خەو خوارنیّ بیّ بەهر بوویّ. ئەز هێژ دلەرزیم دبن لێڤانڤە گۆتیّ هوون وەکو کنو ل من ناکن؟

کەنیّ دەستیّ خوە ب گولیکێن من دا ئینا وگۆت: نەبەرخا من ماتەچ کریە تو تمام بوویّ بوویە ژن، ڤێچا دیّ تە دنە شوویّ. ئەم ل ئاقاریّ بوون هێژ بەفریّ کومتێن بلند ل دەردورا گوندیّ نەبەردابوون ئەو جهێن تاڤیّ لێدایّ و هلما ئاخیّ ژیّ بلندبوویّ داڤ و ماڤێن سیرک و قۆرادیّ، سێبسک و هەنگەدانیّ هلکشیابوون. من چیروکا نەخوەشیا خوە هوسا بو هەڤالێن خوە ڤەگێرا. خەجا داپیر ژیّ دگەل مەبوو، ویّ گۆت: دیّ تە دنە کیّ کەچا من؟

ئەز کەنیّ و من گۆت: وەلا مێرا ناکم پاشیّ من گۆت ما ئەز چ دزانم هەرە بێژە دەیّ بابێن من. چاخیّ ئێڤاریّ ئەم ژ ئاقاریّ ڤەگەریاین ل بەر کۆچکیّ دەیکا من یە مژولیّ کاریّ شیڤیّ بوو، دیکلەک دڤەروچکاند و گۆت زوو بارزونکیّ خوە دانە وەرە هاریّ من. مە مێڤانەکیّ هەیّ، دەنگیّ خوە بلند نەکە شەرمە. کاڤا ئەز دبەر دەریکیّ دە بووریم پێلاڤەکا جزراویت دوسیّ بهوستان درێژ دیت، من هزرکر خودانیّ ڤیّ پێلاڤیّ دەجالە هندیّ درێژبوو، ل سەریّ خانیّ روونشت بوو چارمێکیا خوە ڤەدابوو سەریّ ویّ دگەهشتە کاریتەیّ و بابیّ من وەکو پشیکەکیّ بەرامبەریّ و یّ رونشتیّ بوو. من نەدزانیّ ئەڤ مێڤان کیّ یە و چما هاتیّ یە مالا مە. من گۆتە خوە هیّ من چ ژێیە ئەڤ شەڤە ب خێرا ویّ ئەز ژیّ دیّ ب ئافکا دیکلیّ لیڤێن خوە سوور کم و بەلکو پێپکەک ژیّ ب بەر من بکەڤیت. رۆژا پاشتر پشتیّ مێڤانیّ مە چوویّ بابیّ من هند پارە دهەژمارتن و دگۆتە دەیکا من ها ڤان پارا هلگرە بۆ رۆژەکا رەش. هێژ من نەدزانیّ کا مێڤانیّ مە کیّ بوو و ئەو چ دراڤ بوو دەیکا من ژ رۆژا رەش رە ب هلگرت. دەمەکیّ ئەز خافل بووم دەیکا من بانکر. ووو زەرا دەیکا خوە تە زانیّ مە تو دایە مێر و قەلەنیّ تە ژڤەلەنیّ قیزێن گوندیّ هەمووویان پترە مە تو ب دو دەهان و سیّ پێنچان و دەستەکیّ شەلوشەپکا خالانیّ ژ خالیّ تەرە دایّ، مەباشکر ما نە، مەتوفراندیّ؟

دیسا من لووتکەک لخوە دا هیّ ئەز چ زانم کەیفا وەیە. هوون من ب دنە مێر بدنە ب زێر کەیفا وەیە.

براستیّ من دەروکر چنکو ویّ شەڤیّ هەموویێ دناڤ نڤینانده دگریام ئەزیّ چاوا ژ مالا خوە و گوندیّ خوە چمە مالەک دن و گوندەک دن نەکەسیّ ناسدکم هێژنەشێم هەموو کاران بکم، گوندیّ وان دووریّ گووندیّ مەیە، ییّ ل زوزانا هەما ئەز جارەکیّ زیزبم ئەزیّ چاوا بشێم بێمە مالبابا خوە . خەما من نەتنیّ ئەڤ بوو خەمامن یا مەزن ئەو بوو کا زاڤا چاوایە شلە کورە، ئەز سیّ مەهان مام دڤان هزراندە. نەشەڤا من شەڤ بو نە رۆژامن رۆژ بوو تم وتم دخیا لا زاڤایّ دە بووم گەنجە پیرە، کەچەلە، گوریّ یە جوان و سپەحیّ یە. هەتا بەفر حەلیا و رێک خوەشبوون رۆژەکیّ خوەدیێ پێلاڤا جزراویت و پیرەژنکەکا ب ریه و سمبێل پێرە هاتنە مالامە و دیا من گۆت کچا من وەرە

روونە دا کارێ تە بکن ئەڤە بەربووکیێن تە نە سو بێ زوو دێ تە بن. سەر سپێ یا بەدیلە کورت ئەز برم سەرشوویێ کەرەک سابونا حەلەبێ ب من ڤە مەهاند و ب خوەلیێ موویێن من یێن حەرام هەموو هلچنین، وەکو وێ گۆتێ ئەز وەکو شەماموکەکا وەرزان لێکرم. جارەکێ من خوە وێرەک کر و ژێ پرسیم: مەتێ تو ب خودێ کێ زاڤا گەنجە یان پیرە و نەشلە؟ و پەیڤا داوییێ گەلەک ب شەرم ژناڤ لێڤێن من دەرکەت. دێلا کچا دێلێ کولەک ل قولنجا من دا، و کرە قێرێ تو گورێ سەرێ وێ بێ بێ ئەسل و فەسلێ ما ئەڤ گۆتن یێن ژن و حورمەتانە. ئەز وەکو رحانا حەودا لەرزیم و ئاخفتن هێدێ ژمن نەهات.

سوبەیا پاشتر کراسک نوو لمن کرن و گولەریەیک سۆر ل سەر سەرێ من کرە خێلێ و ل هێسترێ سوارکرم ودەیکا من و برایێ من یێ بچووک ژمن پتردگریان، نەخاسمە پشتێ سەرسپیا ب ریھ و سمبێل تلیلیەک ڤەدای و گۆتێ: مەبرو.. مەبرو مەبووکا خوە برو.. لێبا خوە لهەوە کرو.. خوەلێ ب سەرێ وە وەرکرو. ئەز لەشەکێ بێ جان ل سەر پشتا هێسترێ ل چیرو چەپێن گەلیێ گویاندا ژوردە برمە خوارێ. دەمەکێ سەرسپیێ گۆت لنگێن من قەرمین کا ئەزێ ل قەنتارێ سواربم بلا ئەڤ دێلا لەوچە بلنگان بێت، هەتا دەرەنگێ شەڤێ ئەم گەهشتنە گۆندەکێ. ئەوێ سەرێ هێسترێ دکێشا گۆت ئەم قەفیان هێدێ لنگێن مە نارابن و برسینە ژێ کا ئەمێ ئەڤ شەڤە لڤێ گۆندێ رازن و سوبە زوو دنە رێ. بەلکو نڤێژا ئێڤارێ ب گەهنە گۆندێ خوە. ژخوە ئا خفتن نەبوو من بوو لەورا کرپێن ژمن نەهات. من دەلنگێن خوە هلکربوون و خێلیا خوە لپشتا خوە شداندبوو. ئێدێ من چ هزر نەدکرن، تنێ خوە تەسلیمێ قەدەرێ کربوو. پشتێ دو سێ دەرێ قوتایین مالەکێ بێلایەکا بلند هەبوو، دەرگە ھ ل مە ڤەکر، وێ شەڤێ ئەم حەواندن. پشتێ پیرەکێن مالێ شیڤ دایە مە و ژنکا مالێ گۆت هوون ڤێ شەڤێ ژ کوڤەتێن ؟ تەژێ دنیایێ بێ بابن و ئەڤ خێخکا رەزا ب هەوەرە!

کا هوون ڤێ قیزکێ نادنە مە بو نەڤیێ من؟

سەرسپێ یا من بکەنیڤە بەرسڤدا: ئەز خدام ئەز سەرسپاوێ مە و ئەو شەڤەکا دێ بووکا بن پالیێ یە.

پێکڤە گۆتن پیرۆزبیت بووکا وە یە جوانە. ئەڤ رستە بکەنیڤەگۆت و دبن چاڤانڤە ل زەلامێ خوە نێرێ و ڤرەک ل تەشیا خوە دا.

زەلامێ وێ ل سەر تەنشتێ بوو ب دەستەکێ جگارە بلندکرە دناڤ لێڤێن خوە رە و دەستێ دێ دناڤ شەلوارێ وێ دە بوو ناڤ کەلا خوە دگەمراند.

رۆژا باشتر پشتێ نیڤرو ئەم گەهشتینە دانگا گوندێ و گوند پێکڤە ببەر مەڤەهاتن و بوو قۆپ.. قۆپا تەڤەنگا و دەنگێ تلیلیا چوو ئەسمانا. و بێهنا گوشتێ تەژێ خنخنکێن مەبوو. دەمێ ئەم نێزیکێ حەوشا زاڤایێ بووین دیسان کەفتمە دهزراندە کا زاڤایێ چاوایە؟بەرێ من بنە ژوورمن

زانێ زاڤا دێ ل سەر بانێ هندەک ئاخێ و گەنمێ و شەکروکا ب سەرێ من وەرکەت، من سەرێ خوە دبن خێلیێڤە بلندکر دا بەس زاڤاێ ببینم. سەرسپیێ دەستێ خوە دانا سەر سەرێ من و چەماند و گۆت هەێ ماکەرا گوهـ شور تو بووکێ و دڤێت سەرێ بووکان یێ شوربت. وەختێ چاڤێ من ب شەکروکێن گوروڤر و پرتێن قەندێ کەتین. ئەز وەکێ وان زاروکان داچەمیام، دوشەکروک ژئاخێ هلینان،بەرێ بکمە ددەڤێ خوە دا، سەرسپیێ ژبنڤە مستەک ل زرچەنا من دا و شەکروک ژناف لێڤێن من فراند. پشتێ فراڤینێ دەهوەت گەرم بوو مروڤ تێک دشلقیان و من هێژ زاڤا نەدیتیە و خەمامن ئەوە ب زانم کا زاڤا کێ یە ژوورا من ژ پیرەکا و قیزکا پربوو، هێدێ.. هێدێ من خوە بنک سەمتا پەنجەرێڤە دخوشاند، هەتا من دپەنجەرێ دە دەهوەت و هاتن و چوونا مروڤان باش دیتێ. دەمەکێ ئێکێ بەژن کن و گروڤرو شەلوشەپک شین سمبێل رەش و خوین شرین دیتێ، من دەستێن خوە سەرئەڤرازکرن و گۆت یارەبێ توبکێ ئەڤە زاڤا بت. پاشێ ئێکێ چەپەخوار و دەڤگلیز و چاڤ تربەروار بورێ، ئەز ڤەجنقیم و خوە ژ پەنجەرێ دورخست و دەستێن خوە بلندکرن و گۆت: یارەبێ بو خاترا هەموو شێخ و ئەولیان ئەڤە نە زاڤابت. ئو هوسا مامە دڤان هزراندە هەتا بوویە دەرەنگێ شەڤ و. گۆلولکا خوە یا ریسێ دبەرە هەموو هلچنێ وەکو گوگەکا خرلێکر. زەلامێ وێ هێژیێ ل سەر کێلەکێ بدەستەکێ مژوولێ ب موویێن سینگێ خوە دکرن، و ب دەستێ دێ هێژ ناڤ کەلا خوە دگەمراند.

من ژێ گۆتێ ئێ و پاشێ؟

پاشێ دەمەکێ دەریک ڤەبوو، ئو ئەڤ چەلاکێ درێژ، تێژکێ دەجالێ ب ژوورکەت بوو چەق چەقاددانێن وێ شەوییێن وێ یێن درێژ مینا دمێ لەگلەگێ بوو شەق شەقا وان، و هاتە من هندێ ئەز ژبەر رەڤیم ڤێ قۆلاچێ بو قۆلاچێ هە. نەهەرێ، ئەز گرتم، بتنێ وێ زانێ کا چ ئینا سەرێ من وێ شەڤێ. زەلامێ وێ تیق تیق دکەنێ و ناڤ کەلا خوە هێژ دگەمراند. ژنشکاڤە وێ ئەو گۆلۆلکا ریسێ تێوەرکر لشەویا وێ یا چەپێ دا تەخما دنانێن وێ فرێ نیڤا ژوورێ. ئەم هەرسێ پێکڤە کەنین و ل بەر دەرێ من گۆتێ خالەت ڤێچارێ تو قارەمانا چیروکامنێ، ئە و گولولکا ریسێ دمن وەرکر و من بازدا.

چیرۆکی وەرگێڕاو

ئاوگوست ستریندبێری

# نیو پەڕە کاغەز

لە سویدییەوە: کەریم تاقانە



دواین عەرەبانەی ماڵ گواستنەوە چووبوو، کرێچی، پیاوێکی گەنج کە مێزەرێکی تازیەداریی لە دەوری کڵاوەکەی پێچابوو، جارێکی تریش بە نهۆمەکەدا خولێکی خوارد تا بزانێ شتێکی لە بیر نەچووە... نا، هیچی لە بیر نەچووبوو، هیچ شتێک؛ بەم شێوەیە بۆ دەرەوە چوو، لە هەیوانەکەدا، ئیدی لەسەر ئەوە سوور بوو چیی تر بیر لەو ژیانە کە لەم نهۆمەدا تێی پەڕاندبوو، نەکاتەوە. بەڵام تۆ سەیر، لە هەیوانەکەدا، لە پەنای تەلەفۆنەکەدا، کوتەکاغەزێک لە دیوارەکە درابوو، کاغەزەکە هەمووی بە خەتی جۆرەوجۆر نووسرابوو، هێندێکی ڕوون بوو و بە مەرەکەب نووسرابوو، هەیندێکیشی بە میداد یان بە قەڵەمی سوور و تێکەڵ و پێکەڵ نووسرابوو. تەواوی ئەم داستانە جوانە، کە لەم ماوە کورتەی دوو ساڵەدا ڕووی دابوو، لەوێ هەبوو؛ هەموو ئەو شتانەی ئەو دەیویست فەرامۆشیان بکا، لەوێ هەبوو؛ بەشێک لە ژیانی ئینسانێک لەسەر نیو پەڕە کاغەز.

کاغەزەکەی داگرت؛ جۆرە کاغەزێکی پێشنووسی ئاڵتوونی بوو کە بریقەی دەهات. لەسەر کەمەی کوورەکەی دانا و بەسەریدا چەمایەوە و خوێندیەوە. سەرەتا ناوی ئەو نووسرابوو: ئالیس، جوانترین ناوێک کە ئەوکات ناسیبووی، ئاخر ئەوە دەزگیرانی بوو. دواتر ژمارەی ١٠١٥١یش. وەک ژمارەی سروودی کڵێسا وەپێش چاو دەهات. لە دوای ئەوە نووسرابوو: بانک. ئەوە کارەکەی بوو، ئەو کارە پیرۆزە کە نان، ماڵ و هاوسەری پێ دا؛ بناغەیەک بۆ بوون. بەڵام خەتی بەسەردا کێشرابوو! چونکە بانکەکە شکستی هێنابوو، بەڵام ئەو لە سۆنگەی بانکێکی ترەوە ڕزگاری بووبوو، بەڵام پاش ماوەیەک پەژارەی زۆر.

بەم شێوەیە بوو: دوکانی گوڵفرۆشییەکە و درووشکەوانەکە. سەردەمی دەزگیرانی بوو، سەردەمانێک کە بە پووڵ قەمچانی دەکرد.

دوای ئەوە: کڕینی کەرەستەی نێوماڵ، کاغەزدیواری: ئەو ماڵ ساز دەکا. دەفتەری هەڵگرتن و گواستنەوە: ئەوان دەگوازنەوە.

دەفتەری بلیتفرۆشیی ئۆپێرا: ٥٠، ٥٠ تازە زەماوەندیان کردووە و ڕۆژانی یەکشەم بۆ ئۆپێرا دەچن. باشترین ساتەکانیان ئەو ساتانەیە کە بۆ خۆیان بە بێدەنگی دادەنیشن و وەختێک پەردە هەڵدەدرێتەوە، لە وڵاتی ئەفسانەدا، لەگەڵ جوانی و هاوئاهەنگیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

لێرەدا ناوی پیاوێک دێ کە خەتی بەسەردا کێشراوە. دۆستێک بوو کە لە کۆمەڵگەدا پلە و پایەیەکی بەرزی بە دەست هێنابوو، بەڵام نەیتوانی بەختەوەر ببێ، بە پێچەوانەوە، کەوت، زەلیلانە، ناچار بوو سەری خۆی هەڵبگرێ. ژیان زۆر بێ ڕەحمە!

لێرەدا شتێکی تازە، کە هاتووەتە نێو ژیانی ژن و مێردەکەوە، دەبینرێ. بە دەستخەتێکی ژنانە و بە قەڵەمی ڕەش نووسراوە: "خاتوو". کام خاتوو؟— ئەها، ئەو ژنەی کە پاڵتۆیەکی گەورەی لەبەردایە و ڕوویەکی میهرەبان و بەسۆزی هەیە، ئەوەی کە بە هێمنی دێ و هەرگیز بە ساڵۆنەکەدا گوزەر ناکا، بگرە لە داڵانەکەوە بۆ ژووری نووستن دەچێ.

لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە: دوکتۆر ل.

بۆ ئەوەڵ جار ناوی خزمێک لێرە سەر دەردێنێ. نووسراوە: "دایە". ئەوە خەسووە کە ئارام ئارام خۆی دوور ڕاگرتووە تا ئەو دوو تازە بووک و زاوایە تووشی سەرئێشە نەکا، بەڵام ئێستا لە کات و ساتی تەنگانەدا هانای بۆ دەبرێ و ئەویش بە خۆشحاڵییەوە دێ، چونکە پێویستییان پێیەتی.

لێرەدا تێکەڵ و پێکەڵییەکی گەورە بە خەتی شین و سوور دەست پێ دەکا. دەفتەری بەڕێوەبەرایەتی: ژنە کرێکارەکە باری کردووە، یان کەسێکی تازە لەسەر کار دادەمەزرێ. دەرمانخانە. پەکوو! تاریکایی دادێ! کۆمپانیای شیرەمەنی. لێرە شیر سەفارش دەدرێ، بەبێ ئازارە باریکە.

داوودەرمانفرۆشی، قەسابی و هتد! کاروباری نێومال لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئیدارە دەکرێ؛ ئەو دەمەی کەیبانووی ماڵ لە شوێنی خۆیدا نییە. نا. چونکە ئەو لە جێدا کەوتووە.

نەیتوانی ئەوەی دوایی بخوێنێتەوە، چونکە چاوی کەوتنە ڕێچکە و پێچکە، وەک کەسێک کە خەریک بێ لە دەریادا بخنکێ و لەنێو ئاوی سوێردا تەماشا بکا. بەڵام لەوێ نووسرابوو: دەفتەری کفن و دفن.

مەسەلەکە وەک ڕۆژ ڕوونە! یەکێکی گەورە و یەکێکی بچووک، ڕوونە، تابووت. لە پەرانتێزیشدا نووسرابوو: لە خۆڵەمێش.

دوای ئەوە شتی زیاتر نەنووسرابوو! بە خۆڵەمێش تەواو بووبوو؛ هەر وایشە.

بەڵام ئەو کاغەزە ئاڵتوونییەکەی برد، ماچی کرد و خستییە گیرفانەکەی سەر سینگی.

لە ماوەی دوو دەقیقەدا بە دوو ساڵ لە ژیانی خۆیدا چووبووەوە.

وەختێک چووە دەرەوە، پشتچەماو نەبوو؛ بە پێچەوانەوە، سەری بەرز ڕاگرتبوو، وەک ئینسانێکی بەختەوەر و سەربەرز، چونکە هەستی دەکرد، هەرچۆن بێ خاوەنی جوانترین شتەکان بووە. چەنێک هەژار و فەقیر کە هەرگیز شتی ئاوایان نەبووە!

١٩١٦

سەرچاوە:

Ett Halvt Ark Papper, August Strindberg, sidan 6-7

چیرۆکی وەرگێڕاو

سەعدی یوسف

# سەرلەبەیانی شەموو .. ئێوارەی یەکشەم

لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری

لە ناوەڕاستی شاری مەغنیەی ڕۆئاوای جەزائیر، دەتوانی سێ ڕێگەی بەرفراوان بگریە بەر، ڕێگەی وەهران کە دەتباتەوە باشوور، یان ڕێگەی تەلمسان کە دەتباتەوە باکور، یاخۆ ڕێگەی ڕۆئاوا کە بە کەمتر لە بیست کیلۆمەتر دەتگەیەنێتە سنووری نێوان جەزائیر و مەغریب، پاشان دەگەیتە شاری وەجدەی مەغریبی، واتا بەجارێ تێکڕای ئەم ڕێگەیانەت بۆ والآ دەبێت کە دەتبەنەوە سەر هەموو پارزەوینەکان.

ناوەڕاستی شاری مەغنیە سادە و ساکارە: دووریانەکەی پاکە و هێماکانی هاتوچۆ تێیدا زۆر روون و ئاشکران، بەم دواییە قاوەخانەیەکی نوێ بە ئاهەنگێک کرایەوە کە هەواڵەکەی لە رادیۆی نیشتمانی بڵاو کرایەوە، تاکە هوتێلێکی لێیە بەناوی هوتێلی (مەرحەبا) و چەند خواردنگەیەکی مامناوەندی و بچووکی لێیە، هەروەها بەنزینخانە و شوێنی وەستانی تاکسیشی لێیە.

لە ناوەڕاستی شاردا پەرش و بڵاوییەکی بێ ڕێنوێنی دێتە پێش: گەڕەکی قەرەباڵغ، شوێنەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل، بازاڕی میللی کە مەڕومالاتی بۆ فرۆشتن تێدا دەسووڕێنەوە، هەروەها ئەو جووتیارانەی کە شێوەی مەغریبییان پێوە دیارە، بە خۆیان و کەلوپەلەکانیان و ئافرەتەکانیان کە نیمچە داپۆشراون، لەوێدا دێن و دەچن.

لێرە خواردنیش دەفرۆشرێ، جەرگی برژاو و پەتاتەی قاشکراوی لە شێوەی بازنەی بچووک بچووکی سوورکراوەی رەنگ زەعفەرانیی هەیە.

***

هەردووکـــیـــان دوای ئەوەی دەرگــە گــەورەکــەیان پاڵ دا، خــۆیان لـە بەردەم فـەرمـانبـەری پێشوازیی هـوتێلی (مـەرحـەبا)دا دیتـەوە، جانتـاکـانیان سووک بوو، یەکـێکیـان کـە لەوەی تر بچـووکـتـر بوو، نیگەرانیی بە هەردوو چاو و هەردوو دەستییەوە دیار بوو، بەڵام ئەوی تریان کە وا پێ دەچوو تەمەنی سی ساڵێک بێت، بەرەو لای فـەرمـانبـەری پێشـوازییـەکە چوو، پاسـەپۆرتەکەی خۆی دایە دەسـتی و دوو کـارتـی لێ وەرگـرت، بێ پشـتـبـەسـتن بە پاسـەپۆرتەکـەی، دەسـتـی کـرد بە پڕکردنەوەیان، کە تەواو بوو، دوو کارتی تریشـی وەرگرت و داوای لە برادەرەکەی کرد کە پاسەپۆرتەکەی خۆی بداتێ، ئەویان لە هەموو گیرفانەکانی گەڕا، پاشان بە نیـمـچـە شـپـرزەییـیـەوە جـانتـاکـەی کـردەوە، بە هەناسـەبڕکـێـوە کـە دەنگی هەناسەکانی دەبیسترا، جلەکانی دەرهێنا، ئینجا پاسـەپۆرتەکەی دەرهێنا، ئەوی تر پاســەپۆرتەکــەی لێ وەرگــرت و دەســتی کــرد بە پڕکــردنەوەی دوو کــارتــەکــە، ئەوەیان کە بە تەمـەن بچووکتـر بوو، ئیمزای لەسـەر کارتەکان کرد، فـەرمانبـەری پێشـوازییـەکە هەردوو پاسـەپۆرتەکە و هـەرچوار کارتەکەی لێ وەرگرتن، پاشـان گەورەکەیان کلیلی ژوورەکەی وەرگرت.

هـەمـوو ئەمـە رووی دا، فـەرمـانبـەری پێشـوازییـەکە جگە لە یەک پرسـیار، هیـچی تری لێ نەپرسین:

– چەند لێرە دەمێننەوە؟

– یەک شەو.. سەرلەبەیانی یەکشەم دەڕۆین.

***

لە باکـوری رۆئـاوای مـەغنیـە و لە دووریی چەنـد کـیلۆمـەترێکی کـەم، بەندەری بچووکی بۆرسـای و دەریای ناوەڕاست هەیە، بۆرسـای و بەنی ساف دوو مەڵبەندی گرینگی راوەماسین کە دەکەونە نێوان وەهران و شاری مەلیلیەی ئیسپانیـایی لە لێواری دەریای ناوەڕاست، بەڵام ئێستا کەشتیگەلەکانی راوەماسی نەماون، تەنیا ژمـارەیەکی کـەم بەلەمی کـۆن مـاون، ئەوانیش ناتوانن سـەرکـێشی بکـەن و بچنە قووڵاییی دەریاوە و پێویستییە خۆراکییە رووبارییەکانی دانیشتوانی شـارەکە پڕ بکەنـەوە کـە لەمـێـژە پێی راهـاتوون و شـەیدای بوونە، هـەروەها بە هۆی گـرانیی نرخی گۆشـتیش ناتوانن واز لە خۆراکەکانی ناو رووبار بێنن، بەڵام کاری نوێ بۆ دانیشـتوانی بۆرسای پەیدا بووە، ئەگەرچی بە ئەندازەی کارە کۆنەکەش زۆر نییە و وەکو ئەویش سەلامەت نییە، لەوانەش کاری قاچاغچێتی: قاچاغچێتیی کەلوپەل و مرۆڤ لە نێوان مەغریب و جەزائیر و سوودوەرگرتن لە جیاوازیی نرخی دراوی نێوان ئەو دوو خاکەی کە رۆژێک لە رۆژان هاوبەش بووە و کە هەڵبەتە یەک خـاک

بوون، تا ئێستاش جگە لە رووبارێک کە منداڵانیش دەتوانن بە مەلە لێی بپەڕنەوە، هیچ شتێکی تر ئەم دوو خاکە لەیەک جیا ناکاتەوە.

***

هەردوو پاسەپۆرتەکە مەغریبین.

زانینی ئەمە ئاسانە، تەنیا ئەوەندە بەسە کە چاوت بە بەرگە سەوزە کاڵە بریقەدارەکەی بکەوێ.

سەرلەبەیانی فەرمانبەری پێشوازییەکە لە هوتێلی مەرحەبا، پاسەپۆرتەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد و لەگەڵ یەکێک لە پیاوەکانی گومرگدا قسەی دەکرد.

– دوو ساڵیان بەسەردا تێ پەڕیوە بێ ئەوەی چووبنە مەغریب.

– ئاخۆ جەزائیریان جێ هێشتووە؟

فەرمانبەری پێشوازییەکە دەستی کردەوە بە هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی پاسەپۆرتی یەکەم:

– بن عومەر لە ساڵی (١٩٦٥)دا سەفەری هاڤانای کردووە. ئەمەش تاکە گەشتییەتی.

***

ئەو فڕۆکەیەی بن عومەر لە ناوی دادەنیشێ، پەنجەرەکەی تەمومژاوییە و داخراوە، فڕۆکەی تۆپۆلیڤە کە هەموو کات لە فڕۆکەخانەی پایەتەختی جەزائیر دەنیشێتەوە، لە گەشتە دوور و درێژەکەیدا لە مۆسکۆوە بۆ هاڤانا، کەشوهەوای ناو فڕۆکەکە زۆر گەرم نەبوو، بن عومەر هەستی بە سەرەگێژەیەکی کەم کرد، لاجانگی لە شووشەی پەنجەرەکە نزیک کردەوە، لەرینەوە خێرا و قووڵەکان وایان لێ کرد کە هەست بە گێژبوونی زیاتر بکات. لەسەر کورسییەکەیدا خۆی راست کردەوە، ئاوڕێکی پشتەوەی دایەوە، چاوەکانی داخستبوو، بەڵام دوا وێنەی لە زەیندا مابوو کە لەناو فڕۆکەکەدا بینیبووی، کچێکی گەنجی چاو گەورە کە پانتۆڵێکی فراوانی لە پێدا بوو، قژێکی درێژی رەشی زۆر نەرمی هەبوو.

ئێستا بەم ئێوارەیە لە دارولبەیزا کچە گەنجەکە دەبینێ، هەردوو چاوەکانی گەورە و کراوەن، بەڵام پرچە درێژە نەرمەکەی بە کڵاوێک داپۆشراوە کە بەشێکە لە پۆشاکەکەی.

کچە گەنجەکە قسەی لەگەڵدا دەکات، دەستی دەگرێت و بە یەکەوە بەرەو بەندەرەکە رێ دەکەن، هەرکە دەگەنە کەنارگەی کەشتییەکان، لادەدەن و لەسەر رۆیشتنەکەیان بەردەوام دەبن، لە قاوەخانەی (سەجلماسە) نزیک دەبنەوە، لەوێ

لێ ڕاهاتبوون، لە بەرامبەر ڕووبارەکە لە هۆڵێکی داخراو کە پەنجەرەکانی شووشەی ڕەنگاورەنگ بوو و بەدار نەخشێنرابوو دانیشتن.

کاتێ گەیشتە قاوەخانەکە، سەرنجی دوو پیاوی دا کە لە ڕیزەوە لابەلاکە دانیشتبوون، دەموچاوی یەکێک لە دوو پیاوەکە ناسراو بوو، بەڵام ئەوەی تر هورووژمی بۆ لای بن عومەر هێنا، کچە گەنجەکە یەک جار بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد، پاشان لە بازنەی مەمەڕە لابەلاکە لەگەڵ جووڵەی پیاوەکەی یەکەم لە چاوەکانی بن عومەر بزر بوو.

بن عومەر زۆرجار توانیویەتی رزگار بێت، وەکو چۆن ئەمجارەش رزگار بوو، بەڵام ئەم ئێوارەیە زۆر خەمبار بوو، شاژنەکەی لەگەڵدا نەبوو، هەتا ئەگەر پاشان گەڕایەوە ماڵەکەی خۆشی لە دارولبەیزا، دوای ڕۆژێک و تەنانەت دوای ساڵێکیش شاژنەکەی لە رووی نەدەهات سەیری چاوەکانی بکات.

گەلێ شار هەن کە بن عومەر لە نێوانیاندا هاتوچۆی کردووە، بەڵام ئەو دوو شارەی لە بیرەوەریی ئەودا ماونەتەوە: (دارولبەیزا) و (فاس)ن.

لە فاس خانوویێکی قەراغ ئەندەلووسییەکان ماڵی ئەو بوو، هاوشێوەی شوێنی نیشتەجێی قوتابییە لادێیییەکانی زانکۆ، ژوورێکی بچووکی یەک پەنجەرەیی بوو، بەسەر گەڕەکێک لەو گەڕەکانەی دەڕوانی کە درێژ دەبنەوە و دەچەمێنەوە و بەرز دەبنەوە و نزم دەبنەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگەڕێننەوە خاڵی یەکەمی بەر لە گەڕان و سووڕان بەناو شارەکەدا.

لەم ژوورە بچووکەدا، (بن بەرەکە) دوو شەو مایەوە، بەر لە نیوەشەو دەهاتە ئەوێ، جلێکی کڵاوداری زبری لەبەردا بوو، لەگەڵ دوو گەنج دەهات و کاتێ گەنجەکان دەیانگەیاندە بەردەرگەکە جێیان دەهێشت، (بن بەرەکە) هەم سەنگین و هەم شەکەت دیار بوو، لە یەک کاتدا بڕوای بەخۆ و ڕاڕاش بوو.

لە شەوی دووەمدا بن عومەر ڕێگەی بەخۆی دا پرسیارێک لە بن بەرەکە بکات:

– لە کێ فێر بین؟

بن بەرەکە وەڵامی دایەوە: لە خۆمان و لە کوبا.

گەرمایی ناو ئەو فڕۆکە تۆپۆلیڤەی بەرەو هاڤانا دەڕۆیشت، بەرز دەبووەوە، بن عومەر چاوەکانی کردەوە و دەرچەی هەواگۆڕینەکەی بەرەو لای خۆی ئاراستە کرد، بێ سوود بوو. جارێکی تر چاوەکانی دادەخاتەوە، دەگەڕێتەوە گەڕەکە درێژ و بازنەیی و هەڵکشاو و داکشاوەکانی فاس. دەگاتە کەناری ئەندەلووسییەکان و پاشان دەچێتەوە ناو ژوورە بچووکەکەی.

- له كێ فێر دەبین؟

- له خۆمان و له كوبا.

***

فەرمانبەری پێشوازییەكەی هوتێلی مەرحەبا، پاسەپۆرتی دووەمی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەكرد:

- عەبدولكەریم له ساڵی ١٩٦٦ له ڕێگەی بەندەری (وەهران)ەوە سەفەری (مرسیلیا)ی كردووە.

***

كەشتیی سەرنشینانی (قەیرەوان)، كۆنترین كەشتییە لەوانەی له ناوەڕاستی ئەم هێڵە كاریان دەكرد: وەهران - ئەلیكانت - بەرشلۆنە - مرسیلیا و بەپێچەوانەوە، كەشتیی قەیرەوان مواسەفاتەكانیشی كۆنە، سەرنشینانی پلە یەك، بە تەواوی له سەرنشینانی پلە دوو جیا كراونەتەوە، سەرنشینانی پلە سێش هیچ ڕێگەیەكیان نییە بۆ گەیشتن بە دوو پلەكەی تر.

عەبدولكەریم لەسەر كورسییەكی درێژی بە قوماش راكشاوە كە رووەكەی بە موشەممای ئەستوور داپۆشراوە. ئەمە یەكەم گەشتییەتی لەوەتەی مەغریبی جێ هێشتووە بە مەبەستی خوێندنی زانكۆ له زانكۆی وەهران، ئەو كاتەی له یانەكەی ئەوێ لەگەڵ قوتابییەكی مەغریبی چاوی بە بن عومەر كەوت، ئەو كات عەبدولكەریم وای هەست كرد ئەو پیاوەی خۆش دەوێت هەرچەندە یەكەمین جاریش بوو دەیبینی، هۆكاری خۆشویستنەكەشی قسە توندەكانی بن عومەر بوو لەبارەی پرسەكانی مەغریب و زانیارییە سەرسوڕهێنەرەكانییەوە لەبارەی شارەكان و خەڵكەكەی ئەوێوە.

هەڵكردنە توندەكەی با و شەپۆل، پرووشكەی چڕیان بەرەو لای سەرنشینە پلە سێیەكان دەهێنا. بەجۆرێك هەندێ له گەشتیارەكان ناچار بوون شوێنەكانیان جێ بێڵن و پەنا بەرنە بەر ناوەڕاستی هۆڵەكە. كەچی كرێكارانی قەیرەوان دەستیان كرد بە دابەشكردنی بەتانی بەسەر گەشتیارەكاندا، زەوییە دارینەكە بە جۆرێك شێدار بووبوو كە خەریك بوو ئاو لەسەری تكەی دەكرد.

عەبدولكەریم بێ ئەوەی چاوەڕێ بكات، خزییە ناو گەرمایی بەتانییەكە، ماندوو بوو، دوێنێ درەنگ نووستبوو، بەیانیش زوو بە ئاگا هاتبووەوە، بۆ ئەوەی پێداویستییەكانی سەفەری كۆ كاتەوە و بگاتە سەكۆی بەندەرەكە، كەشتیی (قەیرەوان) سەعات دەی بەیانی بەڕێ دەكەوت، بۆیە دەبووایە ئەو سەعات نۆ لەوێ

بێت، تاکو ڕێوشوێنەکانی گەشتکردن ئەنجام بدات.

بن عومەر پێی گوتم: کاتێ گەیشتییە مرسیلیا بڕۆ مەیخانەی ڕۆیال، یەکەم مەیخانەیە کە پیادە دەیگاتێ لە چوارڕیانی یەکەم، ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی دەزگای بەندەرەکە جێ دێڵیت، بە دوای (سیدی ئەحمەد)دا بگەڕێ، پێی بڵێ بن عومەر منی ناردووە، سیدی ئەحمەد گەشتەکەت بۆ ڕێک دەخات بە شەمەندەفەر لە مرسیلیاوە بۆ ئەڵمانیا، پێشت دەڵێت کە لە ئەڵمانیا پێوەندی بە کێوە بکەیت؟ لەوێ هەموو شتێک دەزانیت.

ڕووخساری عەبدولکەریم لە دەرەوەی بەتانییە تۆخەکەدا، لە ڕووخساری منداڵێکی ماندوو دەچوو کە یارییەکی زۆری کردبێت، بەشێک لە پەرچەمی بەسەر نێوچەوانیدا هاتبووە خوارەوە کە خەریکبوو یەکێک لە چاوە نیوەکراوەکانی دادەپۆشی.

بایەکە بە توندی زیادی دەکرد و قەیرەوانیش لە گەشتێکی تردا بە شەکەتی و ماندووییەوە تەکانی دەدا، ئامێرە کۆنەکانی وردە وردە زیاتر دەخوران، وردە وردە بە دەریای ناوەڕاستدا بەرەو (ئەلیکانت) دەڕۆیشت، پاشان (بەرشلۆنە) و پاشان (مرسیلیا) و ئینجا (مەیخانەی ڕۆیال)، دواتر (سیدی ئەحمەد)، ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە بەردەم ئەم منداڵە خەوتووە ماندووەدا بوو.

***

لە هوتێلی مەرحەبا، پیاوەکەی گومرگ پرسی:

- بن عومەر چەند لە هاڤانا ماوەتەوە؟

فەرمانبەری پێشوازییەکەش لاپەڕەیەکی لە پاسەپۆرتی یەکەم کردەوە و بە هێواشی گوتی:

- کەمتر لە ساڵێک.. لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٥ تا مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٦.

پیاوەکەی گومرگ پرسی:

- ئەی ئەوەی دووەمیان گەشتەکەی چەندی خایاندووە؟

- زیاتر لە ساڵێک.

- ئاخۆ تەنیا لە فرەنسا ماوەتەوە؟

فەرمانبەری پێشوازییەکە لە چەند لاپەڕەیەکی پاسەپۆرتی دووەم ورد بووەوە و گوتی:

- ماوەیەک لە ئەڵمانیای رۆژئاوا و یوگسلافیا ماوەتەوە.

- چ کارەن؟

- قوتابین.

چایە مەیلەو سەوزەکە، سەوزتر لە رەنگی راستەقینەی خۆی دەینواند، ئەویش بەهۆی ئەو گەڵا نەعناعە زۆرەی نیوەی سەرەوەی پیاڵە بچووکەکەی داگرتبوو، پیاوەکەی گومرگ قومێکی توندی لە چایەکە دا و پیاڵەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە، لەو نووسینگەی پێشوازییەی کە هاوشێوەی ناڵێکی فراوانی ئەسپ بوو. گوتی:

- ئەو مەغریبییانە سەری خۆیان لەناو دەبەن.

فەرمانبەری پێشوازییەکە پرسی:

- پێت وایە کارەکە ئاسانە؟

پیاوەکەی گومرگ تەماشای پاکەتە جگەرە گولوازە شینە چوارگۆشەکەی سەر مێزەکەی کرد، دانەیەکی لێ دەرهێنا و دای نەگیرساند، لە پەنجەکانی خۆیدا هێشتییەوە، جێ نینۆکی یەکێک لە پەنجەکانی شێوابوو:

- گەل تەواوی دەکات.

فەرمانبەری پێشوازییەکە، لەو کاتەی هەردوو پاسەپۆرتەکەی سەفت کرد و لای کلیلەکانی دانا گوتی:

ئەوانە لە دەرەوەی وڵاتن.

- کێشە نییە.

- لە دەرەوەی وڵات دەتوانن چی بکەن؟

- لێژنەی نهێنی لە کاتی شۆڕشدا لە کوێ بوو؟

- لە سویسرا.

پیاوەکەی گومرگ جگەرە گولوازەکەی داگیرساند و تۆزێک راستبووەوە، چێژی لەو دووکەڵە توندە وەردەگرت کە لە دەمی دەهاتە دەرەوە و وردە وردە هۆڵە بچووکەکەی دەتەنییەوە.

***

(ئیحفیر. بەرکان. نازور) سێ وێستگە بوون لە نێوان (وەجدە)ی مەغریبی و (مەلیلیە)ی ئیسپانیایی، بە هێڵێکی ستوونی بەرەو دەریا دەڕۆیشتن، سەرەتا

دەشــتێکیـان دەبڕی، ئینجا ناوچـەیەکی گـردەڵانی شـەپۆلئـامـێز، پێش ئەوەی بە خێرایی بەرەو دەشتێکی درێژی باریک لەسەر لێوارەکە خوار بێتەوە.

ئەو هێڵـە ستوونیـیەی کە درێژییـەکەی نزیکەی سـەد کیلۆمـەترێک دەبێت، لە رۆهەڵاتییەوە بە پارچەیەکی تەنگەبەر گیراوە کە هاوتەریبی هێڵە سنوورییە نیمچە راسـتەکەی نێوان مـەغریب و جەزائیرە. ئەم کـەرتە تەنگەبەرەی کۆمـەڵە گوندێکی گـەورەی کشـتوکاڵی دەگرێتە خۆ، زۆربەی دانیشـتوانەکەی بنەماڵەی مـەغریبی و جــەزائیــرین و چەند کــەســێکی یەک بنەمــاڵەش لەلایەکــەی تری سـنوورەکــە نیشتەجێن.

دەسـەڵاتدارەکانی سنووری نێوان هـەردوو وڵات، هیـچیـان لە دەست نایەت جگە لەوەی ئاسانکاری بۆ هـەردوولایان بکەن لە گواستنەوەی کەسـەکان و کەلوپەلەکان، وەکـو زۆر دەسـەڵاتی تری سـنووریی ناوچەکـانی تـری جـیـهـانـی هـاوشـێـوەی ئەم ناوچەیە وایە، بەڵام هـەندێ جار ئەم ئاسانکارییـە نامێنێ، ئەویش ئەو کـاتانەی کە پشــێــوی دروست دەبێ، یـان رووداوێکی دیـاریکراو روو دەدات، زۆربـەی جــاریش ئەمە لەلایەنی مەغریبییەوە دەبێت. بەڵام توندکارییەکان هیچ کاتێک نەگەیشتووەتە ئاستی تەقاندنی گوللە.

نزیکترین وێسـتگە لەم سێ وێسـتگەیە، لە شـاری مـەلیلیـەی ئیـسـپـانیـاییدا کە هـاتووچۆ بۆی بـە ناسنامـەیە و هـەندێک جاریش بێ نـاسنامـەیە. شـاری نازورە کە دەکـەوێتـە نیـمـچـە دوورگـەیەکـەوە، نازور کـە هـەندێ هوتێل و فـرۆکـەخـانـەیەکی بچـووکی بـە درەخت دەورەدراوی لێـیـە، لەگـەڵ مـەڵبـەندێکی سـەربـازی کـە چەند سـەربازگــەیەکی لە بەردی چیـا دروسـتکراوی تێـدایە، هەندێ ئاســانکـاریی خاکەڕایانە بۆ بەلەمە راوکەرەکانی مەغریب و ئەو بەلەمە ئیسپانییانەش دەکەن کە جاروبار و لە کاتی باوبۆران و حاڵەتە ناکاوەکان پەنا دەبەنە بەر کەنداو، بە رووی مەغریبی دادەنرێن لە بەرامبەر ناوچە ئیسپانیاییە هاوسنوورەکە.

رێگەی بۆرسای بۆ نازور بەو ئاسـانییە نییە کە مرۆڤ پێشبینیی دەکات، کاتێ مـرۆڤ لە رووبـاری جیاکـەرەوەی نـێوان بۆرسـای و خـاکی مـەغریبی دەپـەڕێتـەوە. دەبێ بەلای باشووردا لاربێتەوە و بەو شێوەیە رێ بگرێ و کۆمەڵێ گوند و کێڵگە و گردۆڵکەی شەپۆڵاوی ببڕێت. بۆ ئەوەی بگاتە ئیحفیر یان بەرکان. لەم دوو شـارە بچـــووکــەش دووبارە بە پاس یان بـە تاکــسـی گــەشت بەرەو باکــور دەست پێ دەکاتەوە، تا دەگاتە نازور.

گـەشـتکردن بەرەو نازور بە ئیـحـفیـر و بەرکـاندا زۆر لەسـەرخۆیە، ئەو هێڵـە

ستوونییەی کە درێژییەکەی نزیکەی سەد کیلۆمەترێک دەبێ و لە نێوان وەجدە و مەلیلیەیە، بە ناوچەی قاچاخچێتی و ناوچەیەکی گومرگیی هاوبەش دادەنرێت، مەفرەزەی جۆرەوجۆر لەوێدا چالاکن: مەفرەزەکانی گومرگ، مەفرەزەی پۆلیسەکانی پیادە، مەفرەزەی ئەو پۆلیسانەی بە ماتۆرسکیل هاتوچۆ دەکەن، مەفرەزەی ئەو ئاسایشانەی بە جلی مەدەنیی جۆرەوجۆرن.

ئەم مەفرەزە جۆرەوجۆرانە تەنیا بۆ قاچاخچییەکان لەوێ نین. کۆچبەرە مەغریبییەکانی ئەورووپا و (بەربەر)ەکانی باکور و تۆمەتبارە سیاسییەکان و ئەوانەی مەیلی کۆمارییشیان هەیە لە شاری وەجدە، هۆکاری هەبوونی ئەم مەفرەزانەن.

***

نزیکەی سەعات چواری عەسری رۆژی یەکشەم، دوو مەغریبییەکە گەڕانەوە تا لە هوتێلی مەرحەبا ڕووبەڕووی فەرمانبەری پێشوازییەکە ببنەوە.

پیاوەکەی گومرگی جەزائیری هێشتا لە هۆڵە تاریکەکە دانیشتبوو.

دوو مەغریبییەکە هەردوو جانتاکانیان لەلای دیواری خوارەوەی نووسینگەکە دانا، فەرمانبەری پێشوازییەکە دەستپێشخەریی کرد و لێی پرسین:

– سەفەرتان نەکرد؟

بن عومەر گوتی: نەمانتوانی.

پیاوەکەی گومرگ لەسەر کورسییە لە حەیزەران دروستکراوەکەی هەڵسایەوە، دوو هەنگاوی بەرەو مێزی نووسینگەکە نا و دەستێکی لەسەر دانا، رووی لە عەبدولکەریم کرد و پێی گوت:

– ئێوە لە بۆرسای بوون؟

عەبدولکەریم وەک پرسیارکردنێک رووی لە برادەرەکەی کرد.

بن عومەر وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ نەمانتوانی سنوور ببەزێنین.

پیاوەکەی گومرگ گوتی:

– ئاخۆ ئەمە بە هۆی جەزائیرییەکانەوە بوو؟

– بەڵێ...

پیاوەکەی گومرگ پرسی:

– پێت وایە کارەکە پێوەندیی بە پەیماننامەی (ئەفران)*ەوە هەبێت؟

بن عومەر ساتێک بیری کردەوە، ئینجا وەڵامی دایەوە:

– نازانم ئەگەر دزی و نهێنیی پێوەست بەو پەیماننامەیە هەبێت کە پێوەندیی بە پەنابەرە سیاسییەکانەوە هەیە.

پیاوەکەی گومرگ گوتی:

– تۆ پەیماننامەکانی (ئیفیان)**ت دێتەوە یاد؟

مەغریبییەکە وەڵامی نەدایەوە، تەنیا بە هێمای بەڵێ سەری بۆ لەقاند.

بێدەنگییەکی شپرزەئامێز هۆڵە بچووکەکەی داگرت، دوو مەغریبییەکە و پیاوەکەی گومرگ لە بەرامبەر نووسینگەکە وەستابوون، دیار بوو نەیاندەتوانی هیچ شتێک بکەن، فەرمانبەری پێشوازییەکەش هێشتا لە شوێنی خۆی دانیشتبوو کە لە بەرامبەر نووسینگەکە وەکو نیوەپەیکەری سەربازێکی گەنجی جەزائیری لە ناوچەی رۆئاوا دەهاتە پێش چاو.

لە کۆتاییدا فەرمانبەری پێشوازییەکە سینگی خۆی بەرەو لای مێزە جیاکەرەوەکەی نووسینگەکە وەرسوڕاند و گوتی:

– بۆ بە بەڵگەنامەی سەفەری پەنابەرە سیاسییەکان گەشت ناکەن؟

بن عومەر وەڵامی دایەوە:

– چونکە ئێمە دەمانەوێ لە مەغریب بمێنینەوە.

– ئاخۆ ناتوانن بەهۆیەوە گەشت بۆ میلیلیە بکەن و دواتریش لەوێ بە نهێنی بچنە ناو مەغریب؟

– ئیسپانیاییەکان رادەستمان دەکەنەوە.

سەرلەنوێ بێدەنگییە شپرزەئامێزەکە هۆڵە بچووکەکەی داگرتەوە، بەڵام لە ناکاو بێدەنگییەکە نەما کاتێ پیاوەکەی گومرگ دەستی بە قسە کرد.

– من بەرەو بۆرسای هاوەڵیتان دەکەم.

---

* پەیماننامەی ئەفران: پەیماننامەیەک بوو لە نێوان جەزائیر و مەغریب.

** پەیماننامەکانی ئیفیان: پەیماننامەی سەربەخۆیی بوون لە نێوان شۆڕشی جەزائیر و فرەنسا.

بەغدا – ١٩٧٢/١٢/١١

سەرچاوە: – ماڵپەڕی تایبەتی سەعدی یوسف لە ئینتەرنێت.

شانۆنامە

ئۆمەر هانسن

# كۆمەڵگە

لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان
(مەشخەڵ)



## له بارەی ئۆمەر هانسن

شانۆنامەنووس و گۆرانینووس و نووسەر و ئەکتەر ئۆمەر هانسن وانەی دراما لە کۆلیجی سەڵت لەیک کۆمینیتی دەڵێتەوە. ئێستاش بە وەرگێڕانی شانۆگەرییەکانی فرانز گریلپارزەرەوە خەریکە. شانۆگەریی کۆمەڵگە لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر شانۆ لە وۆرکشۆپی پرۆگرامی گەشەپێدانی شانۆنامەنووسان خوێنرایەوە کە لەلایەن کۆمەڵەی شانۆ لە خوێندنی باڵا لە شاری سیاتڵ ڕێک خرا. لە کۆتاییی ئەو ساڵەش خەڵاتی پریمیەر پرۆداکشنی کارە شانۆییەکانی ڕۆئاوای شاری سەڵت لەیکی وەرگرت.

ج. هۆمەر هانسن حەوت شانۆگەری نووسیوە لەگەڵ چەندان ڕۆمان و چیرۆک و شیعر بۆ منداڵان و مێردمنداڵان.

## شانۆگەریی کۆمەڵگە

ڕووداوەکە لە ژوورێکدا ڕوو دەدات

کارەکتەرەکان: بایرۆن، کیتس

شوێنکات: ژوورێکە مێزێک و دوو ئەسکەمیلی تێدایە. دەرگەیەک هەیە- داخراوە _ و پەنجەرەی تێدا نییە.

(دوو پیاو لەناو ژوورەکەن. یەکێکیان لەسەر مێزەکە خەوتووە و ئەوی تریشیان دانیشتووە و تەماشای دەکات. دوای پیاکێشانی کیتس بە مێزەکەدا و بایرۆن بەخەبەر دێت. دەست پێ دەکەن)

بایرۆن: زۆر چاکە.

کیتس: بەڵێ زۆر چاکە. هاوڕام (کۆکم) لەگەڵتا.

بایرۆن: ئەوە ماوەیەکی زۆری برد.

کیتس: ماوەیەکی زۆری برد. وا بوو بەساڵێکی تەواو.

بایرۆن: من پەرێشان بووم.

کیتس: دەبێت دەست پێ بکەین.

بایرۆن: بێگومان، ڕاست دەکەی. (هەردوو پیاوەکە دەچنە پشت مێزەکەوە. بایرۆن بەپێوە ئەوەستێت.) بابزانرێت کە کۆمەڵگەی شاعیرانی جیهان و گەردوون ئێستا بە فەرمانی شیعرییەوە دێن.

کیتس: جوان بۆی چووی.

بایرۆن: سوپاس. پێویستە حەز بکەین گوێبیستی خوێندنەوەی یادنامەکە بین. (بایرۆن دادەنیشێ و کیتس هەڵدەستێتە سەرپێ پارچە کاغەزێکی بەدەستەوەیە)

کیتس: من ئێستا یادنامەکەی دووایین کۆبوونەوە دەخوێنمەوە. خوێندنەوەی یادنامە، کردنەوەی تێبینییەکان، خوێندنەوەی شیعر. گفتوگۆی زیندوو، بەبێ کوشتارگا، ئابوونە کۆکردنەوە، داخستنی تێبینییەکان(کیتس دادەنیشێت)

بایرۆن: سوپاس. بەڕێزینە ئێستا ئێمە تێبینییە کراوەکانمان هەیە، وڵاتی هونەرەکان لە هەموو کاتێک لاوازترە. شانۆ بۆ چەندین ساڵ دەچێت مردووە. هونەری شێوەکاری لە گۆڕاندایە. مۆسیقا میلۆدییانە دەمێنێتەوە لەبەرئەوە دوودڵ و بێبایەخە. (نابەجێیە). سینەماش هەرگیز شێوازێکی هونەر نەبووە، ڕۆمانیش بووەتە کرێی جەماوەر و کورتەچیرۆکیش هەموو ساڵێک درێژتر دەبێتەوە. ئەوە شیعرە و بەتەنیا هەر شیعرە وەک هونەرێکی شایستە بە ژیان دەمێنێتەوە. پرسیار دەکەی بۆچی؟ بەوپەڕی سادەییەوە بەم جۆرەی دابنێ: ئێمە لە تۆڕی بۆگەنی مانا و لە بۆگەنی چاڵی هۆکار هەڵاتووین. ئێمە هونەرین و هونەریش ئێمەیە. ئێمە شیعرین و ئەوەش ڕووناکی شیعرە لە ناخمانەوە. (کیتس دەست بەچپڵەلێدان دەکات. بایرۆن بە تووڕەییەوە تەماشای کیتس دەکات.) ئێمە ملکەچی فەرمانەکانی دەرەوە نین، فەرمان ئاژاوەیە و ئاژاوەش فەرمانە. لێرە لەم شوێنە و بەتەنیا ئەم شوێنە لەوانەیە بیرکردنەوە هەبێت و گەشە بکات (بایرۆن دادەنیشێت و کیتس بە قایمی چەپڵە لێ دەدات)

کیتس: ئازیزم.

بایرۆن: سوپاس.

کیتس: ئەوە جوان بوو.

بایرۆن: تۆ زۆر میهرەبانیت.

کیتس: پێم وابێت دەبێت بگریم.

بایرۆن: نا مەگریێ.

کیتس: شاعیرانە بوو.

بایرۆن: بەڵێ.

کیتس: ڕاپۆرتەکە لە سکرتێرەوە بوو؟

بایرۆن: دەستگیرۆیی وەستێنرا. دەسەڵات یارمەتیدانی ڕەت کردووەتەوە.

کیتس: مەرگ بۆ ستەمکار، دەسەڵات بۆ دەبەنگەکان.

بایرۆن: هێمن بەرەوە.

کیتس: تۆ ڕاست دەکەیت...

بایرۆن: من دووەمم، کێ دەست پێ بکات؟

کیتس: من دەست پێ بکەم؟

بایرۆن: بەهەموو مانایەکەوە.

کیتس: (کیتس هەڵدەستێتە سەرپێ. وچانێک) شێلان"... سمی ئەسپ... دەموچاوێکی تەخت. (دادەنیشێت. بایرۆن دادەنیشێت و بەترسەوە لێی دەڕوانێت)

بایرۆن: چ کورت و پڕ مانایە... دەمبینی... ئەسپەکە... سمەکە... دەموچاوەکە... ئەوە شاکارە. ئەوەی مانا بێ نەیبوو.

کیتس: تۆ زۆر میهرەبانیت.

بایرۆن: بەڕاست؟

بایرۆن: ئۆ بەڵێ، تکایە. ئێمە لە سەروبەندی دەستپێکردنێکی باشداین.

بایرۆن: (هەڵدەستێتە سەرپێ و چاویلکەی خوێندنەوە لە چاو دەکات) چوون بۆ پارک و سەرما بوون لە شەوانی زستانا لە مانهاتان، وەختێ وام زانی پێم خۆشە بەڵام هیچ نەبوو.

کیتس: ئەوە ناوونیشانەکەیە؟

بایرۆن: (واقی وڕماوە) بەڵێ.

کیتس: ئۆی، بەڵام من پێم خۆشە. حەزم پێی هەیە. زۆر شاعیرانەیە.

بایرۆن: ئۆی، لەو بڕوایەدایت؟

کیتس: ئۆی، بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

بایرۆن: سەرمابردنێکی خۆڵەمێشی ڕەش... پەنچەکان... ژانێکی ئەرخەوانی... تۆ، لێوێکی ڕەشی مەیلەو قاوەیی. (نامەیەکی بچکۆلانە لەژێر دەرگەکەوە دەخرێتە ئەمدیوەوە. کیتس دەیبینێت)

کیتس: ئەوەت بینی؟

بایرۆن: چی؟

کیتس: ئەوەی لای دەرگەکە.

بایرۆن: من تەواو نەبوومە.

کیتس: کەسێک نامەیەکی لەژێر دەرگەکەوە فڕێی دایە ئەمدیوەوە.

بایرۆن: بەڵام من تەواو نەبوومە.

کیتس: کەسێک فڕێی دایە...

بایرۆن: ئەمە دادپەروەری نییە.

کیتس: من...

بايرۆن: تۆش دەبێت ئەوەی خۆت بخوێنیتەوە.

کیتس: بەڵام کەسێک نامەیەکی لەژێر دەرگەکەوە فرێ دایە ژوورەوە. (ئەمە بۆ یەکەمین جارە بۆ بایرۆن دێت. هاوار دەکات) تەماشای بکەین بزانین چییە؟

بايرۆن: مەبەستت ئەوەیە لەودیوی دەرگەکەوە فڕێ درایە ژوورەوە.

کیتس: بەڵێ. نازانم دەبێ مانای چی بێت.

بايرۆن: (ترساوە) باشە لەوانەیە یەکێکمان تەماشای بکات بزانێت ئەوە چییە.

کیتس: من قایلم.

بايرۆن: (نایەوێت) دەتەوێت بزانم چییە؟

کیتس: قەیناکە خۆم دەیکەم.

بايرۆن: باشە.(کیتس بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات و نامەکە هەڵدەگرێت. بەڕوانینێکی نیگەرانییەوە تەماشای دەرگەکە دەکات و دەگەڕێتەوە لای بایرۆن)

کیتس: دەشێت هاوار بکەین بزانین کێ ئەو نامەیەی خستووەتە ژێر ... .

بايرۆن: نا نا هاوار مەکە! لەوانەیە تێکدەرێکی کۆمەڵگە بێت.(کیتس بازێک لە دەرگەکە دوور دەکەوێتەوە) ئەوە چییە؟

کیتس: (نامەکە هەڵدەپچڕێت) بۆچی... ئەوە شیعرە. ئەوە شیعرە. دەتەوێت بۆتی بخوێنمەوە؟

بايرۆن: نا نا ئەوە هی دەرەوەیە. وا بزانم باشترە هەر لەژێر دەرگەکەوە بیخەینەوە...

کیتس: ئەمە جێگەی سەرنجە.

بايرۆن: نەتخوێندەوە وا نییە؟

کیتس: خوێندمەوە. دەشمەوێت بۆ کۆمەڵگەی بخوێنمەوە.

بايرۆن: من دژی ئەوەم.

کیتس: پێویستە ئازایەتی لەخۆمان نیشان بدەین.

بايرۆن: زۆر چاکە. ئەوە لەسەر تۆیە (بایرۆن دەچێتە لای ئەسکەمیلەکەی و دادەنیشێت. کیتس دەچێتە لای ئەسکەمیلەکەی و بەپێوە دەوەستێت و دەست دەکات بەخوێندنەوە)

کیتس: بەزۆری دەوەستێتە سەر ... چی دەنووسم و... چۆن بیر دەکەنەوە. بەڵام هەرگیز ئەم دووانە ناگەن بەیەک. (وچانێکی درێژ)

بايرۆن: ئەوە بۆنی مانای لێ دێت.

کیتس: چی؟

بايرۆن: دەیڵێمەوە. ئەوە بۆنی مانای لێ دێت.

کیتس: پێم وابێت ڕاست دەکەیت. ئەی چی بکەین؟

بایرۆن: بیخەرەوە شوێن خۆی.

کیتس: ژێر دەرگەکە؟

بایرۆن: بەڵێ، بەڵێ.

کیتس: ئێستا؟

بایرۆن: چەند زووتر بێت باشترە. (کیتس دەچێتە لای دەرگەکە و دادەچەمێتەوە و وەختە نامەکە بخاتە ژێر دەرگاکە و دەوەستێت)

کیتس: بۆ پێت وایە ئەو نامەیەیان بۆ ناردین؟

بایرۆن: تا گەندەڵمان بکەن. دەیانەوێت گەندەڵمان بکەن. بیخەرەوە ژێر دەرگەکە.

کیتس: بەڵام... دەرگاکە... قەت پێشتر ڕووی نەداوە. کەسێک لەودیوەوە هەیە.

بایرۆن: گەندەڵی لەودیوەوەیە.

کیتس: بەڕاستیتە؟

بایرۆن: ئەگەر نایخەیتەوە ژێر دەرگەکە بەلایەنی کەمەوە لەسەر ئەرزەکە دایبنێ و شیعری زیاتر بخوێنەوە... وەرە... بخوێنەوە.

کیتس: لەوانەیە ڕاست بکەیت.

بایرۆن: شیعرێکی تری خۆت بخوێنەوە.

کیتس: بەڵام تۆ شیعرەکەی خۆت تەواو نەکرد.

بایرۆن: قەیناکە. بیخوێنەوە.(کیتس بۆ ماوەی خولەکێک تەماشای مێزەکە دەکات و پاشان ڕادەوەستێت و بۆ خوێندنەوەی شیعرێکی تر. تەماشای نامەکە دەکات لای دەرگەکەوە) تەماشای مەکە! (کیتس ڕوو وەردەگێڕێت و تەماشای شیعرەکەی دەکات)

کیتس: شەوەکە ... تاریکییەکی فێنک... زۆر یان کەم... ئەوە...

بایرۆن: ئەوە کێشدارە.

کیتس: نا وا نییە.

بایرۆن: بەڵی وایە. تۆ شیعری کێشدارت خوێندەوە.

کیتس: نەخێر شیعری کێشدارم نەخوێندەوە.!

بایرۆن: دەزانم خوێندنەوەی شیعری کێشدار کە بەرگوێم دەکەوێت. ئەوە کێشدار بوو.

کیتس: بەهەرحاڵ.. لەوانەیە وا بێت. هەندێک جار حەزم لە شیعری کێشدارە.

بایرۆن: چی؟

کیتس: حەزم لە شیعری کێشدارە.

بایرۆن: باوەڕ ناکەم. گەندەڵی دەستی پێ کرد. ئەو نامەیە! وێرانمان دەکات. دەبێت لەناوی بەرم. (بایرۆن بەرەو لای نامەکە دەچێت بەڵام کیتس پێشی پێ دەگریت و ناهێڵێت دەستی بگاتە نامەکە) من پێت دەڵێم لێ گەڕێ با لەناوی بدەم.

کیتس: بوەستە! بوەستە! تۆ زۆر عەبەس بوویتە!

بایرۆن: سوپاس.

کیتس: مەبەستم ستایشکردنت نەبوو.

بایرۆن: ئەی چیی تر بم؟

کیتس: من لەم دەرگەیەوە دەڕۆمە دەرەوە.

بایرۆن: (بایرۆن لە ترسا هاواری لێ هەڵدەستێت) نەخێر.

کیتس: پێم وایە دەبێت بڕۆم.

بایرۆن: تۆ تێ ناگەیت... تۆ گەنجی... لە دەرەوە گەندەڵی هەیە... لە دەرەوە مانا هەیە.

کیتس: تۆ چۆن دەزانیت؟

بایرۆن: ناتوانم پێت بڵێم!

کیتس: (بەرەو لای بایرۆن دەڕوات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە) دەمەوێت بزانم!

بایرۆن: (بەدەم هەنسکدانەوە بەچۆکدا دەکەوێت) ناتوانم! ناچارم مەکە. تکایە ناچارم مەکە.

کیتس: (یەخەی کراسەکەی بایرۆن دەگرێت) پێم بڵێ!

بایرۆن: (بەهێواشی) ... دەزانم... لەبەرئەوەی لەو دەرگەیەوە چوومەتە ئەودیو! بەڵام بەختم هەبوو. گەندەڵیم بینی. مانام بینی و زانیم لەناوم دەبات. چۆن ژوورەکەم جارێکی تر دۆزییەوە. نازانم. بەڵام تۆ نابێت ئەوە تاقی بکەیتەوە. تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە ژوورەکە. هەندێک وێڵ بوون. کۆمەڵگە لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوان ناگەڕێنەوە. تکایە گوێم لێ بگرە.

کیتس: بەڵام مەبەستت چی بوو؟ ئەو دووانە هەرگیز بەیەک ناگەن.

بایرۆن: نابینی چیت بەسەر هاتووە؟ تۆ پرسیارت کرد مانای چییە. گوێت لە خۆت نییە چیت گوت؟

کیتس: من وام گوت؟

بایرۆن: بەڵێ گوتت. (کیتس بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات نامەکە هەڵدەگرێتەوە) هەڵی مەگرەوە! هەڵی مەگرەوە! بیخەرەوە ژێر دەرگاکە. لە دەرگەکە دوور بکەوە.(بە وچانێکی درێژ کیتس ڕادەوەستێت و نامەکەی بەدەستەوەیە. دوا جار لەژێر دەرگەکەوە دەیخاتە ئەودیوەوە. بەهێواشی بەرەو لای بایرۆن دەڕوات کە شەرمەزاری دەکرد) کوڕە ئازیزەکە، تۆ بردتەوە،

شەرەکەت بردەوە... پێم وابێت دەبێت بەردەوام بین... بەڵام شیعری تر ناخوێنینەوە. دوای ئەمە لەوانەیە وەک شتێکی بێکەڵک چاوی لێ بکەن. وەرە با بگەڕێینەوە و کۆنفرانسەکە تەواو بکەین. هێشتا کۆکردنەوەی ئابوونە ماوە و ئەنجام نەدراوە. (هەردووکیان دەچنەوە لای مێزەکە. بایرۆن قاپەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و فووی لێ دەکات و تۆزەکەی سەری پاک دەکاتەوە و بەرەو لای کیتس پاڵی پێوە دەنێت. کیتس بە ڕوانینێکی نیگەرانییانەوە لێی دەڕوانێت. لەناو گیرفانییەوە هەستی پێ دەکات. پاڵ بە قاپەکەوە دەنێت بۆ بایرۆن. بایرۆن ئاوڕ دەداتەوە و دەیبینێت. تۆزێک شەرمەزار دیارە)... ئێستا بۆ دوا تێبینی ... جارێکی تر خۆمان نوێ کردەوە. ئێمە بڕوامان وایە وەک هونەر بین.

کیتس: ئەوە زۆر جوانە.

بایرۆن: سوپاس. ئەوە ئێمە کۆتاییمان پێ هێنا . وەرە باوەشم پێدا بکە. ئەوە ئەزموونێکی جوان بوو.

بایرۆن: بەڵێ.

بایرۆن: تا ساڵێکی تر؟

کیتس: ساڵێکی تر. (بایرۆن پێ دەکەنێت و بەرەو گۆشەیەکی ژوورەکە دوور لە دەرگەکەوە دەڕوات. پاڵ دەکەوێت و دەخەوێت. کیتس تەماشای دەکات و پاشان لە دەرگەکە دەڕوانێت. دەچێتە لای بایرۆن و دەبینێ نووستووە. تەماشای دەرگەکە و ئینجا بایرۆن دەکات. بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات. دەست دەداتە دەسکی دەرگەکە و دەرگەکە دەکرێتەوە. ئاوڕ لە بایرۆن دەداتەوە. لە دەرگەکەوە دەچێتە دەرەوە. لەگەڵ کزبوونی ڕووناکی بایرۆن دەست بە پرخەپرخ دەکات)

کۆتایی

سەرچاوەکان:


1- Play It Again

By Norman A.Bert & Deb Bert

Pages 141 _148 U.S.A.1993

2- http://normanbert.files.wordpress.com/2011/02/curriculumvita1.pdf

3- https://www.meriwetherpublishing.com/AuthorsDetails.aspx?CatID=18

خوێندنەوە

یوسف لەتیف

# نزیکایەتیی قامچی لە ڕۆمانێکی واقیعی

ئەگەر گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی گرینگی پێکهاتەی ڕۆمان لە کاردا بێ و ڕووداوگەلەکان وەک ئەوەی ڕوویان داوە یا نزیک بێ لە ڕوودان لەو ژینگەیەدا بگێڕدرێتەوە، لەو حاڵەتەیدا مەودای




دووری ڕووداوەکان دوور و نزیکی لێیەوە کار دەکا و لە هەمان کاتیشدا باسکردنی قۆناخەکانی ژیان بە دوای یەکەوە منداڵی، مێرمنداڵی، ڕواڵی... لێرەدا شتێک نامێنێتەوە ئەو ژینگەیەی پێ بخوێنرێتەوە جگە لە قورسی و گرانیی ئەو ڕووداوانەوە و کارتێکردنی لە مەودای خوێنەر، هونەری ڕۆمان هیچ گوێ بەوە نادا زەمەن زۆر یا کەم بێ دوور یا نزیک، لێ ئەو حاڵەتێکی لا مەبەستە کە نووسەر دنیایەکی تێدا دەخولقێنێ. کە تێیدا کەسەکان هەڵگری بیر و بۆچوونێکن یا ڕەفتارکارێکن بۆ گرێدانی ئەو باگراوندەی نووسەر کە مەبەستیەتی. جار هەیە کەسە جووڵاوەکانی ناو ڕۆمان زۆر بزێوتر دەبن و سەرکێشتر لەوەی نووسەر پێشتر پلانی بۆ دانابوو دەجووڵێن و کەتنی زیاتر دەنێنەوە، ئاراستەی ڕووداوەکان فراوانتر دەکەن. لێرەدا نووسەر هیچ توانا و دەسەڵاتێکی نامێنێ و جڵەو شل دەکا و

وەک کۆلارەیەک لە هەوادا لە دەس دەردەچێ و نووسەر هێندەی بۆ هەیە بەکرەکەی زیاتر بۆ شل بکا و درێژی بکاتەوە هیچ لە دەستیدا نامێنێ. ڕەنگە نووسەر نەیویستبێ یەکێ لە پاڵەوانەکانی شێت بن یا بەر تایەی ئۆتۆمۆبێل بکەون دەسبەجێ ڕوحی دەردەچێ. زۆرجار شتێک نامێنێ بۆ وەستان، گەڕانەوە، ڕۆیشتن لەو کاتانەدا هێزێکی تر دێ جووڵە بەشتەکان دەکا و لەگەڵیدا ڕاڕەو و مەوداکانیش لەگەڵ خۆیاندا بە ئاراستەی جیاتر ئاوەژوو دەکەنەوە.

ڕۆمانی قامچی لە نووسینی کاروان عەبدوڵلا کۆمەڵێ شتی ئەرێنی و نەرێنیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

سەرەتا لەو واقیعییەتەدا دەدوێن جارەی بەشێوەیەک و بەرکەوتەی لە هەر ڕوویەکەوە. دەبێ بە خۆشمان خۆمان نەبان نەکەین لەوەی کە واقیعییەت لە ڕۆماندا نەخۆشییە، نەخۆشییەکی ئەدەبیی گەورەیە. گەورەترین نیشانەی ئەم نەخۆشییە لەو ساتەدا زیاتر بەدەردەکەوێت. کە خوێنەر داوا لە نووسەر دەکات واقیعی بێت. واقیع پێش ئێمە دروست بووە، بەردەوام یا چاوەڕوانی لەدایکبوونی ئەوەین کە نازانین چییە، یا سەروکارمان لەگەڵ دنیایەکدایە پێش ئێمە دروست بووە و نازانین چۆن و بۆ وا دروست بووە. بە مانایەکی تر واقیعینەبوون مانای ئەوە نییە نووسەر ناسینێکی ڕاستەقینە لەبارەی دنیاوە نەدات بەدەستەوە(١). هەڵبەتە لە واقیعیبووندا نووسەر ناچارە زۆر شتی هونەری لەدەست بدا سونەتییانە کاراکتەرەکان دەجووڵێنێ وەک کە هەیە. ئیدی لەوێدا ڕەگەزێکی گرینگ دێتە فەرامۆشکردن ئەویش خەیاڵە خەیاڵە سیحری جوانی و ئەفراندن. خەیاڵە فەنتازیا دروست دەکا و بایەکە کە لە لاشعورەوە هەڵدەستێ و حەز و ئارەزووەکان ڕەپێش خۆی دەخا و دەیباتە مەودایەکی دوورەوە. ئێمە لە قامچیدا خەیاڵ نابینین ڕووداوگەلێک لە ژیانی دەرەبەگایەتیدا وەک درامای ژاڵەی ناسر حەسەن، ڕەیحانە و مەرەزە و لالۆ کەریم... لەو ژینگەیەدا کە بەرهەمی ئەو قۆناخە بوون هەڵگری ئەو چمک و ڕەهەندانە بوون کە زەمەنێک یا قۆناخێک لە ژیانی کوردەواریدا پێیدا تێ پەڕی. دەکرێ بوترێ زۆر نامۆیی و لۆکاڵیبوون... ڕێگر نییە لە بەردەم داهێنانی گەورەدا مارکیز لە ڕۆخی کاریبییەوە ئەو کارە گەورانەی ئەنجام داوە. بەڵام دەبێ تژی بین لە بوعد و فەنتازیا و هونەریبوون تا سەر ئێسک.

ڕاستە نە هەموو کۆنێک خراوە و نە هەموو تازەیەک داهێنانە بۆیە ڕێژەییە و کەواتە هیچ درەنگ نییە جارێکی تر نووسەرێکی تر لە هەمان ژینگەدا ئیش بکاتەوە؛ لێ دوای سەد ساڵی تریش دەکرێ ئەو کارە بکرێتەوە، دەتوانێ ئەو ژینگەیە و ڕووداوەکان بێتە هەڵگەڕاندنەوە. بەڵام نا وەک دیکۆمێنتاری ئەو واقیعییەی کە سونەتییانە ڕوویان داوە و بە بەرچاوانەوە گوزەرا، خۆ تایتانیک ساڵی ١٩١٢ ئەو کەشتییەی بەر بەستەڵەکەکانی ناو ڕووبارەکە کەوت و کون بوو، ئەوەندە مرۆڤی تێدا غەرق بوو، لە کۆتاییی ئەو سەدەیەدا وەک فلیم کاری لەسەر کرا. بەڵام کە ڕستە خاوەکە زائید ئەو فەنتازیا هونەرییەی زائید ئەو تەقەنی و هونەر و مۆسیقا تازەیە... جارێکی تر و بە فۆرمێکی تر سوودی لێ وەرگیرایەوە، هەرگیز ئەو ملوانکە شینە ئەو ملوانکەیەی پێشترێ

نەبووە.. بۆیە سێ عاشقەکەی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان ئەو عاشقانە لە سلێمانیدا بوونیان نییە و بچی ناتوانی لە سلێمانی لە چاخانەیەکدا چایەکیان لەگەڵ بخۆیتەوە و تا باسی ئەو ڕێگە زەحمەتە و ئاستەنگەت بۆ بگێڕنەوە کە بۆ باڵندە دنیایەکیان تەی کرد.. هیچ کچێکی سلێمانییش بەقەفەسی تەیری جوان و ڕەنگاوڕەنگ ناگۆڕێتەوە بە جازی و مارەیی و هەقەکانی شووکردنی خۆی و هیچ خێزانێک لە بەردەم کچەکەیدا ناوەستێ و بە خەیاڵپلاویی کچەکەی بڵێ بەڵێ. ئەمە بەختیارە لەو هونەرە جوانەیەوە لەو گرێچنە هونەرییەوە کە هەڵگری کۆمەڵێ ڕەهەندی جیایە کۆمەڵێ مەودای فیکری جیاوازە.. لەگەڵ خەیاڵەکانی خۆیدا دەتبا بۆ ئەفریقیا تا کۆترێکی زیاتر، تەیرێکی دەنووک درێژتر پەیدا بکەی. ئەوە حبکە و ململانێی ئەوە، بەیانییەک قەفەسێکی تەیر دەداتە دەست یەکێ لە عاشقەکان و دووانەکەی تر لە سەرابدا ون دەکا ململانێکان وا دەڕۆن و جۆرێکی تر دەگەڕێنەوە ئەوە کێشمەکێشی نووسینە بەڵام لە قامچیدا ئوسوولێکی تر هەیە بە زمانێکی سادە و ساکار ژینگەیەکت دەداتێ کە هەمووان خۆمانی تێدا دەبینینەوە و لەگەڵیدا منداڵ دەبینەوە و بۆ دەسەڵاتی مامۆستا، لێدان، خراویی ژینگەی خوێندن کە تاکە سەرچاوەی گۆڕانکارییە لەم ژینگەیەدا هەمووی خراپە، سەرمەد لەم ژینگەیەدا دەرچووە و کە دەبێتە مامۆستا دەیەوێ بیگۆڕێ بەڵام ئاستەنگەکان زۆر زاڵترن لە دەسەڵاتی وی و بۆلای خۆیانی کێش دەکەنەوە هەوڵەکانی سەرمەد قەترەی دەریایە؛ سەرمەدیش لەو ململانێیە هەر زوو دەبەزێ و تێکەڵی ڕووبارە لێڵەکە دەبێتەوە. کاروان پێمان دەڵێ ئەم ژینگەیە بەشێکی گرینگ و سەرچاوەی ڕووناکی ئەم وڵاتەیە دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە دەنا بێهوودەیی و بێهوودەیی و بێهوودەییە.

ئەوەی من بینیم لەم ڕۆمانەدا کاروان ڕووداوە باوەکانی لا مەبەست نەبووە دەیتوانی سەرمەد یا براکەی عەزۆگوڕ بکوژێ و وەک پێشتر ڕێگەی هەڵهاتن و خۆڕزگاربوونیشی بۆ داناون کە ببێ بە پێشمەرگە جارێکی تر سەرمەد بە قۆڵبەستراوی دوای لێدانی عەزە دەبەنە بەردەم ئاغا، باوەکان وایە کە ئاغا دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و تریقە لە ناوچەوانی هەڵدەستێنێ، کەچی ئەمەش ناکا کەواتە کاروان نەهاتووە واقیع بنووسێتەوە هاتووە شتێک تەرح دەکا بەبێ ئەوەی خوێنی تێدا بڕژێ لە تۆڵەیدا ئاغا دەڵێ: "خەتای نەفامیی کوڕەکەیەتی و سەرمەد ئازاد دەکا دواتر ئەویش وەک سەبۆ تێکەڵی بێهوودەیی و شێتبوون دەبێ".

کۆمەڵێ کاراکتەر شێتن سەبۆ و هەموو شێتەکان خۆپێشاندان دەکەن کە دیمەنێکی هونەری و نالۆجیکی و واقیعییانەیە، چونکە لە واقیعدا شێتەکان وەک ئاردی نێو دڕک تۆو بوون بەدەم با و قەدەری ژیانەوە، لە کوێ کۆ دەبنەوە و خۆپێشاندان لە خواستێک دەکەن کە هەموویان هاوڕان لەسەری.. بەڵام ئەم دیمەنە لاشعووریی نووسەر خۆیەتی کە دەڵێ دەبێ ئەم قوتابخانەیە بڕووخێ. ئەم سیستەمی خوێندنە هەڵوەشێتەوە دەنا جیلێکی پڕ لە کەم و کوڕی و جیلێک لە پێشووی خۆی کۆپی دەکاتەوە و چاوەڕێیە. جگە لەوە کاروان وەک تەرم سەرکەوتووە، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ خۆی نووسیوەتەوە کە تۆڵە ناکاتەوە لە کاتێکدا بە هەردوو جەمسەردا دەیتوانی ئەمە بکا، بەڵام

کاروان بە خۆی عەقلانییە و بیری لەلای ئیسلاحە نەک تۆڵە. بەڵام هەندێ وردەکاری هەیە دەیتوانی بیکا بە هەزاران هۆ یەک وەسفی ڕەیحانەم نەبینی. ئافرەتێکی عاشق لە وێدا وەک سیاسەییەکی پڕ ئەزموون هەڵسوکەوت دەکا و ڕێگە بۆ سەرمەد دەکێشێ لە ڕۆمانەکەدا نەمبینی ئاخۆ ئەم ئافرەتە جوانە!... ناشیرینیە! یەک لە خاسیەتی ناسینەوەم تێدا نەبینی وەسفی شوێن کە ڕەواندزە بە هاوکێشە دەیڵێ جارێک من پێشتر وام زانی دێیە، چونکە لەو ژینگەیە قوتابخانەی ترم ناداتێ، چونکە ڕەواندز قەزایە!... ناحیەیە... دەبێ ناوەندیشی بەلای کەمەوە تێدا بێ و چەندین قوتابخانەی تری تێدا بێ چونکە سەرمەد دوایی دەچێتە خانەی مامۆستایان. هیچ بەراوردێک بەدێرێکیش نابینم تەنانەت شەڕی ساردی نێوان تیپە تۆپێنەکان هەر لە پۆلە جیاوازەکانی قوتابخانەکەیانەوە دواتر لە خانەی مامۆستایان چوار ساڵە پێنجە، سێیە یەک شتی ئەو ژینگەیەمان پێ نادا خۆشەویستی هەیە بەڵام هێندەی فیکرەی تەبەقی چەپی تێدا زاڵە خۆشەویستی نییە چونکە دوای هێنانی سەرمەد ئەو ڕۆژەی لە قوتابیانی لە قوتابخانە نەدا دێ لە ڕەیحانەی ژنی دەدا.. کەواتە لێرە شتەکان بوونە قوربانیی فیکرە کە ئەویش ئەوەیە بێ تۆڵە با ئەم ژینگەیە بگۆڕین.

دواتر دەمەوێ بڵێم توندوتیژی ڕەگی قووڵی هەیە لە وڵاتی ئێمەدا.. بنیاتی کەسێتیی ئێمە لە کەسێتیی تاکی عێراقییەوەیە وڵاتی خوێناوی تژی لە کوشتار و قەتڵوعام و شەڕ و سەربڕین و کارەسات. تۆ لەم وەرت و پەرێزە هەر ئەوە دەدووریتەوە قابیلە تۆ خورما بڕوێنی و گوڵاڵەسوورە دەسک بکەی ئێ وا هاتووە و لە لاشعووردا ئەوە لای هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە ئامادەییی هەیە کەواتە ئەم پشکۆیە هەر کات کزەبایەک ڕووی تێ کرد دەگەشێتەوە.. لە کۆتاییدا ئەگەر یەکێ دوور لە کورد ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە بە شێوەیەک بە شتێکی ناماقووڵی وەک چۆن لە سەعات ٢٥ی کۆنستانتین کۆریکۆ ئەوروپا دەکرێتە دۆزەخ بۆ جوولەکەکان باوەڕ ناهێنێ چۆن ئەمانە ئا ئاوها دەچەوسێنەوە، ئاوهاش ئەوروپاییەک قامچیی کاروان بخوێنێتەوە باوەڕ ناهێنێ چۆن ئەو ڕەفتارە دڕندانەیە بەرامبەر بە ناسکترین نەوە دەکرێ کە تێیدا ئەوان خامن و بۆ فێربوون هاتوون نەک بۆ ڕاهێنان، لەسەر توندوتیژی.. وڵاتی ئێمە زیاتر لە سەد هەزار مامۆستای هەیە کە ئەوان نەخۆش بن قوتابی چ چاوەڕوانی ساغیی لێ دەکرێ. پێم خۆشە ئەم ڕۆمانە کە دەورێکی کاریگەری دەبێ بکرێتە دراما و بەشێوەیەکی هونەریی جوان پێشکێش بکرێ تا لێوەی مامۆستاکان وەک ئاوێنەیەک خۆیان ببینن و هەندێ دڵنەرم بن بەرامبەر بە قوتابی با وەک کاک نەجات وتەنی "چاپی زۆری لێ بکرێت" و لانی کەم بدرێتە هەموو مامۆستایەک تا بزانێ کرداری هەڵەی ئەوان چ ڕەنگدانەوەیەکی خراوی لەسەر پرۆسەی و دواخستنی خوێندن هەیە.

پەراوێز و سەرچاوە:

١- لە بیمارستانی واقیعییەتدا، بەختیار عەلی ڕۆژنامەی باس ژ ٨٠.
٢- ڕۆمانی قامچی، کاروان عەبدوڵڵا.

کۆنە دەفتەر

سەربەست بامەڕنی

# دیمانەیەک لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم



جەلالی میرزا کەریم، سەدای دەنگی مرۆڤی کوردی یاخیبوو. مرۆڤی کوردی هاوچەرخ، کە دەیەوێ شەوەزەنگی دیلێتی ڕامالێ و دوا ئەڵقەی بەندێتی بشکێنێ. جەلالی میرزا کەریم، نەڕەی دلێرانەی شەڕوانانی ڕەزمی نوێخواز و گۆڕان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هاوکاری باسی یاخیبوون و ئەدەب و شەڕی درێژخایەن و دروستبوونی ئینسانی نوێ دەکات و پەردە لە ڕووی واقیع هەڵدەماڵێ. زۆر کەمن ئەوانەی جەلالی میرزا کەریم نەناسن وەکو شاعیرێکی هەڵکەوتوو و کە خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژە، بەڵام کەم کەس لە جەوهەری موعاناتی گەیشتوون. ئەم گفتوگۆیەی دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز، هەنگاوێکە بۆ لێکۆڵینەوە لەو موعانات و تاقیکردنەوەیەی کە سەرچاوەی تاقگەی وشەی شەڕوانەکان، وشە نوێخوازەکان، وشە

ڕاست و نەترسەکانی جەلالی میرزا کەریمن کە بووەتە وێردی سەرزوبانی هەموو شەڕوانێکی نوێخواز.

* کاک جەلال، لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– لە سەرەتای کۆتاییەوە.

* کۆتاییی چی؟

– کۆتاییی سەردەمێکی پڕ لە ژانی هەست پێنەکراو لەلای خۆم.

* کە ژان هەست پێنەکراو بێ چۆن دەزانی ژانە؟

– کە وتم سەرەتا نیازم لە هەست پێکردنێکی تازەی ئەو ژانە کۆنەیە کە لای من کۆتاییی هاتووە.

* بەرەو چی؟

– جاران هەر هەستم بە ژان دەکرد و بەس، بەڵام ئێستا لەگەڵ هەست پێکردنمدا بە ڕوویدا دەتەقێمەوە و ڕادەچەنم وەک هەر مرۆڤێک، کە ئەم ڕاچەنینەی لا مەبەست بێ لەگەڵ کاروانی هەموو ڕاپەڕیوێکی ڕاستگۆ و نەترسدا بەرەو شەڕێکی سووتێنەری ئەوتۆ مل دەنێم، کە مانای ڕاستیی مرۆڤایەتیی تێدا بچەسپێ.

* باسی بە ڕوودا تەقینەوەت کرد، ئاخۆ هەموو تەقینەوەیەک بەڕاست دەزانی. ئەو تەقینەوەی کە تۆ مەبەستتە چییە؟

– بێگومان هەموو تەقینەوەیەک نا. هەموو تەقینەوەیەک دەنگە. دەنگیش هەر تەنیا دەنگ هەموو شتێک نییە دەنگی تەقینەوەی ڕاستەقینانە لای من تەنیا ئەو دەنگانەیە کە دەربڕینێکی ڕاستەقینەن بۆ گرانی هێشتا ڕێکنەخراوی نەنووسراوی ئەو چینە زەحمەتکێشەیە کە ئاوازی هەرگیز نەمردووی مرۆڤایەتی لەسەر زاریاندا مژدەی بەختیاری ڕادەگەیەنێ.

* کەواتە ئەو تەقینەوەیەی تۆ مەبەستتە، لە ناخی کۆمەڵی ڕەنجدەرەوە هەڵدەهێنجرێ، تەقینەوەیەکی ئاراستەکراوە. ئەمە لەگەڵ تەقینەوەی (ڕوانگە) کە هەر تەقینەوەیە و بەس ناگونجێ، ئەمە بەچی لێک دەدەیتەوە؟

– ئەوەی دەیڵێیت لای من وەڵامەکەی دوو بەشە، کە هەردووکی پێوەندیی ڕاستەوخۆی پێمەوە هەیە و ناتوانم لێی ڕابکەم.

یەکەم: ئەو تەقینەوەیەی خەڵکی و من مەبەستم بێ، بێ چەند و چۆن ئاراستە کراوە و لە مەودای کاری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا و لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانیدا دەبێ هەر لە ناخی کۆمەڵانی ڕەنجدەرەوە سەر هەڵبدات و بتەقێتەوە و دوا ئەنجامیش دەبێ هەر بۆ سوودی ئەوان بێ.

دووەم: (ڕوانگە) لە مەودای ئەدەبی ئێستای کوردیدا لای من تەقینەوە نییە و بەس، بگرە بەپێی

ئەو بیروباوەڕەی کە ناتوانم لێی دەسبەردار بم دەبێ (ڕوانگە)ش شان بەشانی تەقینەوەکەی لەگەڵ کاروانی ڕاپەڕیوی ڕەنجدەراندا بڕوات و بەشێکی هەرە گەورە بگرێت لە ڕابەریکردنی ئەو کاروانەدا.

* کەواتە بەلای تۆوە دەبێ ئەدەب لە خزمەتی بزووتنەوەی ڕەنجدەراندا بێ. وایە؟

– حەز دەکەی جارێکی تر دووبارەی بکەمەوە؟

* چاکە، تۆ باسی ڕابەریت کرد. مەبەستت ئەدەب دەوری ڕابەری دەبینێ؟

– تەنیا ئەدەب نەء، بگرە وەک وتم دەبێ ئەدەب بەشێکی گرینگ لەو ڕابەریکردنەدا بگرێت.

* بەلای تۆ. جەنگە سووتێنەرەکە، یان ئەدەب کامیان بنچینەن و کامیان ئینسانی نوێ دروست دەکەن؟

– بنچینەی هەرە گرینگ پێویستییەکانی گۆڕانی کۆمەڵە، هەر لەو پێویستییەوە سوپای کارگێڕیی ئەوتۆ دەخوڵقێت کە بۆی هەیە بەپێی باری سیاسیی ئەو کۆمەڵە ببزوێ و ئاگری شەڕێکی پیرۆزی ئەوتۆ خۆش بکات کە سیما و ڕەنگ و دەنگە قەبە و ناشیرینەکانی کۆمەڵی پێشوو ڕیشەکێش بکات. ئەدەبیش دەبێ شەڕوانێکی لەخۆبردوو بێ و شەرەفی بەشداربوونی ئەو گۆڕانەی بەلاوە ئەوپەڕی شانازی بێ. بەمەرجێ نەک وەک تەنیا سەربازێکی ئەو شەڕە، بگرە وەکو ڕابەرێک و ئەدەبێکیش بەم پێیە هەردوولا قاڵکەر و دروستکەری ئینسانێکی نوێن، کە ئەمەش کارێکی گرینگی درێژخایەنە.

* لەم دواییانەدا ئافرەت وەک وێنەیەک لە بەرهەمەکانی تۆدا نەبووە. بۆ؟

– نازانم.

* ئاخۆ وەزعی ئافرەت، وەک گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی هەستی پێ ناکەی، یان بایەخی نادەیێ؟.

– مەسەلەی بایەخ پێدان، کۆتاییی پێ هاتووە، چونکە گیروگرفتی ئافرەت بەشێکە لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ. هەست پێنەکردنیش بەلای منەوە تەنیا لەوێوە هاتووە کە من لەو شیعرانەدا بەگشتی بۆ ئەوە چووم ڕووبەڕووی واقیعەکە ببمەوە.

* یان تاقیکردنەوەیەکی تاڵت هەبووە لەگەڵ ئافرەتدا. هەوڵ دەدەی لە بیری خۆتی بەریتەوە؟

– وەنەبێ شیعری لەو بابەتانەم نەبێ.

* لە کاتێکدا بووە کە تاقیکردنەوەکە ئەنجامی نەدابوو بەدەستەوە؟

– هێشتا هەر لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوەیەدام ئەگەرچی تاڵیشە.

* دوا موعاناتت چی بووە؟

– ئێستامە.

* لەگەڵ چیدا؟

– لەگەڵ ئەو خوا هەزارویەک ناوەی "درۆ، هەلپەرستی، دووفاق، نیزمی، خۆپەرستی، دووڕوویی". لە باوەشیدا گۆش کراون.

* وەک ئەوەی لە دوا شیعرەکاندا باست کردووە؟

– بەڵێ.

* بەو پێیە، کە ئەدیبی ڕات بەرامبەر یەکەتیی نووسەرانی کورد چییە؟

– دروستبوونی یەکەتیی نووسەرانی کورد، نوخشە و نۆبەرەیەکی دڵخۆشکەرانە بوو، بەڵام ئیفلیج بەوەی دەبووایە لە تەمەنی یەک ساڵانەیدا بیتوانیبایە پێ بگرێ و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیەتی بەجێی بێنێ. وامان لە یەکەتی دەویست کە دەوری هەرە گەورەی بووژاندنەوە و پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی ئەم سەردەمەی نەتەوەکەمانی بخستایەتە ئەستۆ.

* وەک شاعیرێک ڕوو تێکردنە مەیدانی شیعر نووسین بەچی لێک دەدەیتەوە؟

– ئەو ڕوو تێکردنە سەرەنجامی تاقیکردنەوە و تەمەنێکی درێژی بزووتنەوەی ئەدەب یان شیعر نووسین نادا بەدەستەوە. وەک هەر گڕ و کف و هەڵچوونێک کە زوو دەنیشێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی باشی ئەو ڕوو تێکردنەی ئێستای لاوانمان بۆ شیعر وتن سیما و شێوازێکی جیاوازتری پێوە دیارە کە دوور نییە بمێنێتەوە و جێی خۆی بگرێ. ئەگەر خۆی دوورەپەرێز نەگرێت لە خۆ پەروەردەکردن و تواندنەوە لەگەڵ پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵەکەماندا.

* بەلای تۆوە شیعر ئیلهامە یان پراکتیک و دەوڵەمەندییە لە زماندا؟

– ئیلهامە، بەڵام بەهرەی داڕشتن و بەکارهێنانی چاکی کەرەستەی ئەوێ.

* مەسەلەی کە ئیلهامە، ئەوە وەها ناگەیەنێ باوەڕت بە میسالییەت هەیە؟

– ئیلهام بەلای مرۆڤی ئەم سەردەمەوە دوورە لەو میسالیاتەوە کە تەنیا خەیاڵێک یان هۆیەکی هاندەری میتافیزیکییانە ئەو شیعرەی پێ هەڵڕێژێت، بگرە گێژاوی ئەو موعاناتەی ئەو شاعیرە تێیدا دەژی و زیاتر لە خەڵکی تر دەبێتە هەورێک لە سینگیدا تەنیا ئیلهامە کە بارانی وشەی پێ هەڵڕێژێت.

* زۆر شتی ترمان ماوە لەبارەیەوە بدوێین، هیواداریین لە دەرفەتێکی تردا، ئەوە بکەین و خوێنەرە بەڕێزەکان لەو لێکۆڵینەوە و لێدوانە بەشدار بن.